# جەوهەری ئایین

## خواوەند، قەزا و قەدەر، فۆرمی ئایین، پرسی نوێکردنەوە لە بیری ئیسلامییدا

ئیبراهیم میکە عەلی

٢٠٢١

# ناساندنی کتێب


✍ ناوی کتێب جەوهەری ئایین
✍ نووسەر ئیبراهیم میکە عەلی
✍ بابەت هزری ئایینیی
✍ قەبارە ۲۱،۸ x۱٤
✍ تیراژ ۵۰۰ دانە
✍ دیزایینی بەرگ ڕەوشت محەممەد
✍ ساڵی چاپ ۲۰۲۱
✍ نۆبەی چاپ یەکەم
✍ چاپخانە حەمدی
✍ ژ.سپاردن لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (۱۰۱۸) ی ساڵی ۲۰۲۱ ی پێدراوە.

## سەرنجێک

خوێنەری خۆشەویست، ئەم کتێبەی لەبەردەستی بەرێزتدایە لە چەند برگەی سەرەکیی پێک دێت، کە لەبنەڕەتدا چوار نامیلکە و چەند بابەتیی سەربەخۆن، لەبەر ئەوەی بەهەموویانەوە بەشێکن لەو بابەتە کرۆکیی و جەوهەریانەی کە بنەڕەتن لە ئایین و ئاییندارییدا، بۆیە بە باشمان زانی بیانکەینە یەک پاکێج و پێکەوە بخرێنە بەر دیدی خوێنەر. نامیلکەکان، یەکەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم واتە: (خواوەند لەنێوان داکۆکییکاران و نکوڵیکارانیدا / ئایین و فۆرمی ئایین کامیان جێگیر و کامیان گۆڕاوە؟، پرسی نوێکردنەوە لە بیری ئیسلامییدا، لەبارەی کەلەپوور و کەلەپووریی ئیسلامیی و نوێکردنەوەی هزری دینییەوە)، نووسین و بەرهەمی نووسەر خۆین، دووەمیشیان (قەزا و قەدەر چەند چەمکێکی ئاوەژووکراو) یەکێکە لەنووسینەکانی کۆچکردووی ڕەحمەتیی د.محەممەد شەحروور و وەرمان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی سۆرانیی و هەمویانمان لەدووتوێی یەک بەرگدا کۆکردوونەتەوە، لەڕیزبەندیی کردنیشیاندا پێگەی هەریەکێکیان لەپێک هێنانی کۆبەند و مەنزوومەی ئاییندا، ڕەچاوکراوە .

# پێڕست

✍ خواوەند لەنێوان داکۆکیکاران و نکوڵیکارانیدا................................ (٥)

✍ قەزا و قەدەر چەند چەمکێکی ئاوەژووکراو.................................. (٣٥)

✍ ئایین و فۆرمی ئایین، کامیان جێگیر و کامیان گۆڕوە؟.................. (٥١)

✍ پرسی نوێکردنەوە لە هزری ئیسلامییدا..................................... (٨٩)

✍ لەبارەی کەلەپووری ئیسلامیی و نوێکردنەوەی هزری ئایینییەوە.... ( ١٠٣)

# خواوەند
## لە نێوان داکۆکیکاران و نکوڵیکارانیدا

## دەسپێك

خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە سەرنجی لەسەر ڕابگرین، ئەویش ئەوەیە: ئەم نووسینە و خاوەنی خامەکەی دەیانەوێت، بێلایەن و بابەتیانە و بەدوور لە گیانی دەمارگیریی، تا کۆتایی گفتوگۆکە، قسە لەسەر بابەتەکە بکەن و بەیەکسانیی لە هەردوو لایەنەکە بڕوانن.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم نووسینە هەوڵێکی موتەوازعانەیە و دەیەوێت هەردوو لایەنی گفتوگۆکە بدوێنێت، بەهیوای گەیاندنی هەوادارانی هەردوولا بەئاکامێکی بەرهەمدار لەنووسینەکەدا.

ڕێچکەی کاری نووسینەکە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە، نووسەر دەیەوێت ڕێز لە ژیریی خوێنەر بگرێت، نەك بیلاوێنێتەوە و سۆزی ڕابگرێت.

واتە: نایەوێت چەند دێڕێکی سۆز هەژێن، یان قین بزوێن، بنووسێت و چڵۆسکێك بهاوێتە ناو ئاگردانی ڕکابەرایەتیەکەوە و خۆی لە دورەوە سەیر بکات.

چوونکە هەر مرۆڤێك ئەگەر ڕاستگۆیانە ژیریی و ناخی بخاتە ڕوو، باوەڕ بەوە دەهێنێت کە ئەم گەردوونە لەسەر سیستەمێکی زۆر ورد و ئاڵۆز کاردەکات و بەڕێوە دەبرێت.

لەو ڕوانگەیەوە باوەڕیشی بەوە نامێنێت کە گوایا، گەردوون و بوونەوەر خۆبەخۆ هاتبێتە بوون و خۆگەردانیش کاربکات و خۆی خۆی بەڕێوە ببات!

پرس و بابەتی سەلماندن و نکوڵیلێکردن یاخود چییەتیی (ئەو - خوا)، ڕیشەدار ترین پرسە لە زەین و مێژووی مرۆڤایەتیدا.

واتە: نە نکوڵیکاران بەڵگەی مادیی و بەرجەستەیان لەسەر حەشالێکردنی هەیە و نە داکۆکیکارانیش لەسەر سەلماندنی، چوونکە (ئەو) بەپێی ئەو دیدگا و مەنهەجەی کە نووسەر کاری لەسەر دەکات، لە دەرەوەی (بوون) دایە.

لەوانەیە ئەم بڕگەی کۆتایی کە دەڵێین: (نە نکوڵیکاران بەڵگەی مادیی و بەرجەستەیان لەسەر حەشالێکردنی هەیە و نە داکۆکیکارانیش لەسەر سەلماندنی)، لەسەردەروونی هەندێک لە ئایین پەروەران قورس بێت، بەڵام مادام بڕیارە هەردوولا شان بدەنە بەر شەن و کەوکردنی ئەم بابەتە، بەهەمان شێوە پێویستە هەردوولاش تاکۆتایی، بەرگەی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکە بگرن.

چوونکە ئەگەر سەرنج بدەین، ئەوەهیچ کە نکوڵیکاران بەدرێژایی مێژوو نەیانتوانیوە و ناش توانن تەنانەت یەك بەڵگەش لەسەر نکوڵیی لێکردنی بخەنەڕوو، لەبەرانبەرەوە باوەڕداران و داکۆکیکارانیش، ناتوانن هیچ بەڵگەیەکی ماددیی و بەرجەستە لەسەر سەلماندنی، یاخود لەبارەی چییەتیی ئەوەوە بخەنەڕوو.

هەرچەندە ژیریی مرۆڤ ڕادەستی ئەوە بووە کە: (ئەو)، حەشاهەڵنەگرە، بەڵام تەنانەت یەك بەڵگەی ماددیش دەست ناکەوێت ئاماژە بێت لەسەری، چوونکە وەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە (ئەو) لە دەرەوەی بوندایە و ناکەوێتە ژێر یاسای شەش ڕەهەندەکە و ئەو یاسایە ناتوانێت بیگرێتەوە، هەرچیش ئەو یاسایە نەیگرێتەوە، ناتوانرێت هیچ چەشنە وەسف وێنا و پێناسەیەك بکرێت و هیچکام لەوانە وەرناگرێت.

بۆیە بەپێویستی دەزانم لەبەردەم خوێنەری خۆشەویستدا دان بەو ڕاستییەدا بنێم کە لەتەمەنی نووسینمدا ئەمە یەکەم بابەتە لە نووسینیدا تووشی زۆرترین دڵەڕاوکە و ڕاڕایی بووبم، بە ئەندازێک کە چەندین جار نووسیم و بەشیاوم نەزانی و لەناوم برد و دیسان دەستم پێکردەوە، تا دواجار ئەمەی ئێستا لەبەردەستی تۆی خوێنەری بەڕێزدایە بەرهەم هات و چوارەم هەوڵە لەنووسینەکەدا.

لەبابەتەکەدا قسە لەسەر ئەو ڕاستیە دەکەین کە: مرۆڤ دەسەوسانە لەپێناسەی (بوون، وجود، هەستی، existence) دا، لەم ڕوانگەیەوە

گەر مرۆڤ نەتوانێت پێناسە و وێنایەکی گشتگیر بۆ (بوون) بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ناتوانێت، پێناسەی دەرەوەی بوون بکات.

چوونکە داکۆکیکارانی باوەڕدار خۆیان پێیان وایە: (ئەو) لە دەرەوەی (بوون) دایە و (بوون)، (ئەو) بەدیی هێناوە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پێناسـه کردن و ناسـاندنی (ئەو) ئەستەمە و هەرچیش پێناسەکرا، ئەوە ئەو نییە و غەیری ئەوە.

گەر بەزمانێکی سادەتر بڵێین: سەلماندنی (ئەو)، وەك بەڵگە و گەواهی مادیی و بەرجەسـتە، ئەسـتەمە، بەڵام لە ڕێگەی ژیرییەوە دەکرێت هەسـت بە جیلوە و گەشـانەوەی (ئەو) و کارەکانی بکەین و ڕادەسـتی خۆیشی ببین، وەك بەڵگە نەویستێك [1] .

گرفتی نێوان هەردوو بەرەکە لێرەوە سـەرهەڵدەدات کە، بەرەی نکوڵیکاران دەڵێن: ناتوانین باوەڕمان بەشـتێك، یان هێزێك یان خوایەك ببێت کە نەتوانین هەسـتی پێ بکەین و تەنانەت نەتوانین وێناشـی بکەین!

بەرەی داکۆکیکاریش، بۆ دەرباز کردنی خۆیان و بیر و باوەڕەکەیان، هەزار و یەك بەڵگەی  نەسەلمێنراو لەڕووی ماددییەوە دەهێننەوە.

لەسـەرێکی تریشـەوە نکوڵیکاران ڕاشـکاوانە دەڵێن: ئێمە باوەڕمان بەو خوایە نییە کە ئێوەی باوەڕدار وێنای دەکەن و باوەڕتان پێیەتی.

بوون و نەبوون، یاخود چییەتیی و چۆنایەتیی، ئەو هێزەی کە هەرگەل و نەتەوەیەك بەزمانی خۆیان، ناوێکیان لێ ناوە و ئێمەی کوردیش پێی دەڵێین: (خوا، خواوەند، پەروەردگار، یەزدان، ئاهورامەزدا)، بابەتێکی

---

[1] مەبەسـت  لە - ئەو - ئەوەیە کە ئێمە لە کوردەواریـدا بە: (خوا، خواوەنـد، پەروەردگار، یەزدان) ناوی دەبەین، وەك چۆن لەقورئان و دابەزێراوی بەجێدا بە (**هُوَ**) گوزارەی لێ کراوە. ئەمەش بە مەبەسـتی خۆلادان لە داوی بەرجەسـتە (**تَجسـیم**) کردن.

تەواو هەســـتیارە، بۆیە تا ئێرە هەر وشـــە و ڕاناوی (ئەو) م بۆ بەکار هێناوە، چوونکە گەر بنووسـم: ئەو زاتە، یان ئەوکەسـە، یان ئەو هێزە، یان ئەو بوونە... تاد، ئەوا بە دڵنیاییەوە هیچی وا دەرناچێت و ناتوانێت وێنایەك بدات بەخوێنەرکە، نە لایەق بە (ئەو) بێت و نە بیشـــتوانێت خوێنەر لەمەبەستی نووسەر تێبگەیەنێت!

چوونکە (ئەو)، بەدەرە لەهەموو ئەو پێوەرانەی کە ئێمەی مرۆڤ لەڕێگەیانەوە شتەکان دەناسین، یاخود دەناسێنین، وەك: کات، شوێن، دوورابیەکان، شەش لاو ڕەهەندەکە.

واتە: (ئەو) مەحکووم نییە بەو کۆت و بەندانەی کە ئێمەی مرۆڤ، یاخود تەواوی بەشـــەکانی بوونە گشـــتیەکە مەحکوومین پێی، ئێمە مەحکوومین بە یاســـاکانی: کات، شـــوێن، یاســـای عیلەت و مەعلول، یاسای شەش ڕەهەندەکە (سەرەوە، خوارەوە، پێشەوە، دواوە، ڕاست، چەپ).

بۆ نموونە: کە کەســـێك لە جێگەیەکدا دانیشـــتووە، واتە: لەو چرکە ساتەدا و لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا و بە هۆکارێکەوە لەوێیە و هەر شەش لاکەی ڕوون و دیارن و ڕووبەرێکی داگرتووە، کەواتە: لەو چرکەســـاتەدا بەهیچ هۆکارێکی ترەوە، هەمان کەس، ناتوانێت لە هیچ جێگەیەکی تردا ئامادەیی و پابەرجایی هەبێت، چوونکە مەحکومە بەو یاســـایانەی سەرەوە کە باسمان کردن.

بەڵام (ئەو) مەحکوم نییە نە بەکات، نە بەشـــوێن، نە بەعیلەت و مەعلول.

واتە: لەیەك کاتدا لە هەموو شـــوێنێکە و هیچ هۆکارێکیش بۆ ئامادەیی و حزوری لە جێگەیەکدا نییە.

یاسای شەش ڕەهەندەکە ناتوانێت (ئەو) بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، تا ســەر و خوار و پێش و دوا و ڕاســت و چەپی بۆ دەســنیشــان بکرێت،

هەرچیش لە دەرەوەی ئەم یاســایەدا بێت، قابیلی پێناســە نییە و دەس نادات بۆ پێناســە و وێنا و تەســەور کردن، تەنانەت گەر بیشــگوترێت (ئەو)، یان (بوون - وجود - هَسْــتیی) ش ناکۆتا و (**لامُتَنَاهِي**) ە، ئەویش خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکی لۆژیکییە، چوونکە کە گوتمان: ناکۆتا و لاموتەناهییە، خۆی لەخۆیدا ناکۆتاش چەشنێکە لە سنووڕپێدان و وێنا کردن، ناکۆتا و لاموتەناهیش هیچکام لە شــەش ڕەهەندەکەی نییە و بەواقعیی وەک خۆی هەرگیز وێنا ناکرێت.

بەهەمان شێوە هەموو هەبوو و بوونەوەر و شتێكك، سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بەڵام ئەو هەروەک چۆن لەپەسن و وەسفیدا لەقورئاندا هاتووە و دەڵێت: (**هوَالاَوَّلُ وَلآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالبَاطِن**)، ئەو نەک سەرەتا و کۆتایی بۆ نییە، بەڵکو خۆی سەرەتا و کۆتاییە، نەک نهێنیی و ئاشکرای بۆ نییە، بەڵکو خۆی نهێنیی و ئاشــکرایە، بەواتایەکی تر: ئاشــکرا و نهێنیی یان سەرەتا و کۆتایی، خودی خۆیەتی.

پرسیارێکی تر لەم ڕاستایەدا دێتە ئاراوە و دەپرسێت: ئایا بوونی بوونەوەر لەپێشەوەیە یان ئاگایی بوونەوەر؟

لەوەڵامدا دەڵێین: نە ئاگایی پێش بوون کەوتووە و نە بوون پێش ئاگایی، چوونکە ئەگەر بوون پێش ئاگایی بکەوتایە، پووچگەرایی و عەبەســیەت ڕووی دەدا و، ئەگەر ئـاگاییش پێش بوون بکەوتـایە ڕەهـاییەت ڕووی دەدا.

بۆیە نەشــیاوە خوا و ئاگایی خوا، لەیەکتر جیابکەینەوە، گەر وا بکرێت و بڵێین: خوا ئاگادار بوو بەشتێک، ناڕاستەوخۆ دەڵێین: خوا جیایە و ئاگایی خوا جیایە، کەئەم وەسـفەش هەم نەشـیاوە و هەم جۆرێکە لە داننان بە بوونی هاوتایەکدا بۆی، کە بریتییە لە ئاگاییی!

بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین: هەرچیی ســنووردار کرا و وێنا و پێناســەکرا و توانرا شـەش ڕەهەندەکەی دەسـنیشـان بکرێت، ئەوە (ئەو) نیە، بەڵکو

یەکێکە لە بەشەکانی بوون و بەدیهێنراوێکە لە بەدیهێنراوەکان. لێرەوەیە حەکیم و بیرمەند و فەیلەســوفە موســڵمانەکان، چەندین لێکدانەوە و بیرورای جیاوازیان بۆ درووست بوو لەبارەی (ئەو ) ەوە.

نامانەوێ بچینە سـەر باسـی ئەو لێکدانەوە و بیرورا جیاوازانە، چوونکە لە تەوەرەی بابەتەکە دەردەچین.

بەڵام ئاماژە کردنێکی کورت پێویســـتە لەبارەی جیاوازیی دیدگا و راو بۆچوونی فەیلەســـوفە رۆژئاوایی و یونانیەکان لەلایەك و، راو بۆچوونی حەکیم و عارف و فەیلەسوفە موسڵمانەکان لەلایەکی ترەوە.

هەردوولا کۆکن لەســـەر ئەو راســـتیەی کە (بوون، وجود، هَسْـــتی، existence ) ســـەرچاوە و ســـەرەتا و بەرێوەبەرێکی هەیە، بەڵام لە وێناکردن و ناســـاندن و پێناســـە کردنیدا، ناســـازگاریی لە دیدگاکانیاندا هەیە. چوونکە وەك پێشتر گوتمان: مرۆڤ تەنانەت لە پێناسەی (بوون) ی خۆیشـیدا دەسـەوسـانە، چوونکە مرۆڤ خۆی بەشـێکی بچوکە لەو بوونە بەرینەی کە ناتوانێت سەر لە نهێنیەکانی دەربکات.

بەچەشنێك قوتابخانە فەلسەفیی و عیرفانییەکان لە رابوردوودا و لەژیار و مەنزوومەی بیری ئیســـلامییدا، پۆلێن کراون بۆ دوو قوتـابخـانـەی جیاواز: (مەشائیی، ئیشراقیی):

مەبەست لە یەکەمیان (مەشـائیی) زۆرێک لە رۆژ ئاوایی و یۆنانیەکان و هـەرکـەســـێکیش وەك ئـەوان بیری کردبێتـەوە، وەک یەعقوب کوری ئسحاقی کیندیی و فارابیی و ئەبوعەلی ئیبنوسینا و نەسیرەدینی توسیی و ئیبنورۆشـــدی ئەندەلوســـیی و...تاد. کە زۆربەیان باوەڕیان وایە: گـەردوون بەدیهێنەر و بەرێوەبەرێکی هەیە. ئەم قوتـابخـانەیە لەســـەر پەیرەو و بیرکردنەوەی ئەرســـتۆیی دامەزراوە و زۆر بەقووڵیی بایەخیان بەلۆژیکی ئەرســـتۆ داوە و دیدگایەکی نزیک لە دیدگای ئەرســـتۆیان هەبووە، رای ئەرستۆش لەسـەر خودا ئەوەبوو کە گەردوون پێویستی بە

جوڵێنەری یەکەم هەیە، ئەم جوڵێنەرە ئیشـــپێکەرە یەکەمەش، وەک چەشنێک لە وێنا کردن بۆ خوا لێک دراوەتەوە.

مەبەســت لە دووەمیش (ئیشــراقیی) پێیان وایە: بوون (هەرچی بوونی هەیە) هەمووی لە نوور و ڕۆشــناییەکەوە ســەرچاوە دەگرێت کە ئەو ڕۆشنایییە لە دەرەوەی بووندایە و جیایە لێی، هەرچیش هەیە، هەمووی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆشناییەیە و هەریەك لە بوونەوەرەکان بەپێی تایبەت مەندیی خۆی، (ئەو)، لەبوونیدا جیلوە دەکات وخۆی دەنوێنێ... (اللهُ نُوْرُ السَّمَاواتِ وَالأرْض).

بیروڕاکـانی هـەریـەك لـە (ســوهرەوەردیی و هـەلاج و موحییـەدینی ئیبنولعەرەبیی و ئیبنولڕوشد) لەم ئاراستەیەدا نموونەن.

ئـەوان پێیان وابوو (ئـەو)، خۆی دیارە و دەرخـەری غـەیری خۆیـەتی بۆ خۆی و غەیری خۆشی (الظَّاهِرُ لِذاتِهِ وَ المُظْهِرُ لِغَيرِهِ) هەروەها پێیان وابوو، ڕۆشنایی ڕۆشناییەکانە (نُوْرُ الأنْوَار) واتە: ڕۆشنایی ئەوە جیلوە بە بوونی هـەموو بوونـەوەرەکـان دەدات، هیچ کـەس و هیچ شـــتێـك بوونی سەربەخۆی نیە و هەمووان بوون و ڕۆشنایی و ڕوون بوونەوەیان لەوەوە وەردەگرن.

دەســـتـەیەك لە ڕۆژئاواییەکان، دان بە ســـەرچاوەی بووندا دەنێن و بـاوەڕیان پێی هـەیە و دانیش بـەوەدا دەنێن کـە نـاتوانن دەرکی بکـەن، دەســتەبژێرێکیشــیان نەیان توانیوە باوەڕ بەخۆیان بهێنن و، نکوڵیی لێ دەکـەن و دەڵێن: گـەردوون یـەك پـارچـەیـە و خۆســـەریی لـەکاری بەردەوامدایە و خۆی خۆی بەڕێوە دەبات. بەواتایەکی تر هـەردوولا ڕادەسـتی ئەو ڕاسـتییە دەبن کە: (بوون، وجود) بێخاوەن نییە و خالق و خاوەنێکی هەیە و هەریەکە و بەناوێکەوە و بەپێی فەرهەنگ و کەلتوری خۆی، گوزارەی لێ دەکات و وێنـایەکی دەکات، ئێمـەی کوردیش پێی

دەڵێین: (خوا - خودا - خواوەند - یەزدان - ئاهورامەزدا)، ئێمەش لەمەولا لەم نووسینەماندا بەناوی (خواوەند) ەوە ناوی دەهێنین.
لەناو ئەو چەند ناوەشدا بۆیە (خواوەند) هەڵدەبژێرین، چوونکە ئەوانەی لافی خوایەتی لێ دەدەن یان ئەو وێنا هەمەچەشنانەی کە لەژێر کاریگەریی کەلتورەکان و ژینگە جیاوازەکاندا بۆ خواوەند کراون و دەکرێن، زۆرن، ئەوەش کە شایستەی خوایەتیی بێت و دارای پێداویستیەکانی خوایەتی و خوابوون بێت، تەنها ئەوە و هەر ئەمەشە واتای وشەی خواوەند. لەڕووی زمانەوانییشەوە، وشەی (خواوەند) وشەیەکی ڕیشە فارسییە و زۆربەی گەلە ئاریەکان و ئەفسانە کۆنەکانیان بۆ بەڕێوەبەری بوون و هەڵسوڕێنەری گەردوون بەکاریان هێناوە. واتاکەشی بریتیە لەوەی کە: دارای پێداویستیەکانی خوایەتییە، وەك چۆن دەگوترێت: بەهرە... بەهرە مەند، هونەر... هونەر وەند، یان... هونەرمەند، ئاوهاش دەگوترێت خوا... خواوەند. واتە: توانا و تفاقی خوایەتی هەیە.
واباشە هەردوولا و هەموو عەقڵمەندانیش ڕادەستی ئەو ڕاستییە ببن کە چەسپاندن و پێناسەی خواوەند و هەروەها دەرك و تەنانەت وێنا و پێناسەی بوونە گشتیەکەش، لە دەرەوەی توانای مرۆڤدان. لەڕاستیشدا هەر ئەوە داواکراوە لە باوەڕداران کە باوەڕی پێ بهێنن، پەیامە ئایینیەکان و کتێبە پیرۆزەکانیش جەخت لەسەر ئەو چەشنە باوەڕهێنانە دەکەنەوە کە خواوەند، (مُسَلَّمَة) و بەڵگە نەویستە و لەدەرەوەی بازنەی ڕێساکاندایە و عەقڵ و ژیریی مرۆڤیش وادار (مُكَلَف) نەکراوە بە دەرك و وێنا کردنی (مَاهِيَّة) و چیەتیی و چۆنایەتیی ئەو خواوەندە، چوونکە توانا و تفاقی ئەو بەدوادا چوونەی نییە و پێی نەبەخشراوە.

## هـەبوو نـەبوو، بێجگە لـە خۆی هیچ کەس نەبوو، هیچ هەر نەبوو

پرسی خوا و دەروون (النَّفس)، گرنگترینی ئەو پرسانەن کە وا باشترە لە ڕووی ئیسـپاتکردن و ڕەدکردنەوەیانەوە، سـوود لە بەڵگە و بورهانی فەلسـەفیی وەربگیرێت تا بەڵگەی ئایین و لاهوت، چوونکە لە بنەڕەتدا بابەتەکان خۆیان فەلسـەفین، بۆیە فەلسـەفە باشـتر دەتوانێت ئەم پرسـانە شـیکار بکات و ڕەهەندە ناڕوون و لێڵەکانیان ڕۆشـن بکاتەوە. مەبەسـت لەوەش کە فەلسـەفە دەتوانێت ئەم کارە بکات ئەوەیە، لە بنەڕەتـدا پرسـی ئـایین نییە و بەو میکـانیزم و میتۆد و شـێوە ئارگیومێنتسـازییەی لە ئاییندا هەیە، ئەم پرسـە ڕۆشـن نابێتەوە. [1] چوونکە لە ئاییندا پرسی خواوەند بەهەردوو دیوەکەدا یەکلایی بووەتەوە و ئەوەی هەیە ڕێگەیەکە لەپێنـاو گەیشـتـن بەو خـوایە و کەوتنە پەیوەندییەکی ڕۆحییەوە لەگەڵی. لەڕاسـتیدا لە ئایندا شـتێك نییە بەناوی سـەلماندن و ئیسـپاتی بابەتی خوا، چوونکە لەبنەڕەتدا بابەتی خواوەند یەکلایی بووەتەوە و تەنانەت پرسیارکردنیش لەبارەیەوە بیدعە و لادان و چەشـنێکە لە تاوان[2]. سـروشـتی ئەم پرسـەش وایە کە بە پرسـیارکردن لەبارەیەوە ئەوجا دێتە کایەوە. بۆیە سـەرەتا دەبێت پرسـیارەکە قوڵ بکەینەوە و لە پرسـیارەکە خۆی ورد ببینەوە. داخۆ پرسیارەکە پرسیارێکی جەوهەردرارە یاخود پرسیارێکی بێجەوهەرە.

پرسـیارکردن لەبارەی بابەتی خوا دەمانخاتە ناو بازنەیەکی داخراو بەچەشنێک ئەوکاتەی کە دەگەینە ئەو خاڵەی خەریکە بوونی ئیسپات

---

[1] رينية ديكارت - التأملات في الفلسـفة الاولى- ت: عثمان أمين - المركز القومي للترجمة القاهرة ٢٠٠٩ - ص ٣٩.

[2] رسائل الغزالي/ إلجام العوام عن علم الكلام/ص ٤٢ فما بعده.

دەکەین، بە بێ ئاگا گەیشـــتوین بە خاڵی دەســـپێکی گومانمان لەبارەی بوونیەوە.
لەم حاڵەشدا سێ ئەگەر دێنە کایەوە:
یان ئەوەتا ئینسانەکە خۆی دەداتە دەست ئیعتیقادێکی بەتاڵ جا چ بە هەبوون بێت یاخود بە نەبوون.
یان بەهۆی دیاریی نەکرانی ئەم ئیشکالیاتانەوە مرۆڤەکە هەر لەناو ئەم بازنەیەدا دەخولێتەوە.
یان بیری تیژ دەکات و ئەم بازنەیە دەشکێنێت.
لیرەدا کاری ئێمە دیاریی کردنی ئەو ئیشـــکالاتانەی پرســـیارەکەیە کەئەم بازنەیەی درووســـــت کردووە، ئەویش لەرێگەی دیاریی کردنی ســـێ وێسگە و پنتی سەرەکیی لەم بابەتە.
**یەکەم**: سەرەتا با لە بوون بکۆڵینەوە وەك جەوهەرێك.
کاتێك پرسیار لەبارەی بوونی خواوە دەکرێت، بوون یەکسان دەکرێتەوە بەکۆی بوونەوەران، لەکاتێکدا بوون جیاوازە لە کۆی بوونەوەران، بەڵکو بـوون جەوهەری بـوونەوەرانە، واتـا بـوونەوەران بەهـۆی بـوونەوە بوونەوەرن، وەك چۆن دار ئاماژەیە بۆ جەوهەری دارەکان، بەو مانایەی ئەوەی دارسـێوێك دەکات بە دار، هەمان ئەو شـتەشـە کە دار هەناریك دەکات بە دار.
ئەم (هەمان شـتەش) جۆرێك لە سـتراکتۆرە و هەموو دارەکانی لەسـەر بەندە.
جا کاتێك پرسیار لە بوونی خوا دەکرێت، بەبێ ئاگایی خوامان خستوەتە نـاو کـاتیـگۆری (مَقُولَـة) ی بـوونەوەرانەوە، واتە: خـواش وەك هەر بوونەوەرێك جەوهەرەکەی بوونە.
بە مانایەکی تر خوا و دارێك و بەردێك، یەك جەوهەریان هەیە.

یان بە واتایەکی تر خوا هاوبەشـــە لەگەڵ بوونەوەراندا لە ڕەگەز و لە جۆردا، لەکاتێکدا نابێ خوا هاوبەشـــی هەبیت. چ لە ڕەگەز و چ لە جۆردا، بەڵکو دەبێ خوا تاقانە بێت.

**دووەم**: بوون و وەك پرۆسەی تەکامولی بوونەوەران.

بوون، جگە لەوەی دەلالەتە بۆ جەوهەری بوونەوەران، دەلالەتە بۆ پرۆسەی تەکامولی بوونەوەرانیش، واتا پرۆسەی بوون بە دار بە بەرد بە ئاو... تاد.، واتا هە ر بوونەوەرێك لەناو پرۆســـەیەکی تەکامولیدایە تا دەگاتە ئەوجی بوونی خۆی و دەبێت بەو ماهیەتەی کە لەپێناویدا هەیە. واتە: بوونەوەران لە بووندان تا دەگەنەوە بە ماهیەتی خۆیان. وەك چۆن دارێك، ســـەرەتا تۆوێکە و بەناو بووندا تێدەپەڕێت تا بوون و ماهیەتی دەبێتەوە بە یەك.

لێرەشـــدا دوو جۆر بوونەوەرمان هەیە، بوونەوەریك کە هیشـــتا لە بووندایە و خەریکە گەشـــە دەکات و کامڵ دەبێت و هیشـــتا پرۆســـەکە تەواو نەبووە، وەك دارێك.

بوونەوەرانێکیش کە لە بوون کەوتوون و لەم پرۆسەیە دەرچوون، واتا لە بوون بوونەتەوە و بوون بە ماهیەتی خۆیان وەك بەردێك کە ئیتر لە بوون بووەتەوە و بووە بە ماهیەتی خۆی. بەو مانایەی ئیتر بەرد کامڵ بووە و لەمە زیاتر نابێت بە بەردتر، بەو مانایەی بەرد ناتوانێت بەردتر بێت.

ئەگەر بەم ڕۆشـــنیەوە خودا وەك بوونەوەر ســـەیر بکەین، دەبینین خواوەند بوونەوەرێك نییە سەرەتایەکی ناکاملی هەبوبێت و ئیستا کامڵ بوبێت و بوبێت بە ماهیەتێك و ئیتر وەك بەردێك لە بوون کەوتبێت.

خواوەند بوونەوەر نییە تا وەك بەردێك لە بوون کەوتبێت. یاخود سەرەتا ناکامڵ بوبێت و بەناو بووندا تێپەڕیبێت و ئێســـتا کامڵ بووبێت، کەواتە خوا بوونی نییە وەك پرۆسەی تەکامولی بوونەوەران.

**سێیەم**: بوونەوەر و هۆکارەکانی بوونی:
هەموو بوونەوەریك پێویستی بە چوار هۆکاری عەقڵیی هەیە کە (ئەرستۆ) دەرکی بەم هۆکارە بنەڕەتیانە کردووە و تاکو ئێستاش نەتوانراوە نە بۆیان زیاد بکرێت و نە لێیان کەم بکریت، یاخود بە تەواویی ڕەد بکرێنەوە.
ئەو چوار هۆکارە عەقڵییەش هەریەکە لە (هۆکاری ئامانج، هۆکاری ماددی، هۆکاری وێنەیی، هۆکاری کارایی) ن، لە زمانی عەرەبیدا ئەمە بە (عِلَّةُ الغَائيَّة، عِلَّةُ المَاديَّة، عِلَّةُ الصُــوَريَّة، عِلَّةُ الفَاعِلِيَّة) گوزارەیان لێ کراوە، واتە: هەر بوونەوەریك بۆ ئەوەی لەجێگەیەکدا حزوری هەبێت یاخو پەیدا بێت، پێویستی بەم چوار هۆکارە هەیە بۆ حازر بوونی، هەر بوونەوەریك پێویستە ئامانجێك لە بوونیدا هەبێت و ماددەیەك و شێوەیەکی هەبێت، کاراییەکیش هەبێت کە ئەم سێ هۆکارەی کۆ کردبێتەوە، واتە: ئەو کاراییە، شێوەکەی لەناو ماددەیەکدا و لە پێناو ئامانجێکدا هەڵ گرتبێت، ئەمە بەسەر تەواوی بوونەوەراندا جێبەجێ دەبێت.
با بێین ئەمە بەسەر خوادا جێبەجێ بکەین، ئایا خواوەند ئامانجی هەیە، بەو مانایەی ئایا ئەو لەپێناو هیچ ئامانجێکدا هەیە؟ ئایا شێوەی هەیە؟ ئایا ماددەی هەیە؟ ئایا کاراییەك هەیە تا شێوەیەکی لەناو ماددەیەکدا شێوەگیر کردبێت و لەپێناو ئامانجێکدا هێنابێتیە بوون؟ بێ گومان وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە، نەخێرە و وەک سەرەتاش گوتمان: هەموو کەسێکی ژیریش هەمان وەڵامی دەبێت.
ئەمە ئەو چوار پنتە بوون لە ئیشکالیەتی پرسیارکردن لەبارەی بوونی خواوە، کە بازنەیەکی داخراوی درووست کردوە و مرۆڤ تێیدا دەخولێتەوە و ناگات بە هیچ وەڵامێکی درووست بۆ ئەم پرسیارە.

دەرەنجام گەیشــتینە ئەو ڕایەی کە پرســیارکردن لەبارەی بوونی خواوە، پرســـیارێکە هەڵەی لۆجیکیی تیـدایە، ئەگەرچی لە ڕووی ڕێزمـانەوە پرسیارەکە بێ کێشەیە.

**ڕاستکردنەوەی پرسیار لەبارەی خواوە**: ئەگەر بپرسین ئایا باوەڕت بە بوونی خوا هەیە؟ یان ئایا خوا بوونی هەیە؟ ئەوا هەڵەیەکی لۆجیکیمان کردووە، ئەم پرســـیارە نالۆجیکیە یاخود ئەم پرســـیارە بێ جەوهەرە نامانگەیەنێت بە هیچ شــتێکی جەوهەردار، بەڵکو دەبێت پرســـیارەکە ئاوا بکەین: ئایا باوەڕت هەیە بە خوا؟ نەك بپرســـین: ئایا باوەڕت بە بوونی خوا هەیە؟ لە پرسیاری دووەمدا ئەگەر هەرکەسێك بپرسێت ئایا باوەڕت بە بوونی خوا هەیە؟ لە وەڵامدا دەبێ بگوترێت نەخێر، چوونکە یەك وەڵام هەیە، ئەویش ئەوەیە کە: لەبەر ئەوەی خوا بوونەوەر نیە. بەڵام ئەگەر پرسیارەکە لە بارەی باوەڕی کەسێك بکریت و بگوترێت ئایا باوەڕت هەیە بەخوا؟ ئەوا ئەوکاتە دوو وەڵام هەیە، یان بە بەڵێ، یان بە نەخیر.

کەواتە ئێمە دەبێ پرســـیار لەبارەی باوەڕی مرۆڤەکانەوە بکەین، نەك لەبارەی بوونی خواوە.

**ئەی پرســـی خوا چی؟** لە دەرەنجـامی ئەم گوتـانەی ســـەرەوەمـان، پرســـیارێك ســـەر هەڵدەدات کە بریتییە لە: ئەی ئەو باوەڕەی خەڵکیی نابێ لەســـەر بنەمای شـتێك بێت کە لە ئارادابێت؟ ئەی نابێ خوا وەك خۆی لە ئارادابێت، وەك جیاوازێک لە کاتیگۆریی بوونەوەران لەڕووی ڕەگەز و چەشن و جۆرەوە؟ لەڕاستیدا ئەم گوتانەی سەرەوەمان بە هیچ شـــێوەیەك خوا وەك خوایەکی بـاڵا و بەرزتر لە بوون و بوونەوەران ئیســـپات ناکات، بەهیچ شـــێوەیەکیش ڕەدی ناکاتەوە، بەڵکو تەنیا ڕامـاڵینی ئەو تەم و مژە بوو کە لەسەر پرسیارەکەیە.

لەوەش زیاتر ئەم گوتانە، خوا و پرسی خوا دەخاتەوە دەستی یەکە بەیەکەی تاکە کەسەکان، بەو مانایەی بۆ هەندێك کەس کەباوەڕی بەخوا نییە، خوایەك لە ئارادا نیە، بۆ باوەڕدارێکیش خوایەك لە ئارادایە. چوونکە هەرکەسێك خوا لەناو خۆیدا پەروەردە دەکات، یاخود نایکات. بەو مانایە نا کەهەرکەسێك خوا لەناو خۆیدا درووست دەکات، چوونکە خوا درووست ناکرێت، لەبەر ئەوەی خوا بوونەوەر نیە تا درووستی بکەین، بەڵکو بەو مانایە کە مرۆڤ خوایانە بژێت، خواش تەنیا لەناو ئەوانەدا لە ئارادایە کە بەخوا دەژین، نەوەك بە شتێکی تر. پێچەوانەکەشی هەر درووستە، ئەو کەسەی خوایانە ناژێت و خوا لەناو خۆیدا پەروەردە ناکات و بۆ هەر بارودۆخ و هەڵوێستێکی ژیانی ناگەرێتەوە بۆ خوا، ئەگەر ئەو کەسە ئینکارییش بکات هەر درووستە، چوونکە بۆ ئەو کەسە خوایەك لە ئارادا نیە و شتێك نیە بەناوی خوایەکی باڵا و بەرزتر لە بوون.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە بەشێکی ناوەکیی مرۆڤ بە ڕووی خوادا دەکرێتەوە، ئەوا ئەوانەی ئەم بەشەی ناو خۆیان بەڕووی خوادا نەکراوەتەوە ناتوانن باوەڕ بەخوا بهێنن، ئەوانەشیان کە ئەم بەشەیان بە ڕووی خوادا کراوەتەوە، دەتوانن باوەڕی پێ بهێنن.

دەچینەوە سەر ناونیشانەکەمان و دەڵێین: قسەکردن لەسەر ئەم پرس و بابەتە، نە تازەیە و نە کۆنە، واتە: بابەتە تازە کۆنەکە، یان کۆنە تازەکەیە.

بەواتایەکی تر، لەو ڕۆژەوە ژیریی مرۆڤ کراوەتەوە، تا ئەو ڕۆژەش ژیریی مرۆڤ ئیش دەکات، ئەم پرس و دەغدەغەیە بەردەوام دەبێت، بەڕادەیەك یەکێك لەپرسیارە سەرەتاییەکان کە منداڵ دەیپرسێت لە پەروەرشیاری، ئەم پرسەیە و زۆر جار پەروەرشیارەکان تووشی شەرمەزاریی و ئیحراجیی دەبن لەوەدا کە ناتوانن وەڵامێکی ڕەزایەت

بەخش بدەنەوە بە منداڵەکانیان، بۆیە بەشـــێوازێك لە شـــێوازەکان فریویان دەدەن و باسەکەیان لێ دەگۆڕن.

ئەو پرســـیارانەی کە لە منداڵیدا بێ وەڵام دەمێننەوە، لە هەرزەکاریدا جـارێکی تر و بـەگوڕ و تینێکی زیـاترەوە، ســـەر هـەڵ دەدەنـەوە و خاوەنەکەیان، یان تووشی سەراسیمە و حیرەت، یان تووشی هەڵچوون و هـەڵـەشـــەیی دەکـەن، بـەڵام دواجـار و لـەتـەمـەنی کامڵ بووندا، دەگەڕێنەوە دۆخی ئارامیی و بەســـەرنجەوە قەناعەت بەخۆیان دەهێنن لەبارەی خواوەند و سەلماندنیەوە، بەڵام کەسمان ناتوانین وێنا و دەرکی چییەتیی و چۆنایەتیی خوا بکەین.

یان ڕاستر بڵیین: بۆ ئەوە درووست کراوین کە بەدوایدا بگەڕێین.

لەوانەیە کایەکە سـەرلەنوێ لە پرسـیارکردنی منداڵەکانمانەوە سـەرهەڵ بداتەوە و، ئێمەش دیســـانەوە هەوڵی خۆلێ قوتار کردن بدەنەوە، وەك عەرەب دەڵێت: (وهكذا دواليك... وهَلُمَّ جَرًّا) ئیتر ئەمە سـروشـتی ژیانە و نە کەس دەتوانێت بەری پێ بگرێت و نەکەســـیش دەســـتی بووە لە خولقاندنیدا، یاسا و پەڕاوێکە و لەسەری دەڕۆین.

ڕێچکەی دروست لەم بابەتەدا ئەوەیە کە چ لە پەروەردەی خێزانییدا و چ لە پەروەردەی ئاییندا یان لە لێکۆڵینەوەی زانســـتیی یان لە کنە و بەدواداچوونی فیکریی و فەلسەفییدا، پێویستە دان بەو ڕاستیەدا بنێین هیچ کەس و هیچ هێزێك ناتوانێت بەڵگەی هەســـت پێکراو (مَلمُوس - مَحسُوس) نە بۆ چەسپاندن و نە بۆ حەشالێکردنی خواوەند بخاتە ڕوو.

بەواتایەکی ڕوون و ڕەوانتر بڵێین: ڕاســـتە ناتوانرێت بەڵگەی قەناعەت بەخش لەســـەر وێنا کردنی بخرێتە ڕوو، بەڵام ئەو ژیریەی کە ناتوانێت وێنای بکات، پێمان دەڵێت: نکوڵیی کردنیش لە (خواوەند)، هەڵەیەکی لۆجیکییە و دان نانیش بەبابەتەکەدا تاکە ڕێگەی ڕاست و زامنی ئارامیی بەخشینە بە دڵ و دەروون و کاروانی ژیان بەگشتیی.

هەر ئەوەی کە دوای سەرهەڵدانی پرسیارە لۆجیکییەکەی کە دەپرسێت: ئایا باوەڕت بەخوا هەیە و ئەزموون کردنی ئەو بابەتە، باسی خوا، یان باسی چییەتیی و چۆنایەتیی خوا، ئامادەیی و حزور پەیدا دەکات لە زەین و زاکیرەماندا، هەر ئەوە خۆی بۆخۆی بەڵگەیەکی لۆژیکیی و فەلسەفییە لەسەر بابەتەکە، چوونکە هەرشتێك لە زەین و مێشکی مرۆڤدا ئامادەیی و حزوری هەبوو، بەڵگەیە لەسەر (حصُول) ی ئەو شتە لە داکەوت و واقعدا، واتە: هەرچی و هەر شتێك تا حزور و ئامادەیی نەبێت لە واقیعدا، مرۆڤ ناتوانێت هیچ لەبارەی بوونی ئەو شتەوە دەس بخات و حاسڵ بکات، بەڵام هەرکە ئەو (شتە - ئیتر هەرچی بێت) حزور و ئامادەیی پەیدا کرد لە زەین و مێشکدا، ڕاستەوخۆ مرۆڤ دان دەنێت بەو شتەدا و بەدواشیدا دەگەڕێت.

لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین سەرنجمان چڕتر بکەینەوە لەسەر بابەتەکە، پێویستە دوو شت لەیەکتر جیا بکەینەوە:

**یەکەم**: شتانێک هەن ماددین و زانینیشیان پەیوەستە بە ئەزموون کردنەوە و بەهیچ شێوەیەک پێش ئەزموون کردن ناکەون، وەک پەیبردن بە یاسای ڕاکێشان و جازبییەت، واتە: تا بە ئەزموون نەبینین تەنەکان بە سەربەستیی لە هەواوە دەکەونە خوارەوە ناتوانین پەی بەیاسای ڕاکێشانی زەویی ببەین، بۆیە ئامادە بوون و حزور و حسوڵی ئەم بابەتە و ئەم یاسایە دەکەوێتە دوای ئەزموون کردنەوە.

**دووەم**: کۆمەڵێک شت هەن پێش ئەزموونیش هەن و پێشی دەکەون، وەک: هاوڕێیەتیی، دادگەریی، ڕاسگۆیی... تاد. بەو واتایەی ئەگەر بەهیچ شێوەیەک کردەی دادگەرانەش نەبینین، دەزانین شتێک هەیە بەناوی دادگەرییەوە.

ئەمەش لەپێش ئەزموونەوەیە و ئەزموون کاریگەر و بەشداری سەرەکیی نییە لە زانین و دەرک پێکردنیدا، ئەمە وەک بەڵگەی ئەوەش کە مەرج

نییە هەرچی بوو بە بـابەت و لە زەین و زاکرەمـانـدا هـاتوچۆی کرد لەواقعیشدا هەبێت، وەک چۆن دەتوانین وێنای ئەسپی باڵدار و ماسیی شـاخدار و فیلی هێلکەکەر و مریشـکی شـیردەر بکەین و لەواقعیشـدا هیچیان بوونیان نییە، یان وێنای ئەوە بکەین کە سەری مرۆڤ گوڵی لێ دەڕوێـت، بەڵام ئەم شـــتە ئەســـتەمە و هەرگیز ڕوو نـادات، هەموو ئەمانەش پەیوەندییان بە شێوەی کارکردی زەینی مرۆڤەوە هەیە کە زەین کۆمەڵێـک وێنە وەردەگرێـت و لەڕێگەی خەیـاڵەوە دەیـانلکێنێـت بەیەکەوە و بەمەش دەگوترێت: وێنەی خەیاڵیی یان زەینیی، بۆیە وەک پێشـتر گوتمان: بە بابەت بوونی هەر شـتێک بەڵگە نییە لەسـەر بوونی ئەو شتە لە واقعدا.

سەرەڕای ئەمەش مێشک و زەینی مرۆڤ کاتێک وێنای شتێک دەکات، تایبەتمەندیی و خاسـییەتی ماددییش دەداتە پاڵ ئەو شـتەی کە وێنای دەکات، وێنەکانی ئەم تایبەتمەندییەشی لە دونیای واقعەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە: مرۆڤ کاتێک وێنای شتێک دەکات  ناتوانێت وێنای کشانی ئەو شتەی لەگەڵدا نەکات، کشان بەواتای ئاوەی ئەو شتە شوێنێک لە گەردووندا داگیر بکات و بارستاییەکیشی ببێت.

کاتێک ئاواش بیر لە خوا دەکاتەوە وەک ماددەیەک دەیێتە خەیاڵیەوە، بۆیە هاتنە مێشـــک و زەین و حزووری ئەم بابەتە لای مرۆڤەکە بەڵگە نییە و دەکرێت تەنها وەهمێک بیت بۆی حاسڵ ببێت.

خواوەندیش بەئەزموون سەلمێنراوە، بۆیە مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێت.

ســـەبارەت بە پێناســـە کرن، یاخود وێناکردنی چیەتیی و چۆنایەتیی خواوەندیشـــەوە، لۆژیك و مەنتیق پێمان دەڵێت: ئێمە دەتوانین بەجیا بەشێك لە بەشەکانی بوون و وجود، یاخود سەرجەم بەشەکانی بوون و وجود و هەسـتی، بە جیا جیا، دەرك و وێنا و پێناســە بکەین، بەڵام بەو پێیەی کە خۆشـمان بەشـێکین لە بوون، هەرگیز ناتوانین دەرکی تەواو و

وێنا و پێناسـەی (بوونی گشـتی، وجود، هَسـتی، existence) بکەین و، ئەو کارە بۆ ئێمەی مرۆڤ ئەســتەمە، چوونکە ناتوانین بچینە دەرەوەی بوونە گشــتیەکەوە، تا لەوێوە دەرکی هەموو دوورایيەکانی بوون و هەر شـەش لاکەی (سـەرەوە، خوارەوە، ڕاسـت، چەپ، پێشـەوە، دواوە) ی بکەین و وێنایەکی تەواو و پێناســەی بکەین، (گالیلۆ) یەکەم کەس بوو لەڕێگەی تەلسـكۆپەوە توانی کورتە پێناسـەیەکی ڕووکاری گۆی زەویی بکات، کە زەویی شێوە گۆیە، ئیتر خۆ نەیتوانی بزانێ ناوەوەی ئەم گۆیە چی تێدایە و کێش و ڕووبەری چەندە و... تاد. لەکاتێکدا کە گۆی زەویی بەشێکی بچووکی بوونی گشتییە!

ئەگەر وێنا و پێناســەی بوونی گشــتیی، یان تەنانەت بەشــێك لە بەشەکانی بوون و هەستیش، بۆ ئێمەی مرۆڤ ئەستەم بێت، ئەی چۆن دەتوانین وێنا و پێناســەی دەرەوەی بوون، یاخود بەدیهێنەری بوون بکـەین؟ بـەڵام بـەحوکمی ئـامـادەبوونـەکـەی و ئەزموون کردنی یاساگەردوونییەکان لە زەین و بیرکردنەوەماندا، پێویستە دانی پێدا بنێین.
(١)

بیهێنەرە بەرچاوی خۆت، مانگ و خۆر و زەویی و هەموو ئەستێرە و هەسارە و گەلە هەسارە و کەشکەشانەکان و هەموو ئەوانەش کە مرۆڤ هێشتا نەی ناسیون و ناتوانێت ناویان بنێت، هەموو ئەمانە لە ڕەوی بەردەوامدان و دێن و دەچن، لەکوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن؟

---

(١) دەگوترێت پیتۆڵی ناودار (فەخری ڕازیی) تێ دەپەڕێت بەشــوێنێکدا و خەڵك ڕێزی لێ دەگرن و ڕێگەی بۆ چۆڵ دەکەن، پیرە ژنێکیش دەپرسـێت: ئەم پیاوە کێیە وا خەڵك ڕێزی لێ دەگرن؟ لەوەڵامدا پێی دەڵێن: ئەوە فەخری ڕازییە و هەزار و یەك بەڵگەی هەیە لەسەر خواوەند. پیرەژنیش دەڵێت: جا خوا ڕوون و ئاشکرایە، هەزار و یەك بەڵگەی بۆ چیە؟ ئەگەر هەزار و یەك گومانی نەبوایە لەســەری، پێویســتیی بەهەزار و یەك بەڵگە نەبوو بۆ سەلماندنی!

یان هەر وشـــەی (لەکوێوە) و (بەرە و کویێ)، خۆی واتای چییە و یانی چی؟

یان پێش (لەکوێوە) و، دوای (بەرە و کویێ) چیە و کوێیە و یانی چی؟

ئەمانە و دەیان و ســەدان بێنە و بەرە و پرســیاری تر، کە مرۆڤ و ژیرییە ســنووردارەکەی دەســەوســانە، لە قســەکردن و وێناکردن و تەنانەت هەندێ جار لە دەربڕینیش لە ئاستیاندا.

پێشتر گوتم: هەڵەی نکوڵیکاران لەوەدایە کە بەگوێی ژیرییان ناکەن.

دیســـان هەمان دەربڕین بۆ داکۆکیکارانیش بەکار دەهێنمەوە و دەڵێم: هـەڵـەی داکوکیکارانیش هـەر لـەوەدایـە کـە بـەگوێی ژیرییـان نـاکـەن و ڕادەستی ئەو ڕاستیی و حەقیقەتە نابن، کە ژیریی مرۆڤ، تفاقی دەرکی چیەتیی و چۆنایەتی، ســـەرچاوەی بوون و بوون خۆی و خواوەندی بوونی نیە و پێی نەبەخشــراوە، هەر بەو هۆیەشـــەوە داوای ئەو بەدوادا چوونەی لێ نەکراوە، بەڵکو ڕام هێنراوە تا ڕادەســـتی ئەو ســـەرچاوەی بوونە ببێت و واز لە وێناکردنی و چیەتیی ئەو بهێنێت.

بەڵام بەداخەوە بەبێ گوێدانە ئەم ڕاســتییە حەشــاهەڵنەگرە و تەنانەت بـەبێ گوێـدانـە ڕێنمـاییـەکانی خواوەنـد و دەق و پەڕاوە پیرۆزەکانیش، هەندێ کەس لەبەرەی داکۆکیکاران لە کۆن و نوێدا، هاتن دەسـیان دایە وێنە کێشــان بۆ خواوەندی ســەرچاوەی بوون و بەڕێوەبەری گەردوون، سەرکەوتووش نەبوون لە وێنە کێشان و پێناسە کردنەکەیاندا.

هاتن هەریەکەو لەدیدگای خۆیەوە و بە پێی ئەو فەرهەنگ و کەلتورەی کە باو بوو لە کۆمەڵگەکانیانـدا، خوایان لـەخـەڵك کردە بوونـەوەرێکی زەبەلاحی تورەی تۆڵەسێن، بە چەشـنێك کە شـەیدای ڕشـتنی خوێن و گەرم کردنی ئاگری قین و ڕق بێت، جێگەیەکیان دەســـنیشـــان کرد بۆ شـوێنی نیشـتەجێ بوون و مانەوەی و کورسـیەکیشـیان دانا تا لەسـەری

دابنیشێت، ڕێك چواندیان بەو پادشایانەی کە خۆیان زاڵ دەکرد بەسەر ژێردەستەکانیاندا.!
هەروەها نهۆمێك لەئاســـمانیان ناونا نهۆمی حەوتەم و گوتیان بارەگای ئەو، لەوێیە و کەس ناتوانێت توخنی کەوێت، جار و باریش دادەبەزێت بۆ نهۆمی یەکەم، تابزانێت حاڵی بەندە و کۆیلەکانی چیە و چی دەکەن و هەڕەشـەیەکیان لێ بکات و بە تووڕەییەوە نهۆمی یەکەم جێ بهێڵت و بگەڕێتەوە بۆ بارەگاکەی خۆی لە نهۆمی حەوتەم! (تعالى الله عَما يَصفون).
لـەبیریـان چووکاتێك دەڵێن: ئـەو لـەنهۆمی حـەوتـەمـە، واتـە: لـەهیچ شـــوێنێکی تر نییە، یان کە دەڵێن: دادەبەزێت بۆ نهۆمی یەکەم، واتە: پێشـــتر لەوێ نەبووە و ئێســـتا هاتوەتە نهۆمی یەکەم، کەواتە نهۆمی حەوتەمی بەجێ هێشـتوە! (سـبحان رب السـماوات والارضِ رب العرش عما يصفون).
ئەم وێنا کردنە نەشـــیاوە و دەیان وێناکردنی تریش، کە لە چیرۆکی بەر ئـاگردان و ئـەفســـانـەی گـەلانی جۆرا و جۆردا هـاتوون، وێنا کردنێکن لەگەڵ ئەودا ڕێك نایەنەوە.
هەندێك لەسـەرانی بەرەی داکۆکیکار باوەڕیان بەخوایەکی لەم چەشـنە هێنا و هەوڵیاندا خەڵکیش وادار و ناچار بکەن باوەڕی پێ بهێنێت، تا لەوێوە بە هەوادارەکانیان بڵێن: ئێمە پشـتیوانێکی وا بەهێز و بەتوانامان هەیە کە ئاوا تورە و دڵڕەقە لەگەڵ نەیارەکانماندا!
بۆ نموونە: نەوەی ئیســـرائیل گوتیان بە موســـا: تۆ و خواکەت بڕۆن بجەنگێن، ئێمە لێرە چاوەڕێتان دەکەین.
ئەم ڕێچکەیە توانی تارادەیەك خەڵکی سادە ناچار بکات کە: تا (لە ترسا بێت یان لـە برســـا) وەك ئەوان بیر بکـەنەوە و باوەڕ بەو چـەشـــنـە بیرکردنەوەیە بهێنن و بەردەوام لێی بترســـن و هەمیشـــەش خۆیان بە تاوانبار و شایستەی سزادان بزانن!

بەڵام نە ئەوسا توانیان و نە ئێستاش دەتوانن، کەسانی چاوکراوە و ئەوانەی کە ژیریان کارایە، ناچار بکەن تا باوەڕ بەو وێنا هەڵەیە بهێنن، چوونکە: ئاوا خوایەك کە لەو وێناکردنەدا هاتووە، ئەگەر بیشبێت، نە دەتوانێت خوایەتیی و خاوەنداریەتیی گەردوون بکات و نە شیاوی ئەوەشە ڕووی تێ بکرێت و بپەرسترێت.

ئەو کەسانەی کە ڕەواجیان بەم چەشنە وێنا و بیرکردنەوەیە دەدا، بیریان چوو بوو کە لەپەیامی دوا پەیامهێندا بۆ ڕێنمونیی مرۆڤایەتی، لەبارەی ئەوەوە فەرمویەتی: (لیسَ کمثلِه شيءٌ وهو السَّميع البَصير) ئیتر نازانم چۆنیان وێرا، دان بە بوونی شوێن و کورسی و دەست و قاچ و چاو و گوێ و جەستەی زەبەلاحدا بنێن بۆی و بە مرۆڤی سەردار و تووڕەی بچوێنن و لای بەندەکانی سیمای نەشیاوی بۆ بتاشن؟!

بگەڕێینەوە سەر باسی ئەم پرسە لەکۆمەڵگەی کوردیدا و بەتایبەت لەناو لاوانی خوێن گەرمی گەلەکەماندا و بزانین ئەم لالوت بوونەیان لەیەکدیی لەسەر ئەم پرسە، لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت و هۆکاری لێك تێنەگەشتنی ئەم دوو تەوژمە چیە؟!.

لەدیدی نووسەری ئەم بابەت وخوێندنەوەیەوە، هۆکارەکان لەم چەند خاڵەدا چڕ دەبنەوە:

١. بەکار هێنانی پرسە ئایینی و فیکریی و فەلسەفیەکان، لەلایەن سیاسەت و دەسەڵاتەوە، بۆ مەرامی سیاسی یەکێکە لەگرنگترین هۆکارەکان، ئەم دیاردەیەش لە مێژوودا ڕیشەی هەیە، لە هەڵوێستی دەسەڵاتی ئەسینا لەگەڵ ئەفلاتونە وە بیگرە تا دەگاتە، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی سەردەمە جیاوازەکان لەگەڵ پێغەمبەرەکانی سەردەمی خۆیاندا و دواتر چۆنیەتی هەڵسوکەوتی حاکمی شارەکانی ئەشبیلیە و بەغدا و شام لەگەڵ ئیبنولڕوشد و، هەلاج و، سورەوەردیی و... تاد.

مێژوو شاهدی ئەوەیەکە هەمیشە دەسەڵات و سیاسەتوانەکان هەوڵ دەدەن ئەم پرسانە بکەنە هۆکار بۆ نانەوەی دووبەرەکیی و چاندنی تۆوی قین و ڕق لێ بوونەوە لەدڵی ژێر دەستەکانیاندا، تا وەك ئەو پەندەی کە دەڵێت: (مێش کێشەیان لەناوکەوێ، مرۆڤ دەتوانێ کەمێ بخەوێ)، بۆئەوەی خەڵك سەرقاڵی کێشەمەکێشی خۆیان بن و بیریان بەلای ستەم و نادادیی و ستەمگەریی ئەواندا نەڕوات.
ئەمەی کە گوترا بۆ هەردوو ئاراستەی پرسەکە ڕاستە، نەك تەنها لایەکیان.
واتە: هەم بابەتی بوون و هەڵە وێناکردن و، هەم بابەتی نکوڵیی لێکردن، دژ بەیەك بەکار دەهێنرێن.
٢. وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، سروشتی مرۆڤ وایە و، وادیارە بوونیشی وادەخوازێت کە، هەمیشە ئەم پرسە ئامادەیی و حزووری ببێت لە خەیاڵدانیدا و لە هەر قۆناغێکیشدا بەچەشنێك خۆی بنوێنێت.
نووسەری ئەم بابەتە باوەڕی تەواوی هەیە کە، تەنانەت ئەوانەشمان واپیشان دەدەین باوەڕی تەواو و دامەزراومان بە خواوەند هەیە، هەندێ جار و لە خەڵوەتەکانماندا، زەینمان دەبزوێت و پرسیار دەوروژێت لە زەینماندا کە: خواوەند چۆنە و چیە و لەکوێیە؟، لەڕێگەی گفتوگۆشمانەوە لەگەڵ خۆماندا، دەکەوینە گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا.
٣. نەبوون یاخود لاوازیی ناوەندێکی جێ متمانە کە بتوانێت دیدگاکان بەیەك بگەیەنێت و گفتوگۆی هێمن و ئامانجدار سازبدات لە نێوان هەڵگران و هەوادارانی دیدگا جیاوازەکاندا لەبارەی ئەم پرسە و چەندین پرسی تریشەوە، کە پێویستیان بەشەن وکەو و تاوتوێی ڕاشکاوانە و بێپەردە هەیە، بەڵام بەداخەوە زۆرێکمان هەوڵی پەردەپۆش کردن و لەبیر بردنەوەیان دەدەین و خۆمانیان لێ دەبوێرین، بەڵام لەناکاوێکدا سەرە ڕێگەمان پێ دەگرنەوە و دیسان داوای وەڵاممان لێ دەکەنەوە.

نموونەی ئەم بابەتانە: بابەتی (زایەند - جنس) و سێکس و ڕۆشنبیریی زایەندییە، مرۆڤ سروشتی وایە کە: غەریزەی سێکسیی و زایەندیی، بەشێکی چالاك و جیانەکراوەیە لە هەست و جەستەیدا و هەموومان بەئاشکرا و بە پەنهان، لە ڕێگەی ڕەواوە یان بەناچاریی لە ڕێگەی ناڕەواوە، بەگەڕی دەخەین و بەکاری دەهێنین، بەڵام بە حوکمی دابونەریت، باسکردنی بەنەنگی دەزانین.!

لەوەش هەڵەتر ئەوەیە کە هەموومان دەزانین چالاکترین غەریزەی جەستەمانە و هەمووشمان بە هەردوو ڕەگەزەوە لە تەمەنی هەرزەکارییەوە بیگرە تا مردن، بەکاری دەهێنین، بەڵام تەنانەت پرسیار کردنیش لەبارەیەوە بە نەنگیی و عەیبە دەزانین و ڕێگەش نادەین لە ناوەندەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانیدا جێگەی بکرێتەوە.

لەکاتێکدا ئەم بابەتە و هاوشێوەکانی لە کتێبە فیقهیەکاندا بەڕوونی و بێ پەردە باس کراون و لەو بارەیەوە دەیان ڕێنمایی ئاینیی لە دەقی پیرۆزەوە بیگرە تا دەگاتە ڕێنومایيەکانی پێغەمبەران (سڵاویان لەسەر) هەیە.

٤. خاڵێکی ڕاشکاو و لەوانەشە کەمێك قورس بێت: دوور نیە زۆرێك لەوانەی کەلافی نکوڵیکاریی لێ دەدەن، یاخود هەندێك لە باوەڕداران بە نکوڵیکاری خواوەندیان دادەنێن، ئەوان لە ڕاستیدا نکووڵیی لە خواوەندی سەرچاوەی بوون و هەڵسوڕێنەری گەردوون، وەك ئەوەی کە هەیە، ناکەن، بەڵکو ئەوان کافرن بەو خوایەی کە هەندێك لە داکۆکیکاران باوەڕیان پێیەتی.

واتە: ئەوان بەخواکەی لای ئەمان کافرن، باوەڕیان بە خواوەندەکەی هەمووان هەیە، کە گەردوون بەڕێوە دەبات، ئیتر هەر ناوێکی لێ دەنێن ئەوە باسێکی ترە.

لەم بارەیەوە هەندێك لە عاریفەكان پێیان وایە كە: هەر لە بناغەوە ناولێنانی ســـەرچاوەی گەردوون بە هەر ناوێك، هۆكارێكە بۆ هەڵە وێنا كردنی ئەو.

یەكێك لەگرفت و ئاستەنگەكانی بەردەم تاوتوێی ئەم بابەتە ئەوەیەكە، خواوەند بدرێتە پاڵ و نیسبەت بدرێت بۆلای دەستەیەك و لەوێوە پێڕ و نەتەوە و گەلێك و تەنانەت ئومەتێكیش بكرێنە خاوەنی خواوەند... (پەنا بەخوا).

خواوەند خوای هەموو گەردوونە و خوای هەمووانە و هەموانیش هی خواوەندن، بەیار و نەیاریانەوە و ... تاد.

لە پێش كۆتاییدا بەزمانێكی سادە تر باسێك لەو پاوەر و هێزە بكەین كە (وەك پێشـــتر گوتمان) هـەر یەكـەمان و بەپێی فـەرهـەنگی خۆمان ڕێك كەوتوین و ناوێكمان لێ ناوە و ئێمەی كوردیش ناومان لێ ناوە (خوا - خواوەند) و بەو ناوەوە ڕاز و نیازی خۆمانی لەگەڵدا دەكەین و هانای بۆلا دەبەین.

دەتوانین بڵێین ئەو: ئەو هێزەیە (هەرچەندە وشـەی هێزیش دیسـانەوە چەشـنێكی ترە لە شـوبهاندنی نەشـیاو، بەڵام زمان و دەربڕین لەوە زیاتر دەرفەتمان نادات)، كە بەپێی ئەو یاسـایانەی دای ڕشـتوون بۆ گەردون، لە زەویەوە تا ئاسـمان، لە مەلەكەوە تا فەلەك، لە حەجەرەوە تا مەجەر، لە گەردیلەیەكەوە تا گەلە هەسـارەیەك، لە دڵۆپە ئاوێكەوە تا دەریا و زەریاكان، لە چركەسـاتێكەوە تا كۆتایی كات و تا سـاتی بەرلەكات... لە میلێكـەوە تـا پانتـایی بێ پێوانـەی گـەردوون، لـە وردیلە زینـدەوەرێكی وشـــكانیی و ئاویی و هەواییەوە تا دەگاتە زەبەلاح ترین هەبوو لەهەر هەســـارەیەكدا بێت، لە بەرزایی و پێش بەرزاییەوە تا قوڵایی و خوار قوڵایی، لەم سـەری گەردونەوە و پێشـی ئەمسـەریەوە تا ئەوسـەری و

دوای ئەوسەریشی، هەر هەمووی بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە دەجوڵێن و دەبزوێن و دێن و دەچن (كلٌ فى فَلَكٍ يسْبَحُون).
ئێمەی مرۆڤ هاتین لە ڕێگە و سایەی ئەو ژیریەوە کە ئەو پێی بەخشیبووین، بۆ خۆمان زمانمان پەرە پێدا و لقمان لێ کردەوە و دواتر قوتابخانەی فیکریی و فەلسەفیمان داهێنا و دواتر زانستەکانمان داهێنان و دابەشمان کردن بۆ چەند لقێك و ناومان لێنان: (فیزیا، کیمیا، هەندەسە، جەبر، پزیشکیی، فەزاناسیی، هێزی ڕاکێشان، یاسای کێشانە و پێوانە و فەلسەفە و... تاد).
ئەمانەشمان هەمووی بەهۆی ئەو کەمە ژیریەوە کرد کە پێمان بەخشراوە، من دەڵێم: لەلایەن خواوەندەوە پێمان بەخشراوە و تۆش هەر ناوێکت پێ خۆشە لێیی بنێ، گرنگ ئەوەیە کە هەردولامان دان بەوەدا دەنێین کە پێمان بەخشراوە.
ناسین وپێناسە کردنی (من) خۆی ئەستەمە، تا بگات بە پێناسەی ئەوەی کە بوون و ژیریی پێ بەخشیوم، لە فەلسەفەدا بابەتێك هەیە لەژێر ناونیشانی (من و غەیری من)، هیوادارم خوێنەر دەرفەتی ببێت لەو بارەیەوە بخوێنێتەوە.
لەو بابەتەدا پرسیار لە ماهیەت و چیایەتیی (من) ەوە دەکرێت.
لەوێ دەگوترێت: ئەگەر بتوانرێت مرۆڤ دانە دانە ئەندامەکانی جەستەی لێك جیا بکرێنەوە و بخرێنە بەرانبەری و لەو کەسە بپرسیت: ئەوانە چین؟ دەڵێت: بەشێکن لە من، بەڕادەیەك ئەگەر هەموو جەستەی بە ساغیی یان بە پارچەکراویی، بخرێتە ئەو بەرەوە و لێی بپرسرێت ئەوە چیە؟
ئەو دەڵێت: ئەوە لاشە و جەستەی منە!

ئەم منە چیە؟! تەنها خوا خۆی و ئەوانەش کە ئەو وەک خۆی دەناسن، لەم منە تێدەگەن، وەک پێغەمبەران و گەورە عارفان هەست زیندووەکانی بوارە جۆراوجۆرەکان.

واتە: ئەگەر دەرکی (من)، هێندە سەخت بێت، ئاخۆ دەرکی غەیری من، چەندان هێندەی تر سەخت و دژوار بێت؟

بەسەرهاتێك بەنموونە دەهێنمەوە و هەوڵ دەدەم کۆتایی بەو باسە بهێنم کە خۆم لەئێوە زیاتر حەزم لەکۆتایی پێ هێنانیەتی:

دەگێڕنەوە (سولتان مەحمودی غەزنە) ڕێی دەکەوێتە شارەدێی (خەرەقان) و بانگەواز دەکات کەسایەتیی و پیاو ماقوڵانی شارەدێکە بێنە دیداری، پاش دیدارەکە ئاگادار دەکرێت کە (ئەبولحەسەنی خەرەقانیی) کەسایەتیەکی ناوداری ناوچەکەیە و خاوەنی خانەقایەکی دیارە، ئامادەی دیدارەکە نەبووە، سولتان بە هەواڵەکە تووڕە دەبێت، یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە: سولتان سەردانی ئەو بکات و لەوێ پرسیاری نەهاتنەکەی لێ بکات!

سولتان پێشنیارەکە پەسەند دەکات و لەگەڵ ڕاوێژکارەکەیدا شەو دەچن بۆ خانەقای خەرەقان، لەوکاتەدا ئەبولحەسەن سەرقاڵی وتاردان دەبێت بۆ هەوادارەکانی.

سولتان و هاوڕێکەی دەچنە ژورەوە و، هەرچەندە پۆشاك و سیماشیان لە پۆشاك و سیمای موریدەکان ناچێت، بەڵام فەرموویان لێ دەکەن و دادەنیشن، پاش وتارەکە، ئەبولحەسەن دەچێتە لایان و بەخێرهاتنیان دەکات، سولتان دەپرسێت لە خەرەقانیی: بۆچی نەهاتی بۆ دیدارمان و فەرمانت شکاندین، نازانی خواوەند فەرموویەتی: گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر و کار بەدەستەکانتان بن؟

شێخیش بەو پێیەی کە هەوادار و پەیڕەوی هەیە و هەڕەشەی نەهاتنەکەشی لەسەرە، پێویستە وەڵامێك بداتەوە هەم خۆی دەرباز

بکات و هەم وانەیەکیش بێت بۆ هەوادارەکانی و بۆ سـوڵتانیش، بۆ یە دەڵێت: قوربان ڕاستە خواوەند وای فەرمووە، بەڵام من هێندە ڕۆچووم لە بڕگەی یەکەمدا کە دەڵێت: (گوێڕایەڵی خواوەند بکەن) و مەبەستمە جێبەجێی بکەم، بیرم بەلای بڕگەی دووەمیشـەوە نەماوە، تابگات بە بڕگەی سێیەم!

لەکۆتاییدا دەڵێم: خۆ دەرخسـتن شـانازیە و خۆشـاردنەوە نەنگیە، باوەڕت بەهەرچی هەیە، یان باوەڕت بەهەرچی نیە ئازادیت.

نە شەرم بکە و نە خۆشت هەڵکێشە، بەڵکو بەپێی بیروڕاکەی خۆت بیر بکەرەوە و هەرواش بنووسـە و واش قسـە بکە، تەنانەت واش هەڵس وکەوت و ڕەفتار بکە.

هەڵەیە گەر بتەوێت بەزۆر و بەسـەپاندن، وا لەخەڵك یان تەنانەت وا لەکەسـە نزیك و هاوڕێکانیشـت بکەیت، وەك تۆ و لە فلتەری تۆوە بیر بکەنەوە و بژاردەی تۆ هی ئەوان و ناپەسـەندت هی ئەوانیش بێت.

بیرت بێت: وەك چۆن تۆ ئازادیت، هەموانیش ئازادن. باشـترە ڕێز لە بژاردەی بەرانبەرەکەت بگریت، نەك سـوکایەتیی پێ بکەیت. تەنها لەو کاتەدا مافی ڕێگریت هەیە کە سـوکایەتیی بە بیروڕات بکرێت، یان هەوڵی ناچار کردنت بدرێت بە باوەڕهێنان بە شـتێك کە باوەڕت پێی نەبێت.

چۆنت پێخۆشـە وابژی، بهێڵە با کەسـانی تریش بەو شـێوەیە بژین کە پێیان خۆشە.

# قەزا و قەدەر
## چەند چەمکێکی ئاوەژووکراو

بە کوردییکردنی
ئیبراهیم میکە عەلی

# بەرایی

ئەم بابەتەی کە لە دووتوێی ئەم نامیلکە خنجلانەدایە، وەرگێڕدراوی وتارێکی سەربەخۆیە بەناوی (القضاء والقدر مفاهیم مغلوطة) و نووسینی کۆچکردووی ڕەحمەتیی د.محەممەد شەحرورە. وەرگێڕانی ئەم بابەتە بۆ سەر زمانی کوردیی و پێشکەش کردنی بە خوێنەری کورد، لەوێوە سەرچاوەی گرت کە باس و بابەتی قەزا و قەدەر، باس و بابەتێکی ورد و ئاڵۆزە و لەوانەیە زۆرجار لە نووسین و لێکۆڵینەوەکاندا کە لەم بارەیەوە کراون، نووسەر و لێکۆڵەرەکان بۆیان نەهاتبێت و نەیان توانیبێت مەبەستەکە بە ڕوونیی و ڕاشکاویی و پاك کراویی بخەنە بەردەس خوێنەر، ئەویش بەڕای من لەبەر دوو هۆ بووە:

١- نووسەر و لێکۆڵەر و زانا ئاینیەکان لەچوارچێوەی ئەو کەلەپورە ئسلامیەدا کاریان کردووە کە وەك عەرەب دەڵێت: (إختلط فیه الحابل بالنابل أو إختلط فیه الغثُّ بالثَّمین) لەو کەلەپورەدا لەڕوانگەی ڕیوایەتەوە نەبێت، کەس ناتوانێت سەربەخۆ سەرنج لە واتای یەك ئایەت لەئایەتەکانی دابەزێنراوی بەجێ بدات، یاخود چەند ئایەتێك لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکات و واتا و مەبەستێکی تازەیان لێ هەڵێنجێنێت، بەڵکو پێویستە هەمیشە مرۆڤی باوەڕدار قەتیس بێت لە عەقڵی ئەو چەند بەڕێزەدا کە لەسەدەکانی ڕابوردوودا ژیاون، ئەوان چییان فەرموو بێت لەبارەی هەر بابەتێکەوە، پێویستە ئێمەش دوای سەدان ساڵ هەر ئەوە بڵێینەوە، بزواندنی عەقڵ لەو کەلەپورەدا و بەلای زێوانەکانیەوە، لەم سەردەمەدا بقەیە و کارێکی نەشیاوە.

٢- هەرکەس لەو بوارەدا قسەی کردبێت، نەیتوانیوە لەو چوارچێوە و هێڵە گشتییانە دەرچێت کە پێشتر لەم بارەیەوە دیاریی کراون، بە واتایەکی تر نەیتوانیوە عەقڵی (تَجرید) بکات و سەربەخۆ بیر بکاتەوە، بۆیە ئەگەر بۆچوونێکی تازەشی پێ بووبێت، بۆ ئەوەی، یاخود لەترسی ئەوەی کە نەکا بە کافر و زەندیق ناوی ببەن، دواجار هەر خۆی لە ووتنی ڕاستیی و دەربڕینی بۆچوونەکانی پاراستووە و بە شەرمنانە ئەگەر

توانیبێتی ئاماژەیەك بە بۆچوونەكەشی بكات، لەدواجاردا هەر بەستوویەتیەوە بەو قسەیەوە كە دەڵێت: ئەمە بۆ چوونێكە و دەنگوَنجێت هەڵە بێت و دەشگونجێت ڕاست بێت. واتە: خوێنەر بە خوێندنەوەی باس و لێكۆڵینەوەكان نەدەگەیشتە دەرەنجامێك بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە كە لە دەروونی هەر مرۆڤێكدا هەن و بەردەوام ختوكەی دەدەن. بەڵام لەم نووسینەدا دكتۆر محەممەد شەحرور بەشێوەیەكی ڕاست و ڕەوان و كورت و پوخت و بەبێ پشت بەستن بە هیچ قسەو بۆچونێك كە لەڕابوردوودا لەم بارەیەوە كراوە و بەپشت بەستن تەنها بە ئایەتەكانی دابەزێنراوی بەجێ و بەشێوازێكی كورت و زۆر بوێرانە و بە بەڵگەی دیاردە سروشتیەكانی گەردوون و هێنانەوەی نموونەی واقعیی، توانیویەتی ئەم گرێ كوێرە فیكری و عەقیدیە گرنگە لە بیر و مێشكی موسڵمانان و باوەڕدارانی بكاتەوە و دەروازەیەكی بەرفراوان بە ڕووی بیر و هزر و مێشكیاندا واڵا بكات.

منیش لەو سۆنگەیەوە كە لەوانەیە ئەم بابەتە ببێتە خزمەتێك بە بیر و هزری خوێنەری كورد، بە ئەركی سەرشانی خۆمم زانی هەستم بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی كوردیی سۆرانیی و پێشكەش بە خوێندەواری كوردی بكەم. لەكاتێكدا ئەم نامیلكەیە بۆ جاری دووەم لەچاپ دەدرێتەوە كە نووسەرەكەی ئێمەی بەجێهێشتوە و گەشتوەتە مەقامی ویساڵ، بۆیە لێرەوە نامیلكەكە دەكەمە دیاریی و پێشكەشی دەكەم بە ڕۆحی كۆچ كردوو.

ئیبراهیم میكە علی

٢٠٢١- سلێمانی

# قەزا و قەدەر چەند چەمکێکی ئاوەژووکراو

زۆربەی باوەڕداران والێکی دەدەنەوە، ئەو پێشهاتانەی کە لەژیانیان و لەکۆمەڵگەکانیاندا ڕوو دەدەن، لەکوشتن و ڕاوەدوونان و کۆچ پێکردن و ماڵ وێرانیی، وای بۆ دەچن ئەم کارانە هەمووی قەدەرێکە لەلایەن خواوەندەوە و لەتوانای ئەواندا نییە خۆیانی لێ لابدەن و نەهێڵن ڕوو بدەن، هەروەها وا دەزانن کە خواوەند ئەو نەهامەتیانەی لەئەزەلەوە لەچارەیان نوسـیوە و هیچ کەس ناتوانێت ڕەدی بکاتەوە و بەر بە ڕوودانیان بگرێت.

لەوانەیە زۆربەی باوەڕدارانیش سەریان لەوە سوڕ بمێنێت کە ئایا بۆچی خواوەند زۆرێك لەدوعا و نزا و داوا و پاڕانەوەکانیان پشتگوێ دەخات و بەهانایانەوە ناچێت، لەکاتێکدا ئەوان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە خواوەند بە هانایانەوە بێت و دوعاکانیان قەبوڵ بکات و ستەمگەرە مل هۆڕەکانیان بۆ لەناو ببات و ڕزگاریان بکات لەو ستەم و دۆخەی کە تێی کەوتوون و بەدەسیەوە دەناڵێنن.

پێویستە بیرمان بێت کە ئەم بیرکردنەوە و قەناعەتەش لە بۆشاییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو کەلەپوری ئسلامیی بۆماوەمان چەندین چەمك و دەستەواژەی ئاوەژووی بۆ داهێناوین و بۆی بەجێهێشتووین، بەشێوەیەك ئەو ئسلامەی کە لە پەیامی ئاسمان و دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە، بۆی گۆڕیوین بە ئایینێکی تر کە زۆر جیاوازە لەوەی کە لە پەیامی ئاسمان و دابەزێنراوی بەجێدا هاتووە و لەچەند ڕوکارێکی سادە و ساکاردا نەبێت، ئەم دوو ئسلامە هیچیان لەوی تریان ناچێت.

هەروەها ئەم کەلەپورە بۆماوەیەمان پەیامە ئاسمانیەکەی لەپەیامێکەوە کە بۆ خەڵکانێك هاتووە هۆشـمەندن و بەردەوام بیریان دەبزوێنن و بەکار دەهێنن: [لِقوم يتَفَكَّرُونَ] الجاثية/ ١٣. [لِقوم يعقلون] البقرة/ ١٦٤.

بۆگۆڕیوین بە پەیامێك کە پێمان دەڵێت: ئەگەر ژیریی و فام و عەقڵ لەگەڵ گێڕانەوە و نەقڵێکدا تێگیران، ئەوا گێڕانەوە و نەقڵەکە هەڵبژێرە

بەســـەر ژیریی و فام و عەقڵەکەدا و واز لە عەقڵەکە بێنە: (إذَا تعارضَ العقلُ معَ النَّقلِ فيُقدَمُ النَقل).
هەروەها لەباتیی پەیامێك كە پێمان دەڵێت: بگەڕێن بەناو زەویدا و بەسەر زەویدا: [فَسِيرُواْ في الأَرْضِ] النحل/٣٦.
لەبەرانبەر ئەم پەیامەوە پەیامێکمان پێگەشـتووە پێمان دەڵێت: واز بێنە لە ڕۆژگار با چیی دەوێت بیکات: (دَعِ الأيامَ تَفعلُ ما تشاء).
هەروەها پێمان دەڵێت: ئەگەر لەشـەڕەکاندا تێك شـکان، ئەوا ویسـتی خواوەند وابووە تێك بشــکێن، ئەگەر کار بەدەســتە ســتەمکارەکانیش دەتان چەوسێننەوە، ئەوا بڕیارێکە و خواوەند لەسـەری نووسیون، هەر لەم ســۆنگەیەوە پزیشــك لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت ئەگەر هەڵەی گەورە و کوشــندەش بکات، هەروەها ئەگەر لە زیندانەکاندا بەســەدان کەس بمرن، کەس لێ پرسینەوە لەگەڵ دەسەڵات و کار بەدەسەتەکاندا ناکات، بەڵکو هەموو ئەم تاوانانە بە چاك و ناچاکیانەوە، دەخرێنە خانەی قەزای خواوەند و قەدەرەکەیەوە و لێرەوە خواوەند کراوەتە بەرپرسی یەکەم لەهەموو کارێکدا کە ئێمە دەیکەین.
ئەگەر بەرلە لەدایك بوونی هەرکەســێك، تەمەنی دیاریکرا و بێت و لەسەری نوسرابێت کەی دەمرێت، ئیدیی خەرج کردنی ماڵ و سامان لە بونیاد نان و بەڕێوەبردنی پەیمانگا و کۆلێژە پزیشــکیەکاندا و لەپێناو لێکۆڵینەوە و بەرهەم هێنانی داودەرماندا چ سوودێکی هەیە؟
هەروەها لێپرســینەوە و لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی کارەســاتەکانی هێرۆشـیما و تاوانەکانی تری مێژووی مرۆڤایەتیی چ سـوود و بایەخێکی هەیە؟
هەر لێرەشــەوەیە دەبێت بپرســین ئەگەر وابێت و (دڵنیاشــین کە وانیە) ئیدیی پاداشتی بەهەشت و سزای دۆزەخیش بۆ؟
ئەگەر وابێت و (دڵنیاشــین کە وانیە) هەموو ژیانی مرۆڤایەتیی دەبێتە شـانۆگەرییەکی گاڵتە ئامێز و پێشـتر سـیناریۆ و تێکسـتی بۆ ئامادەکراوە، ئەمەش بەتەواوەتی پێچەوانە و دژە لەگەڵ فام و ژیرییدا.

# چۆن لە قەزا و قەدەر تێبگەین بە پێی دەقەکانی دابەزێنراوی بەجێ؟

بۆ ئەوەی لەم پرسە تێبگەین سەرەتا پێویستە لەسەر واتا و مەبەست و چەمکی زانیاریی خواوەند (علم الله) بە سەرنج و ڕامانەوە بوەستین، ئەم پرسە و ئەم چەمکە (عِلمُ الله) لە هەموو پرس و بابەت و چەمکەکان زیاتر گفتوگۆ هەڵ دەگرێت و دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت، چوونکە زانیاریی خواوەند زانیارییەکی داماڵراوی تەواوە (تجريديٌ بَحت) و بە دوورە و جیایە لە هەستەوەرەکان (الحواس) و مۆرك و تایبەتمەندیی زانینی تێروتەسەل و تەواو (المَعرفة الكامِلَة) لەخۆ دەگرێت، زانست و زانینی خواوەند زانست و زانینێکی دڵنیا بەخشی تەواوە لەبارەی هەموو شتەکان و هەموو ڕووداوەکان و هەموو دروستکراوەکانی کە هەن و بەدیی هێنراون: [وسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيءٍ عِلماً أَفَلا تَتَذَكَّرُونَ] الأنعام/٨٠.

واتە: پەروەردگارم ئاگای لە هەمووشتێکە و لەبارەی هەموویەوە زانست و زانیاریی تەواوی لایە، ئایا بیرێك ناکەنەوە؟

بەڵام ئەم زانیاریی و زانینە لەگەڵ هەموو ئەو ئەگەرانەدایە کە بۆیان هەیە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بە ئاگایانەی مرۆڤەکاندا ڕوو بدەن و بێنە بوون: [وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ] النمل/٢٥.

واتە: هەموو ئەوەی کە دەیشارنەوە و هەموو ئەوەش کە دەری دەبڕن و ئاشکرای دەکەن، هەمووی دەزانێت.

خواوەند بە هەموو ئەو ئەگەرانە ئاگایە و دەیانزانێت کە دەشێت و بۆی هەیە مرۆڤ لەهەڵس و کەوتی ڕۆژانەیدا ئەنجامیان بدات و پێیان هەستێت.

ئیدی جیاوازیی نیە ئەو ئەگەر و (إحتِمالات) انە لە خواردن و خواردنەوەدا بن، یاخود لەجل و بەرگ و کار و پیشەدا بن، خواوەند بە ئاگایە بە هەموویان، هیچ کەس ناتوانێت هەستێت بەکارێك لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو ئەگەرانەدا بێت کە لەزانیاریی خواوەنددا

هەن، یاخود کارێك بکات کە خواوەند پێشـــتر وەك ئەگەرێك لەبەر چاوی نەگرتبێت، یاخود کارێك بکات کە خواوەند بەکارەکەی سەرسام ببێت، گوایا ئاگای لێ نەبووە.
بۆ نموونە: ئەگەری کوفر کردن یاخود ئەگەری باوەڕ هێنان لە زانیاریی ڕەهای خواوەنددا بوونیان هەیە، بۆیە کاتێك ئەبوبەکر باوەڕ دەهێنێت لای خواوەند کارێکی کوتوپڕ و مایەی سەر سوڕمان نیە، بەهەمان شێوە کاتێك ئەبو جەهل کوفر دەکات و مل بە پەیامەکەی محەممەد نادات، بەم کارەیان نە ئەبوبەکر و نە ئەبوجەهل کارێکیان نەکردووە لەدەرەوەی ئەگەرەکانی ناو زانیاریی ڕەهای خواوەند بێت، بۆیە نە بڕیارەکەی ئەبوبەکر و نە بڕیارەکەی ئەبو جەهل مایەی ســـەر ســـوڕمان نین بۆ خواوەند.
بۆ نموونە: ئەگەر هەر لەئەزلەوە زانیاریی خواوەند وابوایە کە ئەبوبەکر باوەڕ دەهێنێت، ئەوکات زانیاریی خواوەند کەم و ناتەوا و دەردەچوو، قەتیس دەبوو لەیەك ئەگەردا (ئەویش بریتیە لەوەی کە ئەبوبەکر باوەڕدەهێنێت)، بۆیە ئەگەر ئەبوبەکر بە هەر هۆیەکەوە بوایە باوەڕی نەهێنایە، ئەوا خواوەند ســەرســام دەبوو بە بڕیارەکەی، ئەمەش ئەگەر وابوایە خۆی لەخۆیدا کەمیی و ناتەواویی زانســـت و زانینی خواوەندی دەگەیاند!
بۆیە زانیاری و (علم) ی خواوەند تەواوە و بەتەواویی مانا (کامِل) هەو ئاگایە بە هەموو ڕووداو و پێشـــهاتەکان، چ ئەوانەی کە پێشـــتر ڕوویان داوە و چ ئەوانەش کە لە حاڵی ڕووداندان لە ئێستە و لە داهاتوودا، ئەو ئایەتەش کە دەفەرموویت: [لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ] الرُّوم/٤. ئاماژەیەکی ڕوونە بەو ڕاستیە.
ئەم ئایەتە ڕوونی دەکاتەوە خواوەند بە هەموو ئەو ئەگەرانە ئاگایە کە دێنە ڕێگەی کەســێك، پێش ئەوەی ئەو کەســـە یەکێك لەو ئەگەرانە هەڵبژێرێت و بڕیاری لەســـەر بدات، خواوەند بە هەموو ئەگەرەکان ئاگادارە و لەزانســـتیدا بوونیان هەیە، وە لەگەڵ یەکەم چرکەســـاتی

هەڵبژاردنی کەسـەکەدا بۆ یەکێك لەئەگەرەکان، دەسـت و برد خواوەند بە ئاگا دەبێت لە بڕیار و هەڵوێسـتەکەی و دەزانێت چی هەڵ بژاردووە، تا ئێرە خواوەند مۆڵەت و مافی هەڵ بژاردنی داوە بەو کەسـە کە چی دەوێ و کام لەو ئەگەرانە هەڵ دەبژێرێت کە لەبەردەمیدان، بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردنیدا بۆ یەکێك لەئەگەرەکان ڕاستەوخۆ هەڵبژاردنەکەی یاخود ئەوەی کە هەڵی بژاردوە و بڕیاری لەسـەرداوە، لە ئەگەرێکەوە لەناو ئەگەرەکاندا، دەبێت بە ڕووداوێکی تۆمارکراو لەسەری و بەرپرسیار دەبێت لەبەرانبەریدا، ئەمەش لەم ئایەتەدا بە ڕوونیی ئاماژەی پێکراوە کە دەفەرموویت: [هذَا كِتَابُنَا يَنطِقُ عَلَيْكُم بِالْحَقِّ إِنَّا كُنَّا نَسْـتَنسِـخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ] الجاثيَة/٢٩.

واتە: ئەوە پەڕاوەکەمانە بەڕاسـتیی و حەقیقەتەوە دێتەگۆ بەرانبەرتان و ئێمەش وێنە و کۆپی هەموو ئەو کردەوە و کارانە دەگرین کە پێیان هەڵدەسن.

سەبارەت بە قەزای خواوەندیش هەموویان (قضَاءالله) ن و دابەزێنراوی بەجێ، جیاکاریی و جیاوازیی کردووە لەنێوان (قضَـی) بەمانای (أخبَر) واتە: هەواڵیدا، وەك لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: [وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَلِكَ الأَمْرَ أَنَّ دَابِرَ هَؤُلاءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ] الحجر/ ٦٦.

واتە: ئێمە هەواڵمان پێدا و پێمان ڕاگەیاند کە ئەوانە لەبەرەبەیاندا دوا بڕاو دەبن و لەناو دەبرێن.

هـەروەهـا دابـەزێنراوی بـەجێ جیـاوازیی و جیـاکاریی کردووە لـەنێوان (قضَـی) بـەمـانـای (أمر) واتـە: فـەرمـانی کرد، کـە پێچـەوانـەی (نَهی) یـە بەمانای ڕێگیریکردن، وەك لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: [وقَضَـى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ] الأسراء/ ٢٣.

واتە: پەروەردگارت فەرمانی کرد کە بێجگە لەو، کەسی تر نەپەرستن.

هەروەها دابەزێنراوی بەجێ جیاکاریی کردووە لە نێوان (قضَـی) بە مانای (أنهى الشـيء) واتە: کۆتایی بەشـتێك هێنا و لەناوی برد، وەك لەئەم

ئایەتەدا دەفەرمووێت: [فَمِنْهُم مَّن قَضَـــى نَحْبَهُ وَ مِنْهُم مَّن ينتَظِرُ] الأحزاب/ ٢٣.

واتە: هەیانە بەرەو چارەنووسـی خۆی ڕۆشـتووە و کۆتایی پێ هێناوە و هەشیانە چاوەڕێ دەکات.

دواجار دابەزێنراوی بەجێ جیاوازیی کردووە لەنێوان هەر یەك لەو (قضَی) یانەدا و ئەم (قضَی) یەدا کە بەمانای ئەو ویستە خواییە دێت کە هەر ئەو جێبەجێ دەبێت و سـەر دەگرێت (إرادة اللهِ النَّافِذة) وەك لەم ئایەتەدا هاتووە و دەفەرمووێت: [وَإِذا قَضَـــى أَمْراً فَإِنَّمَا يقُولُ لهُ كُن فَيكُونُ] البقرة/ ١١٧.

ئەم مانا و واتایەیە بووەتە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان، خواوەند ئەم مانا و مەبەسـتەی بەشـێوەیەکی زۆر جێگیر و مکوم دارِشـتووە، بۆیە گوتەی خواوەند گوتەی ڕاستیی و حەقیقەتە: [قَوْلُهُ الْحَقُّ] الأنعام/٧٣.

کەلیمات و یاسا و ڕِستەکانیشی بریتین لە بەدیهێنراوەکان: [يُحِقَّ الحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ] الأنفال/٧.

واتە: حەقیقەت بە کەلیمات و دروستکراوەکانی جێبەجێ دەکات.

هەروەها ئەو قەزایەی کە ئەو دایرِشـتووە تەنها لە ڕێگەی (مُقَدَّرات) و ئەندازەگیریەکانی خۆیەوە جێبەجێ دەبێت وەك دەفەرمووێت: [وكَانَ أَمْرُ اللَّهِ قَدَراً مَّقْدُوراً] الأحزاب/٣٨.

واتە: فەرمانی خواوەند ئەندازەگیریەکی دەسـت نیشـان کراو و دیاریکراوە.

بە واتایەکی تر مەبەسـت لە قەدەری ئەندازەگیراوی خواوەند، یاسـا و ڕێسـا دارِێژراوەکانی گەردوونە، هەروەها قەزاکەشـی ئەزەلیی نیە، بە بەڵگەی ئەوەی کە (إذَا) ئامرازی بە مەرج گرتنە و ئەگەر لە ئەزەلەوە بڕیاری لەسـەر بدایە لەباتی: [وإِذَا قَضَـــى أَمْراً فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكونُ] دەیفەرموو: (فَإِنَّمَا يَقولُ لهُ كُن فَكان).

ئەگەر سـەرنج بدەین لە وشـەی (فَيَكُون) دەبنین: توانای خواوەندی بە وشـەی (يَكُون) ڕەها کردووە، واتە: لەکۆت و بەندی کات دەربازی

کردووە، کەواتە: ئەم ڕەها کردنە شایانی ئەوەیە کە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و بگۆڕدرێت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، ئەم بوارەش هێڵراوەتەوە بۆ ویستی خواوەند و بۆ هەڵوێستی مرۆڤ، بۆیە لەخوار یاسا گەردوونیە جێگیرەکانەوە (الأقدار) کە گۆڕانکاریی قەبوڵ ناکەن و کەس ناتوانێت بیان گۆڕێت وەك: (شەو و ڕۆژ، مردن و ژیان، سوڕانەوەی زەوی و هەسارە و گەلە هەسارەکان، بەدوای یەکدا هاتنی وەرزەکانی ساڵ... تاد) ئەمانە یاسا گەلێکن کە گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت و کەس ئەو توانایەی نییە بیان گۆڕێت، لەخوار ئەم یاسا گەردوونیە جێگیرانەوە، بەهۆی ئەو زانست و زانینەوە کە (نفخة الرُّوح) ە و خواوەند بەخشیویەتی پێی، مرۆڤ دەتوانێت کار بکات لەسەر درووستکراوەکان و هەڵیان سوڕێنێت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، بۆ نموونە: خواوەند یاسایەکی داناوە بۆ بارینی باران، مرۆڤیش دەتوانێت لاسایی پێکهێنانی هەورەکان و پیتاندنیان بکاتەوە و ئەو بارانە لەسەر شارێك ببارێنێت، بۆیە: ئەگەر بڕی ئەو بارانەی کە دەبارێت بەسەر ئەو شارەدا خواوەند پێشتر دیاریی بکردایە، ئەوا بێگومان مرۆڤ نەیدەتوانی دەسکاریی و زیاد و کەمی تێدا بکات، ئەوجا نوێژە بارانەش هیچ ڕۆڵێکی نەدەبوو لەبارینی باراندا.

لێرەوەیە کە دەڵێین: چەند زانیاریی و زانست و زانینمان لەبارەی بەدیهێنراوەکانی خواوەندەوە زیاتر و زیاتر بێت، زیاتر دەتوانین ڕۆڵمان لە ڕوداوەکاندا ببێت و ڕۆڵمان لە قەزایاندا ببێت و دواجار ڕێژەی ئازادییشمان زیاتر دەبێت.

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا سەرەڕێگەمان پێ دەگرێت ئەوەیە کە: چۆن ئەم ئایەتە لێك بدەینەوە و چۆنی لێ تێبگەین کە دەفەرمووێت: [قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا هُوَ مَوْلاَنَا وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ] التوبة/٥١.

واتە: بڵێ هیچمان تووش نابێت بێجگە لەوەی کە خواوەند لە پەڕاوە تایبەتەکاندا لەسەری نووسیوین، ئەو سەرپەرشتیارمانە، با باوەڕداران هەر پشت بە خواوەند ببەستن.

سـەرەتا پێویسـتە مانا و واتای (كَتَبَ) ڕوون بكەینەوە: (الكِتَاب) لە زمانی عەرەبیدا مانای كۆكردنەوەو و لێكدانی شتەكان دەگەیەنێت، واتە: كۆیان بكەیتەوە و بەراوردیان بكەیت، بۆ ئەوەی مانا و واتایەكی بەسـوودیان لێ وەربگریت، یاخود بۆ ئەوەی بابەتێكی تێر و تەسـەلیان لێ دەر بهێنیت، بۆ نموونە دەڵێین: (مَكتبُ المُحاماة) نووسـینگەی پارێزەریی واتە: ئەو جێگەیەی كە پارێزەرەكانی لێ كۆدەبنەوە و سـەروبەری پرس و ڕووداو و یاسـاكان لێك دەدەن و دەرچەیەك بۆ پرسـە ئاڵۆزەكان دەدۆزنـەوە، هـەروەهـا دەڵێین: (كَتيبة الـدَّبابات) واتـە: كۆكردنـەوەی سـەربازەكان لەگەڵ زری پۆشـەكانیاندا، هەروەها كاتێك كە دەڵێین: (كِتابُ الفيزياء) پەڕاوی فیزیا، تێدەگەین كە: هەندێك لە بابەتەكانی پەیوەسـت بە فیزیا لەو چەند لاپەڕەیەدا كۆ كراونەتەوە، كەدەشـڵێین: (كِتابُ الرِّياح) واتـە: كۆی ئـەو ڕەگـەزانـەی كـە ئـەگـەر كۆببنـەوە، یاخود كۆبكرێنەوە لەگەڵ یەكتردا، دەبنە هۆی هەڵ كردنی باو بۆران.

كۆی هەموو ئەو بەدیهێنراوانەی لەگەردووندا هەن، بریتین لە چەند هەل و مەرجێك كە پێكەوە كۆكراونەتەوە: [وكُلَّ شَـىْءٍ أَحْصَـيْنَاهُ كِتَاباً] النبأ/٢٩.

واتە: هەمووشتێكمان سەرژمێری كردووە و كردوومانن بە پەڕاوێك.

مرۆڤ هیچ شتێكی تووش نابێت لە ڕێگەی ئەم پەڕاوانەوە نەبێت.

بۆ نموونە: ئەگەر مرۆڤ نەخۆش كەوت، ئەوا بە چەشنێك نەخۆشیی، نەخۆش دەكەوێت كە لە سـرووشـتدا بوونی هەیە و لەچوارچێوەی ئەو هـەل و مـەرجـەدایە كـە مرۆڤـەكـەی تێیدا دەژی، هـەروەهـا هـەموو نـەهامـەتیی و ڕوداوەكانی كـە لـەگۆی زەویدا ڕوو دەدەن وەك: زەمین لەرزەكان، لافاو و زریانەكان، لەناوچوونی خەڵك و وێران بوونی وڵاتان، هەموویان یاخود هەریەكەیان لەچوارچێوەی یەكێك لەو پەڕاوانەدایە، واتە: لە ڕێگەی ئەو هەل و مەرجە بابەتیانەوە ڕوودەدەن كە لەو بارەیەوە بوونیان هەیە لەگەردوندا: [مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ] الحديد/٢٢.

واتە: هەرچی توشـــهاتێك كە ڕوو دەدات، لە زەویدا بێت یاخود لە دەروونی خۆتاندا، ڕووناداات ئەگەر بوونی نەبێت لەپەڕاوێكدا پێش ئەوەی جیای بكەینەوە و بەرپای بكەین، ئەمەش لەســـەر خواوەند ئاسانە.

بەهەمان شێوە بۆ شیفا و چاك بوونەوە و سەركەوتن و گەشە كردنیش، بۆ ئەوەی چاك بوونەوە و شیفا لەدەرد و نەخۆشییەك بەدەست بێت، پێویســتە هەموو ئەو هۆكار و ڕەگەز و توخمانەی كە دەمان گەیەنێت بە شـــیفا و چاك بوونەوە، لەداودەرمان و هۆكارەكانی تر، هەموویان كۆببنەوە، یاخود كۆیان بكەینەوە، ئەوجا چاوەڕێی چاك بوونەوەی نەخۆشەكە ببین.

لەم سەربەنەوە دەتوانین لەو ئایەتە تێبگەین كە دەفەرمووێت: [وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذنِ الله كِتَاباً مُّؤَجَّلاً] آل عمران/١٤٥.

واتە: هیچ نەفس و كەســـێك بە مۆڵەتی خواوەند نەبێت، بۆی نیە و ناتوانێ بمرێت، پەڕاوێكی دواخراوە.

تێ دەگەین كە مردن (كِتَاب) و پەڕاوێكە، هەر دەبێت ڕووبدات، واتە: قەدەرە، بەڵام دواخراوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەگەز و توخمە كاریگەرانەی كە دەبنە هۆی بەدیهاتنەكەی هەموویان لەیەك كۆببنەوە و مردنەكە بقەومێنن.

ســـەبارەت بە تەمەنیش بێگومان دەكرێت درێژ ببێتەوە یاخود كورت بكرێتەوە، چوونكە لەخانەی (قضَاء) دایە، هەركات ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی واكســـن (لُقاح) ی نەخۆشـــییەكان كۆبونەوە لەیەك و توانیان دژ بە نەخۆشـــیە كوشـــندەكان ڕۆڵ بگێڕن، ئەوا بێگومان لەو ڕێگەیەوە ڕێژەی مردنی منداڵان ڕوو لە كەم بوونەوە دەكات و مردنیان دوا دەخات، هەروەها هەركات ڕەگەز و توخمەكانی لەناوبردنی گەلێك لەگەلانی سەر ڕووی زەویی كۆبونەوە، ئەوا مردن و لەناوچوونی ئەو گەلە مســـۆگەر دەبێت و تەمەنیشیان كورت دەبێت، مەرگ و مردن لەخانەی (قَدر) دایە و كوشـــتن و لەناوبردنیش لەخانەی (قضَـاء) دایە، هەركەســێكیش ببێتە

هۆی کورت کردنەوەی تەمەنی ئەو گەلە هێرش بۆ کراو و چەوساوەیە، پێویستە لەم دونیایەشدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.
بەهەمان شێوە لەبارەی ڕزق و ڕۆزیشەوە، خواوەند هەموو پیت و بەرەکەتەکانی زەوی ڕام هێناوە بۆمان و بەڵێنی ئەوەی پێداوین کە پێمان ببەخشێت: [وَفِي السَّمَاء رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ] الذَّاريات/٢٢.
بەڵام ڕزق و ڕۆزیی پەیوەست کردووە بە کار و فەرمان و هەوڵدانەوە: [وليَأكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ] يس/٣٥.
واتە: با لەبەروبوومەکەی و لەوەی کە بەرهەم و ڕەنجی دەستی خۆیانە بخۆن، ئایا شوکرانەبژێریی ناکەن.
هەروەها بەخشینی ڕزق و ڕۆزیی پەیوەست کردووە بە پارێزکاریی و پابەند بوون بە ڕێنماییەکانی خواوەندەوە: [وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ] الطَلاق/ ٢-٣.
واتە: هەرکەس پارێزکار بێت و پابەندی یاساکانی خواوەند بێت لەگەردووندا، دەرچەیەکی لەگرفتەکانیدا بۆ دەکەینەوە و ڕزق و ڕۆزیشی لە ڕێگەیەکەوە دەدەین کە حسابی بۆ نەکردبێت.
بە واتایەکی تر هەرکەس بەپێی ڕاسپاردە و ئامۆژگاریەکانی خواوەندی پەروەردگار هەڵس و کەوت بکات و لە ژیانیدا پابەندی ئەو ڕێنماییانە بێت، ئەوا کار ئاسانیی بۆ دەکرێت لە بەدەستهێنانی بژێوویی ژیانیدا و ئەو هەل و مەرجەی کە تیایدا دەژیی لەبار دەکرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە.
لەسەرێکی تریشەوە مرۆڤ چەندە دەسەوسان و دەسەپاچە بێت لەئاست ئەو توانا و بەهرانەدا کە پێی بەخشراون، لەبەرانبەر ئەم حاڵەتەوە وا هەست دەکات کە ڕام هێنراوە لەسەر بارێکی دیاریکراوی ژیان کە دەبێت هەر لەسەر ئەو بارە بژی، چوونکە مرۆڤ داوای ئەوشتانە دەکات کە دەیانزانێت و دەیان ناسێت، هەروەها مرۆڤ تا شتێك نەناسێت و نەزانێت چیە، نە داوای دەکات و نە هەوڵیش بۆ بەدەستهێنانی دەدات و نە پێشی دەبەخشرێت.

[إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ] الأنفال/٢٢.
واتە: خراپ ترینی گیانلەبەران لای خواوەند ئەوانەن کە کەڕ و کوێرن لەئاست حەقیقەتدا، ئەوانەی کە فام و ژیرییان بەکار ناهێنن.
هەروەها مرۆڤ چەند بێئاگا بێت لە یاساکانی سروشت و کۆمەڵناسیی و ئابوریی... تاد، لەبەرانبەرەوە زیاتر لێکدانەوەکانی بۆ ڕوداو و پێشهاتەکان بەلای ڕێککەوت و بەخت و ناوچاودا لێك دەداتەوە.
بەهەمان شێوە هەرکات مرۆڤ دەسەوسان بوو لە لێکدانەوەی پێشهاتێك، خێرا بۆ خۆ دەربازکردن لەو حاڵەتەی کە سەری لێ دەرناکات، دەیداتە پاڵ قەزا و قەدەر و دەڵێت: لەسەرم نوسرابوو، لەکاتێکدا کە مرۆڤ بە ئازادیی لەدایك دەبێت و مافی هەڵبژاردنی پێ دراوە، هەر لەئادەمەوە تا ئەمڕۆ و تا دونیا مابێت، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت ئازادییەکەی بەکار بهێنێت، پێویستە چەند بژاردەیەك لە بەردەستیدا بن و توانستی زانستیی و مەعریفیی ئەوتۆیشی هەبێت کە باش و خراپ لێك جیا بکاتەوە.
خواوەند کە قەزا و کارێك دەکات، زانست و مەعریفەی کامڵ و تەواوی هەیە، بەڵام مرۆڤ کە کارێك دەکات و بڕیار لەسەر شتێك دەدات زانست و مەعریفەکەی ناتەواو و نیوەچڵە، بۆیە مرۆڤ هەتا مەعریفە و زانستەکەی زیاتر و بەرفراوانتر بێت، بێگومان پژاردەکانی بەردەمیشی بەرفراوانتر دەبن و ئازادیی هەڵ بژاردنەکەشی بەرفراوانتر دەبێت، ئەو شتەش کە دەتوانێت ئازادیی مرۆڤ سنووردار بکات، تەنها ئەو ڕێوشوێنە ڕەوشتیی و مەعریفیانەیە کە دواجار خۆیان لەیاسادا دەبیننەوە لەناو کۆمەڵگەکاندا.
قەزا خواستێکی بەئاگایانەیە لەسەر ئەو زانیاریی و مەعریفەیە دەوەستێتەوە کە مرۆڤ هەیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کارە پەسەند بکات، یاخود ڕەدی بکاتەوە، ئەو کارەش تا ئەوکاتە هەر لەچوارچێوەی قەدەردایە.

بۆنموونە: نەخۆشـــیی قەدەرە، بەڵام ئەگەر زانیاریی و زانینمان زیاد بوو لەبارەی نەخۆشییەکی دیاریکراوەوە، ئەوجا دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە چارەســـەری ئەو نەخۆشـــییە دەکەین یاخود چارەســـەری ناکەین، زەمین لـەرزەکان قـەدەرن، بـەڵام ئـەگـەر زانیـاریمـان لـەبـارەی زەمین لـەرزەکان و چۆنیـەتی ڕوودانیـانـەوە زیـادی کرد، ئـەتوانین جێکـەوتـە خراپەکانیان بســـڕینەوە و خۆمانی لێ لابدەین، بە واتایەکی تر ئەگەر قەدەرەکەمان ناسیی و زانیارییمان هەبوو لە بارەیەوە، دەتوانین قەزاشی تێدا بکەین، دڵنیاش بن کە قەزای بەبێ قەدەر خەیاڵ پڵاو و خەونی وەنەوشـەییە (واتە: لێکدانەوەیەکی نابابەتییە)، بەڵام قەدەر بەبێ قەزا، بریتییە لەحاڵەتێکی ئاژەڵیانە کە هیچ ویســـت و خواســـتی تێدا نییە و خەڵکیش لەو دۆخەدا وەك ڕەوی ئاژەڵان ژیان بەســـەر دەبەن، چوونکە لەو دۆخەدا چەند کەســـانێك لەباتیی هەموو خەڵکەکە بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن و ژیان بەڕێوە دەبەن.

لێرەوە دەتوانین لەو نهێنیە تێبگەین کە بۆچی هەمیشـــە دەســـەڵاتە ستەمکار و ستەمگەرەکان، هەوڵی چەواشـەکردنی گەل و خەڵکەکانیان دەدەن و ڕێیان لێ هەڵە دەکەن، بەشـــێوازێك کە نەتوانن زانیاریی و زانســـت بەدەســـت بخەن، بۆ نموونە: یەکیەتی ســـۆڤیەت هەرکە زانیارییەکان توانیان بەربەســـتە ئاســـنینەکەی ببڕن، خێرا لەبەریەك هەڵوەشا و ڕووخا بەسەریەکدا.

ماوەتەوە ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە پەیامی ئاسمان دەفەرمووێت: [إِنَّ اللّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ] الرعد/ ١١.

واتە: خواوەند گۆڕانکاریی ناهێنێت بەســـەر هەل و مەرجی نەتەوە و گەلێکدا تاوەکو ئەوەی لەناخ و دەروونیاندایە نەی گۆڕن.

واتە: دەســتێوەردانی خواوەند، دەســتێوەردانێکی کاتییە و پەیوەســتە بە هەلومەرجێکی دیاریکراوەوە، هەروەها پەیوەســـتە بە چەند کار و بارودۆخێکەوە کە ئێمە هەموویان نازانین، بەڵام ئەوە دەزانین کە دەســتنیشــان کردنی کاربەدەســت و فەرمانداەکان و لابردن و گۆڕینیان

لەکاتی لادانیاندا لەبەرژەوەندیی گەل و وڵات، ئەرکی سەرشانی مرۆڤەکانە و پێویستە پێی هەستن، ئەم ئەرکە لە ئەستۆی مرۆڤدایە لەو ڕۆژەوە کە بنەما ڕەوشتیەکانی بۆ دیاریی و دەستنیشان کراون کە خۆیان لەڕوانگەی حاکمیەتی خواوەندەوە بەرجەستە دەکەن و بناغەیەکی ڕوونیشی بۆ داناون کە بریتیە لە: [فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوثْقَى لَا انفِصَامَ لَهَا] البقرة/٢٥٦.

واتە: هەرکەس کوفر بە ستەمکاری سەرکەش بکات و باوەڕ بهێنێت بە خواوەند، ئەوا دەستی گرتووە بە پایەیەکی نەپساوەوە کەشکستی بۆ نیە.

بۆ ئەوەی لەم حاڵەتە نەخوازراوەش دەرباز ببین کە لەژیانی ئاژەڵان دەچێت، پێویستە لەسەرمان هەوڵی تەواو بدەین بۆ بەدەس هێنانی زانست و زانیاریی و زانین و مەعریفە، تا بتوانین ڕۆڵمان هەبێت لە چارەنووسی خۆماندا و خۆمان چارەنووسی خۆمان دەس نیشان بکەین، ئەمەش بەرپرسیاریەتییەکە و لە یەکەم چرکەساتی فووکردن بە ڕۆحمانەوە (نَفخةُ الرُّوح) شانمان داوەتە بەری و پێویستە لەئاست ئەو ئەرکەدا بین کە لەئەستۆمان گرتووە، بۆ ئەوەی خەلافەتی ڕاستەقینەی خواوەند پایەدار بکەین نەك دەوڵەتی خەلافەت.

# ئایین و فۆرمی ئایین

## کامیان جێگیر و کامیان گۆڕاوە؟

## دەسپێك

ئەم نووسینە دەیەوێت شەن و کەوی بابەتێکی هەستیار بکات و نووسەریش هەوڵدەدات بگاتە ئاکامێکی ڕوون و دیاریکراو لە شەن و کەوەکەیدا.
تایبەتمەندیی ئەم بابەتە ئەوەیە کە خۆی لە خۆیدا، خستنەڕو و تەرحێکی تازە و جیایە، نەك لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون.
ئەمەش وادەکات کە بابەت و خستنەڕووەکە پشت بە خۆی و تەرحە تازەکەی ببەستێت، نەك سەرچاوە کۆکردنەوە و بەراوردی زانراوەکان.
چوونکە لە لێکۆڵینەوە و بەراورد و ئامادەکردندا بە پلەی یەکەم، پشت بە بۆچونی کەسانی تر دەبەسرێت و لەپەراوێز یاخود لە ڕاڤەی ئەو تێکستانەدا کە لێکۆڵەر لەسەرچاوەکان وەریان دەگرێت، ڕاو بۆچون و قسەی خۆی دەخاتە ڕوو.
بەڵام لێرەدا و لە خستنە ڕوو و تەرحی پرۆژە یاخود بیرۆکەی تازەدا، درووست پێچەوانەی ئەمەیە، نووسەر قسە و تەرحی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر کەسێکیش پێشتر قسەیەکی لەو بارەیەوە کردبێت، یاخود خۆ لە قەرەدانێکی بۆ ئەم بابەتە هەبوبێت، دەیهێنێت و لە پەراوێزدا وەك دەوڵەمەند کردنێك بۆ خستنەڕو و تەرحەکەی خۆی دەیخاتەڕوو.
بۆیە نابێت خوێنەر یان بیسەر و وەرگری ئەم بابەتە، چاوەڕێی لیستێکی درێژ بێت لە کۆتاییدا بخرێتە ڕوو و ناوی سەرچاوە سودلێ وەرگیراوەکانی تێدابێت (وەك ئەوەی باوە لە نوسین و مەرجە لە لێکۆڵینەوەکاندا).
بەڵکو بەپێچەوانەوە، وەرگری ئەم بابەتە شاهیدی دید و تەرح و خستنەڕوویەکی تازە دەبێت، کە پێشتر بە هەر هۆیەکەوە بووە نەخراوەتەڕوو.
دەکرێت لە باشترین حاڵەتیدا بەهۆی گەلاڵە نەبوونی پرسەکەوە، یاخود لەبەر ڕەچاوکردنی هەستی توێژێك یان لەبەر نەشڵەقاندنی دۆخەکە، یاخود هەر لە بنەڕەتەوە نەتوانرابێت تەجاوزی مێژوو و

کەلەپوور و بیر و هزر و دید و خستنەڕووی کەسانی تر بکرێت و، نووسەر و لێکۆڵەر تەنها ئەوەندەی کردبێت، یاخود ئەوەندەی پێ کرابێت کە هاتبێت گەڕانی کردبێت بەناو نوسین و ڕاو بۆچوونی پێشینانی ئایینەکان و سەرچاوە نووسراوەکانیاندا و ئەگەر شتێکی دەست کەوتبێت، ڕاڤە و لێکدانەوە و بێنە و بەرەیەکی پێ کردبێت و ئیتر هەر ئەوەندەی توانیبێت، یاخود نەی وێرابێت  ئەوە بڵێت کە پێویستە بگوترێت، یاخود ئەوە بنووسێت کە پێویستە بنووسرێت و بخرێتەڕوو.

ئەم خستنەڕووە  دابەشە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا و هەر بەشێکیش چەند پرسیارێك لەخۆ دەگرێت و لە هەر بەشێکدا وەڵامی چەندین پرسیار دەدرێتەوە و لە ئاکامی وەڵامی پرسیارەکاندا خستنەڕوو و تەرحەکە گەڵاڵە دەبێت، لە کۆتاییدا و لە پوختەیەکی پاڵفتەدا مادەی پێشنیارکراو بۆ فۆرمی تازەی ئایینی خراوەتەڕوو.

## بەرایی

لە نووسیندا وا باوە کە دەبێت نووسەر لە پێشەکیی بابەت و نووسینەکەیدا، کرۆك و پوختەی ئەوە بخاتە بەردەستی خوێنەر کە بە نیازە لە دوتوێی نووسینەکەیدا بیخاتەڕوو.
بۆیە نووسەری ئەم چەند دێڕەش، هەروا دەکات و دەیەوێت بڵێت: مەبەستی ئەم نووسینە و پەیامەکەی، بریتیە لەوەی کە دەیەوێت بە وردیی و ڕوونیی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:
ئایین چییە؟
یاخود ئەوەی کە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا چەند سرووت و ڕێوشوێن و دروشمێك پەیڕەو دەکرێت و لە کۆمەڵگە و سەردەم و هەندێ جار لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تریش جیاوازییان هەیە، ئایا ئەو سرووت و ڕێوڕەسمانە خۆیان دین و ئایینن، یاخود ئەوانە فۆرمێکی ئایینیی تایبەتن بەو گەل و کۆمەڵگە و سەردەم و تاکە کەسانەوە؟
ئایا لادان لەو ڕێوڕەسمانە، یاخود داهێنانی ڕێوڕەسمگەلێکی جیا و تایبەت و زادەی دیدی سەردەم و هەل و مەرجی هەر کۆمەڵگەیەك، بەلادان لە دین دادەنرێت، یاخود ئەو داهێنانە دەبێتە فۆرمێکی تازە کە تایبەت دەبێت بە خۆیان و سەردەم و کۆمەڵگەکەیانەوە؟
- دواجار ئایا هەرکام لە ئایین و فۆرمی ئایینی واتایان چییە و کامیان جێگیر و کامیان گۆڕاوە؟
گومانی تێدا نییە کە وروژاندنی ئەم بابەتە و وەڵامی ئەم پرسیارانە، مشت و مڕی گەرمییان لێ دەکەوێتەوە  و پێویستیان بە فۆرمەلە کردنی ئەو مشت و مڕانە و گەڵاڵەکردنی ئاکام گەلێك هەیە کە دواجار ڕای گشتیی کۆمەڵگە و نەریتە باوە زاڵەکان، ڕۆڵیان دەبێت لە پەسەندکردن و دان پێدانان، یاخود ڕەد کردنەوە و سوود لێ وەرنەگرتن و دژبەریی کردنیان و ڕوبەڕووبونەوەی هیزریی و هێزییان.
چوونکە گومانی تێدانیە هەر تەرح و خستنەڕوویەکی تازە و وروژاندن و شڵەقاندنی هەر دۆخێك، دەبێتە مایەی زیانی چ مادیی و چ نامادیی

کەسانێك، یاخود دەسەڵاتی زاڵ بەسەر هەر کۆمەڵگەیەکدا و لەوێوە ئەو دەسەڵاتە بەمافی خۆی دەزانێت بەرگریی لەخۆی و لە بەرژەوەندییەکانی بکات.
بۆیە نووسەری ئەم بابەتە و خاوەنی ئەم تەرح و خستنەڕووەش، نە لافی ئەوە لێدەدات کە یەکەم کەسبێت ئەم قسەیە بکات، (چوونکە دەکرێت چەندین کەس لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دیدی هاوشێوە و خستنەڕووی لەم جۆرەیان هەبوبێت و بەو هۆکارانەوە کە ئاماژەمان پێکردن سەرەکۆنە کرابن  و شوێنەواریان لەناو دێڕەکانی مێژوودا سڕابێتەوە)، نە لافی ئەوەش لێدەدات کە بەتەنها خۆی بتوانێت ئەم خستنەڕووە گەڵاڵە بکات و دواجار بتوانێت فۆرمە باوە کۆنەکەی ئایین و ئاینداریی ڕامالێت و فۆرمێکی نوێ و هاوچەرخ و ساز لەگەڵ سەردەمدا، بخاتەڕو و بیناسێنێت بە کۆمەڵگە بەگشتیی و بە دەستە بژێری ناو کۆمەڵگەی ئایین پەروەران بەتایبەتیی.
بەڵام بەدڵنیایەوە نووسەر دەتوانێت بڵێت: خۆی ئەو ڕاستییەی لا گەڵاڵە بووە کە فۆرمی ئایینی قابیلیی گۆڕانکاریی و نوێگەرییە و دەتوانرێت قسەی تازەی تێدا بکرێت و بخرێتە بەر گفتوگۆی دەستە بژێر لە کۆمەڵگەی کوردیدا.
لێرەوە پرسیارێکی تازە سەر هەڵدەدات و پێویستی بە وەڵامی دیاریکراوە، ئەویش بریتییە لەوەی کە: ئایا نووسەر بە دیاریکراویی مەبەستی لە فۆرمی ئایینی چییە و دەیەوێت بڵێت چی؟
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لەم پێشەکییە کورتەدا هەر ئەمەندە دەکرێت بگوترێت کە: فۆرمی ئایینی لەدیدی نووسەرەوە  بریتییە لەو دونیابینیی و سرووت و ڕێوڕەسم و درووشمانەی کە هەندێکیان لە نەریتەوە و هەندێکیشیان لە یاسا بەرکارەکانی هەر سەردەم و کۆمەڵگەیەکەوە سەرچاوە دەگرن.
فۆرمی ئایینی لەهەر سەردەم و کۆمەڵگەیەکدا سەرچاوە دەگرێت لە: چەشنی تێگەیشتنی ئەو سەردەمە لە دەقە ئایینییەکان، یان دیدی

لێوەگەڕ و دامەزراوەی ئایینیی، یان لە موشەریع و یاسادانەر، یاخود لە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر بیرکردنەوە و ژیانی زۆرینەی ئەو سەردەم و کۆمەڵگەیەدا.
لە ڕوانگەی ئەم پێناسە کورتەوە تێدەگەین کە فۆرمی ئایینی ڕەنگدانەوەی ئایینە، یاخود ڕەنگدانەوەی تێگەشتنی ئایینی هەر کەس و سەردەم و دەسەڵاتێکی زاڵە و ئەو هەڵدەسێت بە دارشتنی فۆرمێکی ئایینی و بڵاوکردنەوە و سەپاندنی بەسەر خۆی و کەسانی دەورووبەریدا، بۆیە ئاساییە بەپێی گەشەی کۆمەڵایەتیی و باری کەلتوریی هەر سەردەم و کۆمەڵگەیەك گۆڕانکاریی بەسەردابێت.
پرسیارێکی تر سەر هەڵدەدات: ئایا پێغەمبەران لە کوێی ئەم هاوکێشەی ئایین و فۆرمی ئایینیەدان؟
لەدیدی خاوەنی ئەم تێزە و نووسەری ئەم بابەتەوە: پێغەمبەرانیش لەناو هەمان زنجیرەدان و شەریعەتەکانیشیان تەنها فۆرمێکن و تایبەت بەسەردەمەکانی خۆیان بوون و ڕەنگدانەوەی ئەو پەیام و پەیوەندییە بوون کە ئەوان بەستویانە لەگەڵ خواوەندی خۆیاندا و هەڵگری تایبەتمەندیی سەردەم و کۆمەڵگەکانی خۆیان بوون، ئەگەر وانەبوایە مرۆڤایەتیی (وەك هەندێ بەرێز وا حاڵی دەبن لە شەریعەی محەممەدیی کەوا هەتا هەتاییە) یەك پەیام و یەك پەیامهێنی بەس بوو.
نووسەر دەزانێت کە دوا دێڕی برگەی ڕابردو و نوسینی ناو دوو کەوانەکە، ختوکەی زەینی زۆرینەی خوێنەرانی ئەم پێشەکییە دەدات و توشی چەشنێك لە هەڵچونی دەروونیی و سواربوونی هەناسەیان دەکات.
بۆیە وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵدەگرێت بۆ ناو کرۆکی بابەتەکە و لەوێ بە هێمنی قسەی لەسەر دەکات.

ئیبراهیم میکە عەلی
٢٠١٩/٤/٢٠
سلێمانی

# بەشی یەکەم

## ئایین چییە؟ یاخود مەبەست لە ئایین چییە؟

سـەرەتا گەر چاوێك بە مێژووی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤایەتییدا لەسـەر گۆی زەوی بگێڕینەوە، تێدەگەین کە لە هیچ بڕگەیەکی مێژوو و ژیانی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ بەبێ ئایین یاخود پەیامی ئایینی نەبووە و بەردەوام پێغەمبەران و کارەکتەرە ئایینیەکان لە ڕێگەی پەیام و شەریعەتەکانیانەوە پەرەیان بە فۆرمی ئایین داریی و ڕاگرتنی هەسـتی ئایینی مرۆڤایەتی داوە.

ئەگەر لە بڕگەیەکی ژیانی مرۆڤایەتیشـدا یان لە کۆمەڵگەیەکدا (گەورە بوبێت یاخود بچوك) ڕێك کەوتبێت پەیوەندیی ئاسـمان و زەویی پچڕابێت، ئەوا مرۆڤ بە شـێوەی خۆسـەر هەوڵیداوە ئەو بۆشـاییە پڕبکاتەوە و بە لێکدانەوەی ڕابەرێك یاخود ڕای زۆرینە، هێمایەکیان بۆ پەرستش و خۆ نزیکردنەوە لە سەرچاوەی بوون و پەروەردگاری خاوەن، دیاریی کردوە و ڕوویان تێکردوە و ئەو شتە یاخود ئەو ڕەگەز یاخود ئەو هێمایانەیان پیرۆز ڕاگرتووە و قوربانییان بۆ کردوون و بەڕێز و حورمەتەوە چوونەتە لایان... تاد.

ئەم ڕێو شـوێنە خۆی لە خۆیدا فۆرم و شـکڵ و نەخشـێکی وەرگرتوە و بووەتە فۆرمی ئایینی باو، دواتر لە ڕووکاردا وەك ئایینێك ناسـراوە و ناو براوە، بەڵام لە ڕاسـتییدا هیچ نەبوە و بێجگە لە فۆرمێکی ئایینی کە لە بۆشاییە ڕۆحیی و دەروونییەکەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە مێژوی تۆمارکراوی نزیکدا هاتووە کە، قورەیشـیـەکانی مەککە بۆیە بتەکانیان دەپەرسـت و قوربانییان بۆ دەکردن و نیایشـیان لەگەڵدا دەکردن، بۆ ئەوەی ئەو بتانە نزیکیان بخەنەوە لە خواوەندی خاوەن، نەك خۆیان بە خواوەند بزانن، واتە: ئەمانەیان بە خوا دەزانی تا خواوەندیان لێ ڕازیی بێت!

بۆ پشــتراس کردنەوەی ئەم ڕاســتیەش لە قورئاندا هاتووە: [أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ والَّذِينَ اتَّخَذوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِياء مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلى اللَّهِ زُلْفَى إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ إِنَّ اللَّهَ لايَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ] الزُمَر/٣.

واتە: ئایینی پاڵفتە و بێخەوش تەنها هی خواوەندە، ئەوانەش کە بێجگە لەو، دڵ بە کەســی تر خۆش دەکەن، دەڵێن: تەنها بۆ ئەوە ئەو کەس و شــتانە دەپەرســتین بۆ ئەوەی بەشــکوم نزیکمان بخەنەوە لە خواوەند، بەدڵنیاییەوە خواوەند دادوەریی دەکات لە نێوانیاندا لەبارەی ئەوەوە کە لە نێوخۆیاندا لەســەری ناکۆك بوون، خواوەندیش ڕێنمایی کەســێك ناکات کە درۆزن و داپۆشەری ڕاستیی بێت.

لێرەوە تێدەگەین کە: مرۆڤ بەبێ ئایین نایکرێت.

ئەو هەستی پەیوەندیی بەستنە لەگەڵ خواوەندا خۆی لە خۆیدا مانا و واتای دین و ئایین دەگەیەنێت، یاخود ڕونتر بڵێین: ئەو پەیوەندییە دواتر دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی فۆرمی ئایینی و داڕێژەری ڕێورەسم و ڕێوشوێنی پەرستش و میکانیزمی پەیوەندیەکە.

بۆیە هەرکات مرۆڤ توانی ئەو پیوەندییە ببەســتێت، لەوێوە دەتوانێت ڕایەڵەکانی ئایین و ئایین پەروەریی دابمەزرێنێت و درێژە بەو خواســتە بدات، کە بەبێ ئەو دڵی ئۆقرە ناگرێت.

ڕوونە کە ئەم پەیوەندیی بەســتنەش ئیشــی کەســانی بە ئاگا و هەست زیندوو و دەســتە بژێری ناو مرۆڤایەتیە و پێغەمبەران و پیتۆڵانیش سەرمەشق و سەردەستەی ئەو دەستە بژێرە بوون، ئەوانیش لە ئاکامی تێڕامان و تێفکران و ســەرنجیانەوە بۆ گەردوون و نهێنیەکانی بوون، توانیویانە پەی بە سەرچاوەی بوون و پەروەدگاری ڕێسا گەردوونییەکان ببەن و پەیوەندیی لەگەڵ بگرن.

هەرچەندە بەپێی ڕێنمایە ئایینییەکان ئەو لە هەموو بەندەکانیەوە نزیکە و ئاگای لە وردو و درشــتی ژیان و هەســت و ســۆزیانە، بەڵام ئەوە بەندەکانیەتی هەندێ جار یاخود هەندێکیان لەو غافڵ دەبن و پەی بە بوون و ئامادەیی ئەو نابەن و ســەریان لێ دەشــێوێت، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییەی زۆرینەی مرۆڤەکان نەبوایە، هەمووان قابیلی ئەوە

بوون، بتوانن ڕاستەوخۆ و بەبێ ناوەندگیر پەیوەندیی لەگەڵ پەروەردگار و سەرچاوەی هەستییدا بگرن و پەیامی لێ وەربگرن، بەڵام مەخابن ئەو تایبەت مەندییە وای کرد کە تەنها خاوەن ژیریە باڵاکان، ئەوانەی کە بیریان دەبزوێنن و وەدوی ڕاستی دەکەون، بتوانن شایستەی ئەو شەرەفە مەزنە ببن و پەیامی خواوەندیان پێ بگات.

ئەمە وەك پەیام و ئیلهامی زانستیی و شەریعەت، واتە: پەیامی پێغەمبەران و دواتر لە ڕوانگەی پەیوەندیی و پەیامەکانەوە هەر پێغەمبەرە و بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەی شەریعەت و فۆرمێکی دیاریی کراوی دارشت و ئەو دارشتنە پێی دەگوترێت: شەریعەتی ئەو پێغەمبەرە.

وەگەر نا پەیوەندەیی و ئیلهام و سەردەرکرن لە یاسا و ڕێساکانی گەردوون و پەی بردن بە نهێنیی و شاراوەکانی بوون و ڕام هێنانیان لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیدا (کە ئەمەش لە خۆیدا چەشنێکی تری پەیامدارییە) بۆ بازنەیەکی فراوانتر بەردەستە و هەتا دونیاش دونیایە لەگەشە و پەرەی بەردەوامدایە و داهێنان لە دوای داهێنان، مرۆڤایەتیی بەهرە مەند و سەرسام دەبێت بەو بەخشانەی کەلە گەردووندا لە بەرژەوەندیی و خزمەتی ئەودا فەراهەم هاتوون.

کەواتە: بەکورتیی و پوختیی ئایین بریتیە: لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی کە مرۆڤێك یاخود دەستەیەك یاخود کۆمەڵگەیەك دەیبەستێت لەگەڵ پەروەردگار و سەرچاوەی بووندا (خواوەند)، ئیتر دەکرێت ناو و وێنای جۆرا و جۆر لێ بنرێت، بەڵام دواجار هەر هەمووی یەك شت دەگەیەنێت و پەیوەندییەکی دوو سەرەیە وەك (محمد مجتهد شەبەستەری) لە کتێبی (قرأة بشرية للدين) دا دەڵێت: ئایین دوو ئاڕاستەیە:

أ. لە پەروەردگار و خواوەندەوە بۆ مرۆڤ.

ب. لە گۆشە نیگای مرڤەوە بۆ خواوەند.

کەواتە: پێناسـەی ئایین، یان ئایین خۆی دوو دیوی هەیە، دیوی یەکەم لە دیوی خواوەندەوەیە بۆ مرۆڤ، دیوی دووەم لە دیوی مرۆڤەوەیە بۆ خواوەند.
بە واتـایەکی تر هـەر تێڕوانینێکی دیوی مرۆڤ، گـەر هـاوئاهـەنگ و گونجاو نەبێت لەگەڵ دیوەکەی خواوەندا پەسـەند نیە و با لە دیوی خۆشـیەوە مرۆڤ بەو هەڵسـانگاندنە بڵێت دین، بەڵام دواجار دینی پەسـەند نیە لەلای خواوەند و گەر مرۆڤ مەبەستی بێت دەتوانێت لە ڕێگەی تێفکران و سـەرنج و هەروەها لە ڕێگەی پەیامی پێغەمبەرانەوە، دڵنیا بێـت لـە دیـدگا و ڕوانینـەکـەی بۆ گـەردوون و دیـاردەکانی و خاوەنەکەی و، دینەکەی لەوێوە ڕاست بکاتەوە.
لێرەوەیە کە خواوەند لە پەیامەکانیدا ئەو ڕاسـتیەی دووپات کردوەتەوە و فەرمویەتی: [إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْـلامُ]، واتە: بەدڵنیاییەوە ئایین بەلای خواوەندەوە خۆڕادەست کردنە.
بەڵام بەداخەوە مرۆڤایەتیی، یان ڕاسـتر بڵێم: بەشـێك لە مرۆڤایەتیی هاتن و گوتیان: ئسلام تەنها تێگەیشتن و فۆرمە ئایینیی و گۆشەنیگاکەی ئێمەیە، واتە: تەنها ئێمە ڕاسـتین و ئێمە پەسـەندین لە لای سـەرچاوەی بوون و خواوەندی پەروەردگار.
لە کاتێکدا ئەو مەبەستی لە دیوەکەی خۆی بوو، نەك دیوەکەی مرۆڤ.
دواجـار دەتوانین بڵێین: خوێنـدنـەوە و تێگـەیشـتنی مرۆڤ بۆ دەقـە ئـایینیـەکـان، یـاخود بـەرەنجـام و ئـاکامی پـەیوەنـدیـەکـەی لـەگـەڵ خواوەندا، دەبێتە فۆرمی ئایینیی، نەك ئایین.
دوور نییە هەندێك لە عارفان و فەیلەسـوف و حەکیمەکان لێرەوە ئەم بڕیارەیان دابێت کە دەڵێت: هەرکەس لەم دونیایەدا بە ئارامیی دەروون نەگات و، دەرونی ئاسـوودە نەبێت، ئەوا لەو دونیاشـدا ئاسـوودەیی

نابینێت و هەر لە دڵەڕاوکە و ترســـدا دەژیی، [1] دەقی قورئانیش ئەمە پشتراست دەکاتەوە:
[وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْري فَإِنَّ لهُ مَعِيشَةً ضنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ القِيَامَة أَعْمَى * قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا * قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وكَذَلِكَ اليَوْمَ تُنسَى * وَكَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ ولَمْ يُؤمِنْ بِآيَاتِ رَبِّهِ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَى] طه/١٢٤-١٢٧.

بە کورتیی هەرکەس لەم ژینەدا پەیوەندیەکی درووســـتی لە نێوان خۆی و خاوەنەکەی و سەرچاوەی بووندا بۆ درووست نەبێت، ئەوا بەدرێژایی ژیانی هەر لە چەرمەسەریی و نەهامەتیدا دەژیی و پاشەڕۆژیشی خراپتر دەبێت.

بەدەربڕینێکی پوختەتر بڵێین: ڕاســـتیی و حەقیقەت خۆی لەخۆیـدا شتێکە و تێڕوانین و وێناکردنی هەریەک لە ئێمەش بۆ ئەو ڕاستییە خۆی لەخۆیدا شتێکی ترە.

بەهەمان شێوە خواوەند و وێناکردنی ئێمەش بۆ ئەو هەر وایە.

پرســـیارەکە لێرەدایە کە زیکری خوا چیە و کامەیە، کە پێویســـتە مرۆڤ پابەندی ببێت و لێی لا نەدات و لەبیری نەچێت، تا لە دوا ڕۆژدا لەبیر نەکرێت؟

هەندێ بەڕێز قیل و قالی ناو مێژوو و قســەی ســەلەف و خەلەفیان لێ دەبێتە (ذِکْر) و پابەندی دەبن و خۆیان دەخەڵەتێنن کە گوایا ئەوان لەســـەر ڕاســـتە ڕێن و هەرکەس باوەڕی بەوە نەبێت کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی، گومڕایە و ئەو چارەنووسە مەترسیدارە چاوەڕێی دەکات!

ئایا وایە، یان ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە؟

ئەم پرسیارە بۆ ژیریی و لۆژیکی خوێنەر و وەرگر بەجێ دەهێڵم.

---

[1] نشـــرپایان/ دین، معنویت و روشـــنفکری دینی/ چاپ أول ١٣٨٧ھ.شـــص٧. مصاحبة (رضا خُجَسته رحیمی) با (مصطفی ملکیان).

## هەموو پەیوەندییەك لەنێوان پەرسترا و پەرستەردا دەبێتە ئایین؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە هەستیارە و گەر وریا نەبین لە وەڵامی واقعی ئەم پرسیارەدا، یان دەبێت هەتا هەتایە لە مێژودا چەق ببەستین و کەس نەوێرێت لە کەلتوری باو و کەلەپووری ڕابردوو لابدات، یان ڕووبەڕووی پاشا گەردانیی و بێ سەر و بەرییەکی ئەوتۆ دەبینەوە کە بە یاسا و دەسەڵاتیش چارەسەر نەکرێت و بۆی هەیە ئاسایشی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش بکەوێتە مەترسییەوە، چوونکە دەکرێت بە ژمارەی مرۆڤەکان، یان لانی کەم بەژمارەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان، ژمارەی ئایینەکانیش پەرە بسێنێت و کەسیش مل بەوی تر نەدات و تەنها خۆی بە ڕاست بزانێت و، بەدەردی سەدەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتیی تووشی چەندین جەنگی ئایینیی ببین و بە هەزاران مرۆڤ ببنە قوربانی، وەك د.محەممەد شەحرور لە گوتەیەکی باویدا چەند ئایەتێك بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت: {[ وَقَالُوا لَنْ يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلَّا مَنْ كَانَ هُودًا أَوْ نصارى]، نَحن وقعنا فيما وقع فيه اليهود و النصارى وقلنا: لن يدخلل الجنة الا أتباع محمد. ولكن الله يَرُد: [قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ * بَلى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِنْدَ رَبِّهِ وَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ.. ]... فتأملوا!}.

واتە: هەریەك لە جولەکە و گاورەکان گوتیان: ئێمە نەبێت کەس ناچێتە بەهەشتەوە.

ئێمەش کەوتینە هەمان هەڵەی ئەوانەوە و گوتمان: هەرکەس شوێنکەوتە و پەیڕەوی محەممەد نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە.

خواوەندیش وەڵام و بەرپەرچی ئەم بۆچوون و تێگەیشتنەی داوەتەوە و فەرمووی: بڵێ بەڵگەتان چییە، ئەگەر بەڵگەتان هەیە و ڕاست دەکەن ئادەی بیخەنە ڕوو، قسەی ڕاست ئەوەیە کە: هەرکەس خۆی ڕادەستی خواوەند بکات و چاکەکار بێت، بەلای پەروەردگارییەوە پاداشتی خۆی هەیە و هیچ ترسێکی لەسەر نییە و دڵتەنگیش نەبن.

کەواتە: پێویستە ڕادەستی ئەو ڕاستیە ببین کە بڕیاری کۆتایی لەلای خواوەندە، نەك ئێمە، وەك پێشتر گوتمان دیوەکەی ئەو درووستە و دیوی ئێمەش، وەك کوردەواری دەڵێت: خوا یەکە و دەرکەی هەزار.
بۆیە دەکرێت بە ژمارەی مرۆڤەکان، ڕێگەی بەرەو خواچوون و دەرگای خواست و داواکاریی زۆر ببن و هەمووشیان ڕاست بن، ئەگەر هەڵەش بن، ئیشی ئێمە نییە دژ بەیەك بوەستینەوە، هەرکەس ئازادە چۆن هەوڵ دەدات کەسانی دەوروبەری قەناعەت پێ بکات، وەك ئەو بیر بکەنەوە و بیرکردنەوەیەکی دەستە جەمعیی پێك بهێنین.
بەڵام کەس مافی ئەوەی نییە ڕاپەسەندیی و دەمار گیریی وای لێ بکات ڕێگە بە خۆی بدات ڕوبەڕووی بەرامبەرەکەی ببێتەوە و شەڕی لەگەڵدا بکات و بەناوی خواوە هەڕەشەی لێ بکات، تەنها لەبەر ئەوەی، وەك ئەو بیر ناکاتەوە یان باوەڕی بەوە نییە کە ئەو باوەڕی پێیەتی، یاخود ڕوونتر بڵێم: تەنها لەبەر ئەوەی خۆی ڕادەستی ئەم ناکات.
لەڕووی زەینیی و نەزەریەوە بابەتەکە بەم شێوەیە کە باسمان کرد، ئیتر لە ڕووی داکەوت و واقیعەوە چۆنە و چی ڕوو دەدات ئەوە باسێکی ترە.
ئەم نووسینەش گفتوگۆی دەستە بژێرە و دەکرێت لەم سۆنگەیەوە ڕایەڵەی فیکریی و ڕۆشنگەریی و کۆمەڵایەتیشی لێ بکەوێتەوە.
بۆ وەڵامی پرسیارەکەشمان کە دەپرسێت: ئایا هەموو پەیوەندیەکی نێوان پەرستراو و پەرستەر ئایینە، یاخود دەبێتە ئایین؟
پێویستە بڵێین: بێگومان هەرچەشنە پەیوەندییەکی نێوان پەرستراو وپەرستەر(عَبْد و مَعْبُود) چەشنێکە لە ئایین و خواناسی، بەڵام بەپێی هەندێ ڕێکار لەوانە:
- کەسەکە دارای ژیریی و فامێکی ئەوتۆ بێت کەخاوەنی کەسێتی خۆی بێت.
- ئەو قەناعەتەش کە پێی دەگات بۆی نییە بیکاتە بەڵگە بەسەر کەسەوە و بیسەپێنێت بەسەر کەسانی تردا، ئیتر لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت.

- ئەگەر ویســـتی قەناعەت و ڕێچکەکەی بخاتە ناو خەڵك، دەبێت بەڵگەی پێویستی پێ بێت بۆ پشتڕاست کردنەوەی بۆچوونەکانی.
- ئەگەر لەبەر نەبوونی بەڵگە یاخود کەم توانایی خۆی لە داکۆکی کردن لە بەڵگەکانیدا نەیتوانی بیخاتە ڕوو، لەو حاڵەتەدا خۆی ئازادە چۆن خواپەرســتیی خۆی دەکات و بەپێی ئەو دیدەی پێی گەیشــتووە پەیوەندیی لەگەڵ خواوەندی خاوەندا دەکات.
ئەم خاڵانەش هەموو لە ســـایەی بنەمای (لا إكراهَ في الدِّين) دا جێیان دەبێتەوە و نە کەس بۆی هەیە ئەم ناچار و ڕووگیر (إكراه) بکات و نە ئەمیش بۆی هەیە کەس ناچار و ڕووگیر (إكراه) بکات، بەڵام هەرچیی و هەر بنەمایەك کرایە یاســـای کۆمەڵگە، ئیتر لە ڕێگەی دابونەریت و عورفەوە بێت یاخود لە ڕێگەی یاســـاوە، دەبێت هەموان، بەم کەسـەشـەوە کە ئەم دیدە تایبەتەی بۆ درووســت بووە، پابەندی ببن و ڕێزی لێ بگرن و جێبەجێی بکەن، چوونکە هەر بەوەی کە ڕای زۆرینەی کۆمەڵگە و داب و نەریتی گشتیی، ئەو بنەمایە پەسەند دەکات، بنەماکە مۆرکی نەریتی پەســـەند (مَعروف) وەردەگریت و پێویســـتە لەلایەن هەموانەوە ڕێزلێگیراو بێت.
بۆ نموونە: ئەگەر بابەتێك لە کۆمەڵگەیەکدا شـــکڵ و شـــێوەیەکی وەرگرت، با لە هیچ بنەمایەکی ئایینی و ئاســـمانیشـــدا باس نەکرابێت، مادام زیانی بۆ بەرژەوەندیی گشـتی نەبوو و لای زۆرینەش پەسـەند بوو، دەبێت لە ڕێگەی یاســـاوە ڕێگە لەو کەســـانە بگیرێت کە نیازی پێشـــێل کردنی ئەو بابەتە دەکەن و نەهێڵرێت چەند کەســـێك مافی زۆرینە پێشێل بکەن.
لە نموونەی ئەو بابەتانە: خواردنەوەی (مەی) و کێشـــانی (جگەرە) لە شـوێنی گشـتیدا، یاخود پۆشـین یان نەپۆشـینی چەشنە پۆشـاکێك، یان ڕێز لە پەرســـگە و درووشـــم و ســـرووتە ئایینیەکانی هەر پێڕ و میلەت و تیرەیەکی ئایینی.

لێرەوە دەچینە ســەر پرس و بابەتێکی هەســتیار ترکەبریتیە لە بنەمای (إنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللهِ الإسلام) کە هەندێ بەڕێز وەك چەکێکی دووسـەرە ئەم بنەمایە بەکاردەهێنن و دەڵێن: دینی پەسەند لای خواوەند تەنها ئسلامە و مەبەستیشیان بەدیاریکراوی ئایین و دینی دەستەیەکە لە مرۆڤایەتی، کە شــوێن کەوتەی کۆتا پێغەمبەر محەممەدن (سـڵاوی لەســەر) و زیاتر لەوەش، شــەریعەتەکەی ئەویش قەتیس دەکەن لە بۆچوونی کەسـێك یان چەند کەســێکدا و ڕای دەگەیەنن: هەرکەس لەم بۆچوونە لابدات یـاخود جیـاواز لـەم بیر بکاتـەوە، لـەدەرەوەی بـازنـەی ڕەزامـەنـدیی خواوەندداِیە و لە ئسلام لای داوە!

نازانم ئەم نوقڵانە نابەجێیانەیان لەکوێوە هێناوە؟!

لەکاتێکدا خواوەند لەو بنەمایەدا مەبەستی لەوشـەی (ألإسلام) گشـتییە و، واتای خۆڕادەست کردن بە خواوەندی پەروەردگار دەگەیەنێت، نەك خۆڕادەســت کردن بە قســەی ناو کتێبێك یان چەند کەس و کتێبێکی نەریتیی، کەلە بنەڕەتدا وەك وەڵامێك بۆ ســەردەمی خۆیان نوســراون و هەڵدەگرێت چەندین مەرام و نیازیش لەپشــتی نووســینەکانەوە خۆیان حەشار دابێت.

کەواتە: ناکرێت ئیســلام قەتیس بکرێت، نە لە بۆچوونی کەس و چەن کـەس و ســەردەمێکـدا و نـە تـەنـانـەت لـە شــەریعـەت و پـەیـامی پێغەمبەرێکیشدا.

لەم بارەیەوە ئایاتی ناو کتێبە ئاســمانیەکان زۆرن، هەرکەس مەبەســتی بێت دەتوانێت بەدوادا چوون بکات.

بەڵکو ئەو ئایین و دینەی پەسەندە لای خواوەند و مەبەستی بنەمای (لا إكراهَ في الدِّين) ە کەیە، بریتییە لە خۆڕادەست کردن بەخوایەتی خواوەند و مل کەچ کردن لە ئاســت گەورەیی و توانای ئەودا و هەڵس و کەوت کردن بەپێی یاسا و ڕێسا گەردوونیەکانی کە ئەو دای ڕشتوون و پەیڕە و کردنیان لەچالاکیەکانی ڕۆژانەدا بەگشتیی.

پاشان پابەند بوون بەو بنەما گشتیانەوە کە هەموو پەیامە ئاسمانیەکانی پێغەمبەران جەختیان لەســـەر کردونەتەوە و بە ناوی ئامۆژگارییەکانەوە هاتون: [لَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَخْذُولًا
* وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَ لَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا
* وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَ قُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا
* رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ إِنْ تَكُونُوا صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلْأَوَّابِينَ غَفُورًا
* وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَ لَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا
* إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا
* وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاءَ رَحْمَةٍ مِنْ رَبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُلْ لَهُمْ قَوْلًا مَيْسُورًا
* وَ لَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَحْسُورًا
* إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا
* وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا
* وَ لَا تَقْرَبُوا الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا
* وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُورًا
*وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُوا بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولًا
* وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا
* وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا
* وَ لَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولًا
* كُلُّ ذَلِكَ كَانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا * ذَلِكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الْحِكْمَةِ وَلَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَدْحُورًا] الاسراء/ ٢٢ . ٣٩.

١- بڕیار نەدانی هاوتا و شەریك بۆ خواوەندی خالق و خاوەنی گەردوون و، دان نان بە بوون و توانا و کارایەتی ئەودا و نکوڵیی نەکردن لە ویست و خواستی یاساکانی گەردوون.

٢- چاکە کاریی لەگەڵ باوك و دایکدا و جوان هەڵســـوکەوت کردن لەگەڵیاندا لەکاتی پیریی و بەساڵا چونیاندا و ڕێز گرتنی بەتەمەن و سۆز نواندن لەگەڵ کەم تەمەندا.

٣- بەجێ گەیاندنی مافی کەسە نزیکەکان، هەرکەسە و بەپێی خۆی و یارمەتیدانی هەژار و نەدار و دەسگرۆیی کردنی ڕێبوار و، بەفیڕۆ نەدانی ماڵ و سامان و بەنەرم و نیانیەوە وەڵامدانەوەی داواکار.
٤- پاراستنی هاوسەنگیی لە بەخشین و گەنجینەکردندا.
٥- پاراستنی مافی ژیان و چاوچنۆك نەبوون لەگەڵ منداڵدا و دڵنیابوون لەوەی کە ڕزق و ڕۆزیی گەورە و منداڵەکانیش لەسەر خواوەندە.
٦- نزیك نەکەوتنەوە لە سنوورەکانی ناپەسەندیی و فاحیشەی ڕەوشتیی.
٧- ڕێز گرتن لە ژیانی هەر تاکێك وپاراستنی شکۆی تاکەکان.
٨- باش مامەڵە کردن لەگەڵ ماڵ و سامانی هەتیواندا و پاراستن و بەفیڕۆ نەدانی و سەر ڕاستیی لە کڕین و فرۆشتن و کێشانە و پێوانەدا.
٩- خۆپاراستن و قسە نەکردن لەهەموو بابەتێکدا، یان لەهەر بابەتێکدا، کەبواری تایبەتی خۆت نەبێت و درۆ نەکردن بەناوی خواوەندەوە، [ولا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمْ الْكَذِبَ هَذا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ] ألنَحل/١١٦.
١٠- فیز نەکردن بەسەر خەڵك لەکاتی ڕێ ڕۆیشتندا، چوونکە هەرچی بیت لەوە بەدەر نیت کە درووسکراوێکی کەم توانای لەئاست خواوەندا.
هەریەك لەو ئاکارانەی سەرەوە بەشێکن لەو حیکمەتەی کەخواوەند ناردویەتی بۆ پێغەمبەرانی خۆی و دیوە نەرێنیەکەیان مایەی خەشمی خواوەندە، [ذلكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنْ الْحِكْمَةِ وَلَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَدْحُورًا] الاسراء/٣٩.
هەروەها چەند ڕێنومایيەکی تر کە لە سورەتەکانی: (الانعام/١٥١، البقرة/١٧٣، ١٨٨ المائدة/٣) دا هاتوون.
پەیامی هەموو نێردراو و پەیام هێنەکان و هەوڵی هەموو چاکسازە کۆمەڵایەتیەکان، یەك زنجیرەیە و یەکتر تەواو دەکەن و ڕۆڵی ئەوان تەنها ئیندیماج و تێهەڵکێش کردنی پەیامی پێشوو بووە لەگەڵ پەیامە تازەکەدا و تازەکەش لەگەڵ پەیام و هەوڵەکانی دوای خۆیدا.

ئەو تێهەڵکێش کردنەش بەشـــێوەیەك بووە کە پەیامی ڕابوردوو بەڕێ بکرێت و جەوهەر و ڕۆحەکەی بکرێت بەبەری پەیامی داهاتودا، بەشـــێوەیەکی ئەوتۆ کەلە ئاڵوگۆڕەکەدا پچڕان و دابڕان ڕوو نەدات و بەشـــێوەیەکی ســـیســـتیماتیك و بەبۆن و بەرامەیەکی ســـەردەمییەوە، کۆنەکە بگۆڕدرێت بۆ تازە.

بەو پێیە هەموو پەیوەندییەکی نێوان پەرســـتەر و پەرســـتراو (عابد و مَعبود) دەبێتە دین بۆ خاوەنەکەی و وەك پەندێکی ناو عاریفەکان دەڵێت: (دڵی هەرکەســـێك دەبێتە ئەشـــکەوتی حیرای خاوەنەکەی) و لەوێوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان خواوەند و بەندەکانیدا درووست دەبێت و ئەوەی کەلە و پەیوەندیەدا دێتە ناو دڵی منەوە، جیاواز دەبێت لەوەی کە دێتە ناودڵی تۆ و هەرکەسێکی ترەوە ... تاد.

## ئایینی پەسەند لای خواوەند چ ئایینێکە؟

زۆربەی کێشـــمە کێشـــی نێوان پەیڕەوانی ئایین و دەســـتەو تیرە و تاقمە ئایینیەکان، لەوەڵامی ئەم پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت، چوونکە هەرکەســـەو خۆی و بۆچونی خۆی بەپەســـەند دەزانێت و هی غەیری خۆی بەهەڵە، هەر بەمەشـــەوە ناوەســـتن، چوونکە ئەوە مافی هەمووکەســـە، بەڵکو ســـەردەکێشـــێت بۆ ئەوەی کە هێرش ببەنە ســـەر یەکتر و پەلاماری فیزیکی یەکتر بدەن و کوشـــت و کوشـــتار لەنێوانیاندا سەر هەڵ بدات.

ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچکامیان بەڵگەی یەکلاکەرەوەی دڵنیا بەخشیان پێنیە و کەســـیشـــیان وەکالەتی گشـــتی خوای پێ نییە تا بەناوی ئەووەوە قسە بکات.

بەڵام شـــوێن کەوتنی هەواو ئارەزو و حەزی خۆســـەپاندن و فراوان خوازیی، واڵە خاوەنەکەی دەکات کە هەم چاوی لەئاســـتی ڕاســـتیی و حەقیقەتدا دابخات و هەمیش مل بەڕاستیی و حەقیقەت نەدات.

وەگەرنا کەی و لەکوێ خواوەند بەکەســێك یان تیرە و تەوژمێك یان گەل و نەتەوەیەکی گوت: ئێوە هەڵگری پەیامی ڕاســتین و حەقیقەت بەتەواوی لای ئێوەیە و بانگەشەی بۆ بکەن؟

یان کەی و لەکوێ مافی دا بە کەســێك یان تیرە و هۆز و گەلێك کە لە سەر ڕا جیاوازیی، هێرش بەرنە سەر یەکترو کوشت و کوشتاری یەکتر بکەن؟

ئەوەی کە خواوەند لە دوا پەیامیدا دەفەرموێت: (إن الدین عند الله الاســلام) ال عمران/١٩. و (وَمَنْ یَبْتَغِي غیرالاســلامِ دیناً فَلَن یُقبلَ مِنْهُ) ال عمران/٨٥.

هەر ئەو خواوەندە و لە هەمان پەیامیدا دەفەرموێت: (فَوَیلٌ للذینَ یَکْتُبونَ الکِتَابَ بِأیدِیهِمْ ثُمَّ یَقُولُونَ هذَا مِنْ عِنْدِ اللهِ لِیَشْتَروا بِهِ ثَمَنَاً قَلیلاً...)البقرة/٨٠.

مەسـەلەی (فَلن یُقبل مِنْه) باس لەڕۆژی دواییە و لەپێوەر و پێودانگەکانی خواوەندا لێی وەرناگیرێت، نەك مرۆڤەکان لەیەکتری قەبوڵ نەکەن و پەلاماری یەکدی بدەن.

دواتر و پاش ئەم ڕوونکردنەوانە، ئەگەر بێین ئەو برگەی ئایەتەکانی (١٩ و ٨٥) ی ســورەتی (آل عِمران) شــی بکەینەوە، تێ دەگەین کە خواوەند بەهیچ شـێوەیەك مەبەستی لەوشـەی (إسلام) شـەریعەتی هیچ یەکێك لەپێغەمبەران بەتەنها نیە، بە محەممەدیشـــەوە، چ بگات بەپێڕەو و پرۆگرامی دەســـتە و تیرە و حزبێك، یاخود داب و نەریتی هۆز و گەل و نەتەوەیەك لەسەردەمێکی دیاریکراودا.

ئەگەر سـەرنج بدەینە وشـەی (إسلام) لەدابەزێنراوی بەجێدا، دەبینین: مەبەست پێی ئەو ئایینە پاك و پەیوەندیە پەیوەستەی مرۆڤە بەگشتیی و پەیام هێنانە بەتایبەتی لەگەڵ خواوەندا.

دواتر مەبەســت ئەو پەیوەندیە بێخەوشــەی پێغەمبەرانە، یاخود چاك ســازەکان لەهەر ســەردەمێکدا و لەناو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا و بەپێی هەل و مەرجی کەلتوریی و ئاســتی ڕۆشــنبیریی و داب و نەریتی باوی

ناوخۆیان، هەستاون بەدارشتنی فۆرمێکی ئایینی گونجاو بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

کەواتە: (إسلام) بەو دینە سەرانسەریە دەگوترێت کەلە ئادەمەوە تا خاتەم و لەڕێگەی ئەو هەموو پەیامهێنە و شەریعەتەکانیانەوە و لە قۆناغە جیا جیاکانی ژیانی مرۆڤایەتییدا ناسێنراوە و نێردراوە بۆ مرۆڤایەتیی، نەك تەنها مەبەستی دوا شەریعەتی دوا پەیامهێن و ئەو فۆرمە ئایینیە بێت کەلەسەدەی شەشەمی زایینی و لە کۆمەڵگەی ئەودەمی عەرەبییدا و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان لەو کۆمەڵگە و بڕگە زەمەنیەدا دارێژرا (وەك هەندێك بەڕێز پێیان خۆشە کەئسلام تەنها ئەوە بێت کەخزمەت بەکەلتووری ئەوان بکات).

دواتر دوا بڕگەی ئایەتی (٣) لەسورەتی (المائدة) کە دەفەرموێت: (اليَومَ أكْمَلتُ لَكُم دينَكُم وأتمَمْتُ عَلَيكُم نِعْمَتي وَرَضِيتُ لَكُم الإسلامَ دِيناً) المائدة/٣.

گوفتوگۆ و خیتابی ئایەتەکە گشتییە و قەتیس نیە لەدەستەیەکی دیاریکراو لەمرۆڤایەتی، بەڵکو قسە لەگەڵ کۆی باوەڕداراندا دەکات و ئەوانەی کە باوەڕیان بە زنجیرەی پێغەمبەران و شەریعەتەکانیان هەیە، هەر ئەو باوەڕدارانە پێویستە باوەڕیان بەدوا زنجیرەی پەیامی ئاسمان و پەیامهێنەکەشی ببێت و بەوپێیە کە شەریعەتەکەی دوا پەیامهێن، کۆتا ئەڵقەی زنجیرەی پەیامی ئاسمانە. چوونکە ناکرێت کەسێك خۆی بە باوەڕدار بزانێت و باوەڕی بە بەشێك لە پەیامی ئاسمان و شەریعەتی پەیامهێنێك و بەشێك لە پەیامهێنان ببێت و باوەڕی بە بەشێکی تریان نەبێت.

واتە: هەروەك چۆن شوێن کەوتوان و باوەڕداران بە پەیامی محەممەد، باوەڕیان بەهەموو پەیامهێن و شەریعەتەکانی پێش خۆیان هەیە، پێویستە هەموو ئەوکەسانەش کە ئێستە لەژیاندا ماون، باوەڕیان بە محەمەد (سڵاوی لەسەر) وەك دوا پەیامهێن و شەریعەتەکەشی وەك دوا ئەڵقەی پەیامی ئاسمان ببێت، ئەوجا پێیان دەگوترێت: باوەڕداران بە پەیامی ئاسمان، دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێت کە باوەڕپێبوون جیایە

لەشـوێن کەوتن، هەروەک چۆن باوەڕداران بە دوا پەیامهێن و دواپەیام، باوەڕیان هەیە بە سـەرجەم پێغەمبەران و پەیامەکانیشـیان، بەڵام پەیڕەویی تەنها لە شـەریعەتی محەممەدیی دەکەن. هەرکەس وانەکات جا ئیتر لە باوەڕدارانی سـەردەمی محەممەد بێت یان لەنەوەی گەلانی پێش ئەو، پێی ناگوترێت باوەڕدار بە پەیامی ئاسـمان و پێغەمبەرانی خواوەنـد، بـەڵکو دەکرێـت خۆی بۆ خۆی نـاوێـك لـەخۆی بنێـت و کەسـیش بۆی نیە بەهۆی ئەو بژاردەیەوە هێرش و دەسـتدرێژیی بکاتە سەر موڵك و سامان و ناموسی، یان گاڵتە بە پەرستش و سرووتەکانی بکات، هەروەك چۆن ئەویش بۆی نییە گاڵتە و دەسـتدرێژیی بکاتە سـەرهیچ درووشـم و سرووتێکی شـەریعەتی محەممەدیی و پەیڕەوانی. لێرەوە و بەم شـێوەیە دەتوانین تێبگەین کاتێك دەڵێین: مەبەسـت لەئسـلام تەنها شـەریعەی محەممەدیی نییە یانیچی. بەڵکو مەبەسـت پێی هەموو ئەو ئەڵقانەیە کە زنجیرەی پەیامی ئاسـمانیی پێك دەهێنن کە دوا ئەڵقەی ئەو زنجیرەیە بریتییە لە شەریعەی محەممەدیی. گرفتی گەورە لەتێگەیشتنی پەیڕەوانی شـەریعەتە زاڵەکاندایە، بەشێوەیەك هەرکات دەسەڵاتیان ببێت لەژێر بیانو و سـێبەری بانگەواز بۆ شـەریعەتەکەی خۆیان و فۆرمە ئایینیەکەیان، پێشـێل کاریی ئەنجام دەدەن بەرانبەر هەموو ئەو کەسـانەی کە وەك ئەوان بیر ناکەنەوە و مافی ئازادیی ئایینی و ئازادیی بیرو باوەڕیان لێ زەوت دەکەن، سنوور دانان بۆ ئەم دیاردە دزێوەش ئیشـی دەوڵەت و هێزی یاسـایە، نەك پەرچە کردار و ڕوبەڕوو بوونەوەی خوێناویی لەنێوان یار و نەیارانی هەر فۆرمێکی ئایینیدا.

# بەشی دووەم

## فۆرمی ئایینی چییە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و ئاشنا بوون بەوەی کەپێی دەڵێین فۆرمی ئایینی، سەرەتا پێویستە پێناسەیەکی فۆرمی ئایینی بکەین و دواتر لە سێبەری پێناسەکەوە قسەی زیاتری لە بارەوە بکەین.
بەو پێیەی کە لە دەقە ئایینیەکاندا پێناسەی ئەم چەمکە نەکراوە، دەکرێت بڵێین: تەنها چەن ئاماژەیەکی بۆکراوە، لەبەر تازەیی چەمکەکەش تا ئەو شوێنەی نووسەری ئەم بابەتە ئاگادار بێت، کەسێك پێناسەی بۆ ئەم چەمکە نەکردووە، بۆیە دەتوانین خۆمان و لەدیدی خۆمانەوە پێناسەی بکەین و بڵێین: مەبەست لەفۆرمی ئایینی بریتییە لەو ڕێکار و سرووت و ڕێوڕەسم و درووشم و ڕێنوما و ڕیتمانەی کە مرۆڤێك، یان چەند مرۆڤێك، یان کۆمەڵگە و گەلێك، لەسەردەمێکی دیاریکراودا لەسەری پێك دێن و دەیگرنە بەر بۆ پەیوەندیی خۆیان و خواکانیان، یان بۆ پەیوەندیی لەگەڵ خواوەندی خالق و خاوەنیاندا و بۆڕاز و نیاز لەگەڵیدا، لەوێوە فەزیلە و ڕەزیلەش بەپێی ئەو لێك تێگەیشتنەی کەلەسەری پێك دێن دیاریی دەکەن، کەواتە: فۆرمی ئایینی گشتیی نییە، بەڵکو دەکرێت و ڕێك دەکەوێت فۆرمی ئایینی کەسێك، یاخود کەسانێك یان کۆمەڵگە و گەلێك یان ناوچەیەك لەسەردەمێکدا، لەگەڵ هی تردا جیاواز بێت و هەریەکەیان گرنگیی بە هەل و مەرجی ژیان و باری ئابوریی و کەلتوریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەی خۆی بدات. یان هەرکەسێك، یان کەسانێك، یان کۆمەڵگە و گەلێك، دەکرێت لە قۆناغێکی مێژویی و سەردەمێکی دیاریکراودا فۆرمێك پەسەند و پەیرە و بکات، هەر هەمان کەس یان کۆمەڵگە، دوای گۆڕانی هەل و مەرجی ژیانیان و گەشەی ژیاریی و کەلتوریان، گۆڕانکاریی بەسەر فۆرمی بیرکردنەوە و تێگەیشتنیاندا بێت و چەشنێکی تر لە فۆرمی ئایینی پەسەند و پەیرەو بکەن.

بۆ نموونە: دیاریکردن و ڕیزبەندیی کردنی گوناحە گەورەکان، وەستاندنی کارکردن بە ئایەتێك لە ئایاتی ئەحکام، یان گۆڕانکاریی تەکنیکیی لەبەرپا کردنی سـرووت و درووشـمە ئایینیەکاندا، یان دیاریکردنی بڕ و ڕێژەی زەکات و چۆنیەتی میکانیزمی کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی، ڕێو شوێنی حەج کردن و ئیدارەدانی حاجیان ... تاد.

لەم بارەیەوە د.عەلی قەرەداخیی دەڵێت: (پاش ئەوەی زانیمان کە پێوەری بابەتە نەریتیەکان و چالاکیە مرۆییە زاسـتیی و ڕامیاریی و گرێبەسـتەکان، پێوەرێکە لەسـەر ئەو بنەمایەی کەئەم بابەتانە بابەتگەلێکی پەسەندن لەڕووی ماناو واتاکانیانەوە و هیچکام لەو نەریت و چالاکیانە تەعەبودیی ڕووت نین، بەڵکو هەموویان بابەت و بوارگەلێکن کە شیکار هەڵدەگرن، مەگەر بوارێك کە بەڵگەی ڕاست و ڕەوان لەسـەری ببێت کە قەدەغەیە دەسـکاریی بکرێت، ئا لەم کاتەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە لەم بابەت و بوارانەدا، داهێنان و گۆڕنکاریی نەك تەنها مەشـروع و ڕێگە پێدراو و ڕەوایە و بەس، بەڵکو داوامان لێکراوە و پێویسـتە لەسـەرمان بەردەوام گۆڕنکاریی و داهێنانیانی تێدا بکەین، بەهەمان شێوە قسەکرن لە گرێبەستێکی بازرگانیی یان سیاسیی یان هەر بابەتێکی تر، پێویسـتی بە بەڵگە و دەلیلێکی تایبەت نیە مادام دژ نایەتەوە لەگەڵ هیچ دەقێکی ڕوون و ڕەواندا لە کیتاب و سـوننە، لەکاتێکدا هەرکەس باس لە ڕەوایەتی هەر دروشـمێکی خواپەرسـتیدا بکات پێویستە بەڵگەیەکی تایبەت بەو بوارەی بەدەستەوە بێت). [١]

کەواتە دواجار بەڕوونی دەتوانین بڵێین: فۆرمی ئایینی لە چوارچێوەی گۆڕاوەکاندایە و پێویسـتە لە جوڵەی بەردەوامدا بێت، لەباشـەوە بەرە و باشتر و لە گونجاوەوە بەرەو گونجاوتر و سازگارتر لەگەڵ هەل و مەرجی سەردەم و کۆمەڵگەکاندا.

---

[١] أ.د.علي محيي الدين القرداغي . فقه الميزان . ص ٦٧ .

بەڵام لەبیرمان بێت کە پێوەری باش و ناباش بوونەکە، هەر لەدیدی پەیڕەوان و نەیارانی فۆرمەکەوە دەبێت و نابێت بەزۆر بســەپێنرێت بەسەر کەسدا.

واتــە: دەگونجێــت بــاشــێکی لای من، خراپێـك بێـت لای تۆ و بەپێچەوانەشـــەوە، ئەوەی گرنگە بۆ هەردوو لامان ڕێز گرتنە لەبژاردەی یەکتر.

## کاریگەریی ئایین لەسەر ڕەوشی ژیان لە کۆمەڵگەکاندا

ئایین (بەو مانایەی کە بریتییە لە چەشنی پەیوەندیی و بەرداشت و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ پەرســتراوەکەی) کاریگەریی گەورە و گرانی هەیە لەســەر چۆنیەتیی دارشــتنی فۆرمە ئایینیەکە و لەوێشــەوە لەســەر کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤەکان.

بۆ نموونە: ئەگەر گەلێك یاخود عەقڵمەندانی گەلێك، چەشــنی بەرداشت و تێڕوانیان و بۆ پەرستراو و پەروەردگاریان وابێت کە خواوەند یاخود ئەو خوایەی کە ئەوان دەیناسن، خوایەکی میهرەبان و بەخشندە و دڵ ئاوایە، جیاوازە لەوەی کە وەك خوایەکی تورە و دڵ ڕق و توند و تیژ و ڕق ئەستوور بیناسن.

چوونکە هەریەك لەو تێڕوانینانە کاریگەریی ڕاستەو خۆی دەبێت لەسەر چەشنی بیر کردنەوە و هەڵس و کەوت و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە.

یاخود ئەگەر باوەڕیان وابێت، یان وا لە دەقە پیرۆزەکان بگەن کە، خواوەند خۆی هەموو شـتێکی لەبارەی ڕزق و ئەجەل و چارە ڕەشـیی و چارە گەشــیی ئەمانەوە بڕاندبێتەوە، جیاوازە لەوەی باوەڕیان وابێت کە خواوەند ئەو تەکلیف و ئەرکەی خستووەتە ئەستۆی خۆیانەوە و خۆیان بەرپرسن لە بەختەوەریی و ژیان و سەروەریی خۆیان و خۆش گوزەرانیی یاخۆ نەهامەتییان.

کەواتە: ئایین کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسـەر ژیانی مرۆڤایەتیی و ئەو کاریگەرییەش لە چۆنیەتی خەملاندن و دارشــتنی فۆرمە ئایینیەکاندا خۆی دەنوێنێت.

ڕاستیەکی حەشا هەڵنەگریش هەیە پێویستە تیشکی بخەینە سەر، ئەویش بریتییە لەوەی کە، مرۆڤ بێ ئایین و بێ پەرستراو نایکرێت، هەر بۆیە هەمووان بەدوای ئەو بەدیهێنەر و پەرستراوەدا دەگەڕێن و هەرگەلە و بە شێوازێك وێنای ئەو دەکەن و هێمای بۆ درووست دەکەن، کەسیشیان بەهێمای ئەوی تر ڕازیی نابێت و هی خۆی بەشیاوتر دەزانێت لەهی کەسانی تر، لە ڕاستیشدا هەموویان هەر مەبەستیان یەك خواوەند و پەرستراوە.

لەم بارەیەوە (د.محەممەد موجتەهید شەبەستەری) دەڵێت: مەسەلە ئەوە نییە کە تاقی کردنەوەی دینیی دەتوانێت بەتەنها ببێت یان نا، بێگومان هەر تاقیکردنەوەیەکی دینیی لە ئاستێکی ناسین و ئاستێکی کردار و شەعائیردا خۆی دەردەخات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە، ئێمە بۆ حاڵیی بوون لە بنەمای زیندوبوون یان زیندونەبوونی دین لەیەك کۆمەڵگەدا بەدوای کام داکەوت و واقیعیەتەوە بین؟ کردار و شەعائیرەکان... یان بیروباوەڕ و عەقیدە... یان تاقیکردنەوەکان؟

قسەی من ئەمەیە ئەگەر ئێمە پێوانەی سەرەکیی بەو تاقیکردنەوانە بزانین، لەم حاڵەتەدا ئەو ناسینە بە ناسینی دینیی و بیروبۆچوونی دینی ئەزانین کە لە تاقیکردنەوە دینیەکاندا هاتووەتە کایەوە و ئەو کردار و شەعائیرانە بە دین دەزانین کە دامەزراو و پشت ئەستوورئەبن بە تاقیکردنەوە ئیمانیەکەوە، نەك هەر ناسین و بۆ چوون و کردار و ڕەفتار و شەعائیرێك کە بەرهەمی ئەم تاقیکردنەوەیە نین یان هاوڕێ و هاو ئاهەنگ نین لەگەڵ تاقیکرنەوەکاندا). [١]

لێرەوە تێدەگەین کە فۆرمی دینیی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەزموونی ئیمانیی چۆن دەڕوانێتە بوون و سەرچاوەی بوون و خواوەند، مرۆڤ چۆنی وێنا کرد، واش ڕەنگ دەداتەوە لە سرووتە ئایینیی و ڕەفتارەکانیدا.

---

[١] کامەران حەمە سەعید - قەیرانی ئیمان - وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـــ چاپخانەی ڕەنج . لاپەڕە ٢٧ . ٢٨.

## هەر چەشنە سرووت و ڕێو ڕەسمێك پێی دەگوترێت فۆرمی ئایینی، یان دەتوانێت ببێتە فۆرمی ئایین؟

بێگومان هەر چەشنە ڕێوڕەسم و سرووتێك یاخود درووشم و دیاردەیەك بەتەنها نابێتە فۆرم یان فۆرمێکی سەربەخۆ، بەڵکو بەدڵنیاییەوە بەشێك دەبێت لەفۆرمێکی دیاریکراو.
چوونکە تەنها دەرکەوتنێك یاخود سرووتێك بەتەنها ناتوانێت دەربڕی فۆرمێکی فراوان بێت و ئەو پەیامە بەرین و گشتییە بەگوێی وەرگردا بدات کە کۆی فۆرمەکە دەیگەیەنێت.
لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەڵگر و پەیڕەوی فۆرمەکە خۆی بزانێت و ئاگایانە هەستێت بە ئەنجام دانی هەریەك لە ڕێکار و درووشمەکانی فۆرمەکەی، بۆ ئەوەی نە خۆی بەهەڵەدا بڕوات و نە کەسیش ببات بەهەڵدا.
بۆ نموونە: کاتێك نوێژێك دەکات پێویستە هەم پێداویستییەکانی بەرلە دەسپێکردنی جێبەجێ بکات و هەم لەکاتی ئەنجام دانیشیدا پابەندی مەرج و پایەکانی بێت، تا بتوانێت پابەند بێت بەو فۆرمەوە کە بژاردەی خۆیەتی لە بنەڕەتدا.
هەروەها هەر ڕێوڕەسم یاخود ئەرکێکی تر کە پێی هەڵدەسێت، سەرەتا پێویستە بزانێت چۆن و بۆچی واجب کراوە لەسەری، نەك هەر خووی پێوە گرتبێت یان وا فێر کرابێت کە کوێرانە ئەوە بکات.
دەشگونجێت پەرستش و ڕێوڕەسمێك بە هەندێ جیاوازیی و تایبەتمەندییەوە لە چەند فۆرمی ئایینیدا هاوبەش بێت، بەڵام لەڕێژە و چەندیەتیی و چۆنایەتییدا جیاواز بێت، وەك: ڕۆژووگرتن، لە شەریعەی محەممەدییدا یەك مانگی تەواوە و لە بەرەبەیانەوە تا خۆرنشین کاتەکەیەتی و هەموو خواردن و خواردنەوەیەك و پەیوەندیی زایەندیش لە کاتەکەیدا قەدەغەیە.
بەڵام لەشەریعەی مەسیحدا کەمتر و بەشێوازێکی سادەترە.

لەم بارەیەوە خواوەند دەفەرموێت: [مَا نَنسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ] البقرة/١٠٦.

هەروەها حەج لە هەمو شـەریعەتەکاندا هەیە، بەڵام بەڕێتمی تایبەت و بەجیاوازیی لە جێگەی ئەنجامدانەکەیدا.

هەروەها ڕووکرنە قیبلە درووشـــمێکی هاوبەشـــی نێوان ســـەرجەم شـــەریعەتەکانە، بەڵام بەجیاوازیی لەو جێگە و شـــتەدا کە ڕووی لێ دەکرێت.

لای کەســـانی فامیدە ڕوونە کە هیچکامیان ئەو شـــت و شـــوێنانە ناپەرستن، بەڵکو بۆ تەرکیز و جەخت کردن و چڕ کردنەوەی سەرنجیانە و بەفەرمان و ڕێوشـــوێنی شـــەریعەت و فۆرمەکەیان ڕوو لەو دیاردە و شوێنانە دەکەن.

## فۆرمی ئایین جێگیرە یا گۆڕاو؟ یاخود دەكرێت بگۆڕدرێ؟

بێگومان وەك پێشتریش گوتمان فۆرمی ئایینی قابیلی گۆڕانە، ئەگەر نەڵێین: پێویســـتە بەردەوام بگۆڕردرێت، ئەوا بەدڵ نیاییەوە خۆی لە گۆڕانی بەردەوامدایە.
بەڵام ئەسـڵ لە گۆڕانكارییدا ئەوەیە كە بەرە و باشـە و سـازگاریی بڕوات لەگەڵ هەل و مەرجی سەردەمەكەیدا.
دیارترین نموونەی گۆڕانكاریی فۆرمی ئایینی بریتیە لە: زینجیرەی هاتنی پێغەمبەران و ڕەویە و پەیامەكانیان كە گونجێنراون لەگەڵ هەلومەرجی ژیان لەسەردەم و كۆمەڵگەكانیاندا.
بۆیە ناكرێت بەهیچكام لەو شـــەریعەتانە بەتەنها بگوترێت دین، بەو مانایەی ئەگەر كەســـێك لێی لابدات بێ دین ببێت، چوونكە دواجار هیچیان وەحیی ئاســـمان نین و هـەوڵی مرۆیی و ئاكامی تێڕوانین و پەیوەندیی  پێغەمبەرەكانن لەگەڵ خواوەنددا.
هەروەك چۆن دەبینین بەردەوام گۆڕانكاریی تەكنیكی دێت بەســـەر ڕێو شـــوێنی ئەنجامدانی ڕێورەســـمەكانی وەك: (حەج، نوێژ و كۆبونەوەی ڕۆژانی جومعە، زەكات، شێوازی قوربانیی كردن... تاد).
هـەركات فۆرمی ئـایینی لـەخـەڵك كرایە دین، ئیتر مـەترســـیی گـەورە لەڕێگەدایە و دەبێت چاوەڕێی كوشـت و كوشـتار و تەفسـیق و تەكفیر بكرێت.
چوونكە بـەدڵنیاییـەوە نـە لـەهیچ ســـەردەمێك و نـە لـەهیچ هـەل و مەرجێكدا، ڕێك ناكەوێت مرۆڤایەتیی بە گشـــتی لەســـەر یەك فۆرم و مەزهـەب و ڕێچكە و یـەك خوێندنەوە بۆ دەقە دینیەكان كۆ ببنـەوە و وەك یەك بیر بكەنەوە.
چوونكە هـەم ســـەردەمەكان و هـەل و مەرجی ژیان تیایانـدا و هـەم كرۆمۆسـۆمات وجینات و تایبەت مەندیی گەل و نەتەوەكان جیاوازییان هەیە، پێویستە هەمیشە ئەو جیاوازیی و تایبەت مەندییانە لە داڕشتنی فۆرمی دینی و تەنانەت یاساشدا ڕەچاو بكرێن.

بۆنموونە: ئاستی بیرکردنەوەی چ تاك و چ كۆی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو، ساڵانە گۆڕانكاریی دێت بەسەردا، بەتایبەت لەم سەردەمەدا، لەوانەیە ساڵانە و كەمتریش، یاساكان پێویستیان بە پێدا چونەوە و هەموار كردنەوە ببێت.

گرفتی گەورەی ئایین پەروەران لەم خاڵەدا چڕ بووەتەوە، چوونكە زۆربەی هەرە زۆری پەیڕەوە كلاسیكیەكان و هەندێك لە ڕابەرە ئایینیەكان و زۆرێك لە تەوژمە ئسلام گەراكان، بەرژەوەندییان لە چەق بەستنی بیری زۆرینەدایە لەبارەی ئایینەوە و خۆشیان لە شڵەقاندنی دۆخەكە نایەت و دەڵێن: ئەگەر بێت و ئەم فۆرم و ڕیتمەی كە ئێستا هەیە هەڵ بوەشێتەوە، پاشاگەردانیی ئایینی ڕوودەدات و دۆخەكە بەكەس ڕێك ناخرێتەوە.

ئەوان لەژێر كاریگەریی ئەو كەلەپورە باوەدا بیر دەكەنەوە كە پێی وایە: پێویستە هەتا هەتایە مرۆڤایەتیی لەسەر ئەم فۆرمە سواوە درێژە بەژیانی ئایین پەروەریی خۆی بدات.

لەناو خەڵكە ڕەشۆكیی و گشتیەكەشدا، تا ئەندازەیەك هەوادار و لایەنگریان لەو كەسانە هەیە كە ئاستێكی خوار مام ناوەند و لاوازیان هەیە لە ڕۆشنبیریدا و لە ڕاستیشدا ئەوانیش حەزیان بەو چەق بەستنە هەیە كە دەقیان پێوە گرتوە و لەسەری ڕا هاتون.

بەڵام توێژی دەستە بژێر و ڕۆشنبیر و ڕۆشنگەرە بە ئاگاكان، هەر زوو بەخۆ دێن و ئەو فۆرمە كلاسیكیە سواوە ڕەد دەكەنەوە و هەڵوەدای فۆرمێكی گونجاوتر دەبن كە لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و چەرخەكەی خۆیاندا بگونجێت.

بەداخەوە كەسانێكیش كە مەزهەب و كەلەپوور و فۆرمی سواوی (١٢٠٠ - ١٣٠٠) ساڵ لەمەو پێشیان لێكراوە بەدین و لە ناخیشەوە لایان پەسەند نییە، ناچار ڕوو لەلادان و تەوەلا بوون و پوچگەرایی دەكەن و ڕای دەگەیەنن كە ئەوان كافرن بەوەی كە موسڵمانان و خاوەن فۆرمە كلاسیكییەكە باوەڕیان پێیەتی.

تاوانی لادانی ئەم دەستەیەش لە ئەستۆی ئەوانەدایە دان نانێن بەوەدا کە فۆرمی دینی کاتییە و پێویستە گۆڕانکاریی بەسەردا بهێنرێت و بگونجێنرێت لەگەڵ خواستەکانی سەردەمدا.

لێرەدا خاڵێکی ڕەگەزیی و جەوهەریی هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش بریتییە لەوەی کە: ئەگەر گەل و نەتەوە یان کۆمەڵێك مرۆڤ لەسەردەم و جێگەیەکی دیاریکراودا بەشێوەی ئاگایانە و لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی یان بەهۆی هەلومەرجی ژیان یان کەشوهەوا یان هەرشتێکی تایبەت بەخۆیان و جوگرافیا و دۆخی ژیانیانەوە، پێك هاتن کە چەشنە پەرستشێکی دیاریکراو یان شێوازی ئەنجامدانی پەرستشێك، بخەنە کاتێکی دەسنیشان کراوەوە یان بڕ و ئەندازەی پەرشتێکیان دەسنیشان کرد، بە مەرجێك کە زیریی گشتیی بژاردەکەیان پەسەند بکات، ئەوا بژاردەکەیان ڕێز لێگیراو دەبێت و پێویستە لە داڕشتنی یاسا و پرۆسەی ڕێساسازیی و تەشریعدا بژاردەکەیان ڕەچاو بکرێت و تایبەتمەندییان وەك پێڕێکی ئایینیی پارێزراو بێت. نموونەی لەم چەشنە: کەمایەتییە ئایینییەکانی نێو وڵاتە موسڵمان نشینەکانە کە لەسایەی یاسای سەردەمیی وڵاتەکاندا بوون و ئازادییان پارێزراو بوو تا ئەم دواییانە، هەروەها بوونی جالیە و ڕەوەندە ڕۆژهەڵاتییەکان لە وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا، کە لە سایەی یاساکانی ئەو وڵاتانەدا حەساونەتەوە و باشتر لە وڵاتانی خۆیان ئازادیی ئایینیان پارێزراوە.

بەڵام مەخابن زۆرێك لەو ڕەوەندانە لەباتی ئەوەی لەبیری گواستنەوەی ئەو ئەزموونە جوانەی ئازادیی ئایینیی و سەروەری یاسادا بن، لەبیری ئەوەدان ڕۆژێك دەسەڵات پەیدا بکەن و دەست بگرن بەسەر ئەو وڵاتانەدا و ئازادیی ئایینی لە خاوەنی ئەو وڵاتانە و دانیشتووانە ڕەسەنەکانیان زەوت بکەن و بیانخەنە نێوان دوو بژاردەوە کە هەرکامیان بگری لەوی تریان تاڵتر و نالەبارترە، کە بریتیین لەوەی: یان واز لە

ئایینەکەیان بێنن و بێنە سەر بیروباوەڕی ئەمان، یان بکوژرێن و بەبڕوای ئەم پێڕە سەرگەردانە ڕەوانەی دۆزەخ بکرێن.
لە ناوخۆی وڵاتە موسڵمان نشینەکانیشدا زۆرێك لە پەیڕەوانی تەوژم و بزووتنەوە توندڕەوە ئایینییەکان پیلان بۆ ئەوە دادەڕێژن دەســـەڵاتی خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگەکاندا و لەوێوە دەست بدەنە پرۆسەی یەکڕەنگ کردنی کۆمەڵگە و قەتلوعام کردنی پەیڕەوانی کەمینە ئایینییەکان و تەنانەت نەك هەر کەمینە ئایینییەکان، بەڵکو زۆرینەی باوەڕداران بە پەیامی موحەممەدیش بە هەڵگەڕاوە لەئایین دەزانن و بەلایانەوە پێویســـتە ئەمانیش بخرێنە بەردەم دوو بژاردەی یەك لەیەك سەختترەوە، یان پاشگەز ببنەوە و تەوبە بکەن، یان بدرێت لەگەردنیان و ڕەوانەی دۆزەخ بکرێن!

# بەشی سێیەم
# مەرجە فۆرمی ئایینی بەگشتیی بگۆڕدرێ، یان دەکرێت هەموار بکرێتەوە؟

هەر ئەوەی کە پێك هاتین ناوی بنێین فۆرمی ئایینی، خۆی لەخۆیدا واتای ئەوە دەگەیەنێت کە داهێنراوێکی دەستی مرۆڤە و دەکرێت مرۆڤێکی تریش داهێنراوێکی وەك ئەو دابهێنێت و پەیڕەویی لێ بکات، یان لانی کەم هەمواری بکاتەوە.

بەڵام مەرجیش نیە لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکەدا هەموو جار گۆڕانکاریی ڕیشەیی بکرێت و فۆرمی پێشوو لەڕیشەوە دەربهێنرێت، بەڵکو دەکرێت و دەگونجێت فۆرمێکی دیاریکراو لە چەندین کۆمەڵگەی هاو شێوە و لە چەندین سەردەمی نزیك لەیەکدا، یان لە دەورووبەری یەکتردا دووبارە بکرێتەوە و پەیڕەویی لێ بکرێت یان بە پێی خواستی کۆمەڵگەکان چەند بەشێکی لێ هەموار بکرێتەوە.

هەموارکردن و گۆڕانکارییەکەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە سازگار بکرێت لەگەڵ ڕۆح و جەوهەری سەردەمەکەدا و ناهەمواریەکانی تێبپەڕێنرێن.

ئەم پرۆسە و کردارەش ئەرکی عەقڵمەندانی هەر کۆمەڵگەیەکە لەسەردەمەکەی خۆیاندا، نیازیش تیایدا خزمەتە بەکۆمەڵگەکە، نەك دژایەتیی و نەیاریی کردنی هەڵگرانی فۆرمە کۆنەکە و سوکایەتی کردن بە توانای پێشینانی سەردەمی پێشوو. خواوەند لەم بارەیەوە بەڕوونی دەفەرموێت: [وأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنْ الْكِتَابِ ومُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ و لا تَتَّبِعْ أَهْوائهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنْ الْحَقِّ لِكُلّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَة ومِنْهَاجًا ولَوْ شَاء اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَ لَكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ] المائدة/٤٨.

لەسایە و سێبەری ئەم ئایەتەوە تێ دەگەین کە ناسازیی بیرکردنەوەی هەر کەس و گەل و سەردەمێك، لەگەڵ ئەوی تردا، نابێت ببێتە مایەی

پێك هەڵپژان و دژبەریی یەکدیی، بەڵکو دەبێت ئەو دادوەرییە هەڵ بگرین بۆ ڕۆژی ڕەستا خێز و خواوەند بڕیاری تێدا بدات.

ئەوەی ئەرکی ئێمەیە لەم ژیانی دونیایەدا تەنها بریتییە لەبەگەڕ خستنی ژیریی و کارامەییمان و هەوڵدان بەشێوازی لۆژیکیی بۆ قەناعەت پێ هێنان بەبەرانبەر.

ڕوبەڕوو بوونەوەی فیزیکیی و هەوڵی سڕینەوەی بەرانبەر، کارێکی ناپەسەند و نەخوازراوە و هەرکەسیش پەنای بۆ ببات پێویستە بەهێزی فیزیکیی و بەزەبری یاسا و لۆژیکی هێز بەری پێ بگیرێت و دەستی کۆتا بکرێت، ڕێگە نەدرێت بەناوی ڕەوایەتیی و ناڕەوایەتییەوە مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵگەکان پایەماڵ بکرێن، چوونکە خواوەند خۆی ڕای گەیاندووە کە ئەو خاوەن بڕیارە و داوای کۆمەکیشی لەکەس نەکردوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕای گەیاندووە کە ئەو داکۆکی و بەرەڤانی لەباوەڕدارانی پابەند بە پەیامەکەیەوە دەکات و ڕێنومایی و هیدایەتیان دەکات بۆ ڕێگەی ڕاست و درووست وەك دەفەرموێت: [إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنْ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ] الحَج/٣٨. تێدەگەین (خَوَّانٌ كَفُور) ئەو کەسەیە کە دەیەوێت بەناوی خواوە ستەم لە کەسانی دەوروبەری بکات و ئازادییان پێشێل بکات. بەڵام ململانێ و بگرە و بەردەی مرۆڤ لەسەر بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆی، بێگومان هەر بەردەوام دەبێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نابێت کەس ئەو مافە بەخۆی بدات و بەرگی ئایینی بکات بەبەر خواست و حەز و هەوڵەکانیدا و لەسایەی ئاییندا سەرمایەی زیاد و فراوان بکات و لەوێوە ڕەوایەتیی بە بڕیارەکانی بدات بەرانبەر بەنەیارەکانی.

## پرۆسەی گۆڕینی فۆرمی ئایین و ئاستەنگەکانی بەردەمی

گۆڕینی فۆرمی ئایینی خۆی لە خۆیدا ئامانج نیە، بەڵکو خواستی واقعە یان ڕێکار و ئامرازە بۆ ئامانجێکی لەخۆی گەورەتر کە بریتیە لە سازگار کردنی فۆرمە پێشوەکە لەگەڵ جەوهەری سەردەم و کۆمەڵگە

تازەکەدا، یاخود داهێنانی فۆرمێکی نوێ بەسیمایەکی سەردەمییەوە بۆ سەردەم و کۆمەڵگە تازەکە.

ئەمەش دەخوازێت هاوشان لەگەڵ گەشەی ژیان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، فۆرمەکانیش بەهاوشانیی و هاوتەریبی لە گەشەدابن و لە سەردەمێکدا نەچەقن و چەق نەبەسن، تا بتوانن لەسەردەم و گەشەسەندنەکان دوا نەکەون.

بۆ نموونە: عومەری کوڕی خەتتاب فۆرمی کارگێڕیی پەیڕەو کرد و ئەزموونی فارس و ڕۆمی گواستەوە و سوودی لێ وەرگرت لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتەکەیدا، ساڵنامەی کۆچی داهێنا و وادەی کۆچی گواستەوە بۆ سەری مانگ و کردیە سەرەتای ساڵنامەکەی، نوێژی تەراویحی کردە جەماعەت، قسەی لەمەسەلەی تەڵاقدا کرد، کارکردن بەئایەتی حەدی دزیی ڕاگرت، زەویەکانی عراقی بەموڵکی دەوڵەت هێشتەوە و کاری بە حوکمی غەنیمە و شێوازی دابەشکردنی نەکرد و بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە سستیی پرۆسەی هاوسەرگیریی، خواستن و مارەکردنی کچانی ئەهلی کیتابی بەشێوەی کاتیی قەدەغە کرد، بەڕاوێژ لەگەڵ ژناندا، وادەی مانەوەی سەربازی لەبەرەکانی جەنگدا دیاریکرد و... تاد.

دواجار بەسەرنج دان لەڕەوتی گۆڕانکارییەکان، پاش چەند ساڵێك مرۆڤ دەتوانێت شاهیدی فۆرمێکی تازە و ڕووکارێکی جیاواز لەپێشوو بێت بۆ ڕێوڕەسم و سرووت و درووشمە ئایینیەکان.

هەروەك چۆن پۆشاك و زمان و خواردن و شمەکی ناوماڵ دەگۆڕین و جوانتر و سازگارتری دەکەین، پێویستە فۆرمی ئایین پەروەرییشمان بەردەوام مشت و ماڵ بکەین و سیما و ڕووکارێکی ئەوتۆی پێ ببەخشین کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕووکارەکانی تری ژیانماندا.

ئەمەش بیدعە و لادان نیە، بەڵکو بانگەوازە بۆ درێژەدان بەو ڕەوتەی کە پێشینانی هەموو گەل و کۆمەڵگەیەك بەکۆمەڵگە ئسلامیەکانیشەوە پەیڕەویان کردوە و لەژیانی خێڵەکیی و دەوار نشینیی و نەبوونی یاساوە،

ژیانی شارنشینییان داهێنا و لە بێ یاسایی و پاشاگەردانیەوە، یاسا سازییان کرد و شەریعەتی حامورابیی و فەلسەفەی یۆنان و گریك و مەعریفەتی ئسلامییان دارشت، دەیان زانستی وەك فیزیا و کیمیا و پزیشکیی و ئەندازیاریی و فەزانەبەردیی و جیۆلۆجیی و بایۆلۆجییان داهێنا و ژیانی مرۆڤیان لە تیاچون و چەکمەسەرێوە گۆڕی بۆ خۆش گوزەرانیی و ژیانسازیی.

ئێمەش کاتێك کە بانگەواز بۆ چاکسازیی فۆرمی ئاییینی و گۆڕانکاریی تیایدا دەکەین، داوای لادان لەدین و داهێنانی دینی تازە ناکەین (وەك هەندێ بەرێز لەڕووی نەزانینەوە وا تێدەگەن یان وا تێدەگەیەنرێن)، بەڵکو ئەم پرۆسە و خواستە خۆی لەخۆیدا چەشنێکی خەباتی کاریگەرە بۆ هێشتنەوەی ئایین بەسەروەریی و پایەداریی و پاراستنی لەخراپ بەکار هێنانی لەلایەن دەستەیەکی دیاریکرا و لە فەرمانڕەوا و پیاوانی ئایینەوە.

[إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ] التوبة/٤٠.

ئەگەر گۆڕانکارییەکە بەم مەبەستەوەبێت، ئەوا بێگومان لە بەرژەوەندیی دین و گەلانی دونیاشدا دەبێت، بەڵام گرفتی گەورەی بەردەم ئەم گۆڕانکارییە، بەگومان بوونی هەندێ کەسایەتیی و ترسی زۆرینەی خاوەن بەرژەوەندیەکانە لەکۆمەڵگەدا.

دەستەی یەکەم واتە: ئەوانەی کە بەگومانن لە نیازی گۆڕان خوازان و لە ئاکامەکانی گۆڕانکارییەکە، لەژێر کاریگەریی و هەژموونی دەستەی دووەمدان، واتە: خاوەن بەرژەوەندیەکان کە دەزانن بە بەرپا کردنی گۆڕانکارییەکە خەڵك هۆشیار دەبێتەوە و ئەوان ڕەوایەتیی لەدەس دەدەن و بەرژەوەندیی مادیی و پێگەی کۆمەڵایەتیی و دەستەمۆ کردنی ڕای گشتی لە بەرژەوەندیی خۆیان و دەسەڵاتی حوکمڕانەکان دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە بەردەوام هەم گومان بۆ دەستەی دووەم زیاد دەکەن و هەم جەماوەریش دەترسێنن و فریوی دەدەن گوایا ئەم خواستی

گۆڕانکاریە دەســـتێکی لەپشـــتە و دەیەوێت دینەکە لە ئێمەیش و لە ئێوەش بشێوێنێت، وەك چۆن فیرعەون  لەبارەی موسا پێغەمبەرەوە بە خەڵکە هەژارەکەی دەگوت: [ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَنْ يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ] غافر/٢٦.
لەکۆتاییدا پێویســـتە ئەوە بڵێین: بەدڵنیاییەوە بەڕێوە بردنی کۆمەڵگە و هەڵســـوڕاندنی کاروبارەکانی، دەخوازێت، ئایین داریی و ســـۆزی ئایین پەروەریی و درووشمەکانی، هەمیشە لە فۆرمێکدا ڕێك بخرێن بۆ ئەوەی بێسەروبەریی ڕوونەدات و ئامانجی پێشینانیش لەداڕشتنی ئەم فۆرمەدا کەئێســـتە باوە، هەر ئەمەبووە، بەڵام مەخابن ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە، ئەو ئیجتیهادەی پێشـــینان ئێســـتا لە هەندێ بەڕێز بووەتە دینی موبین و ئەوە هیچ کەخۆی ئامادەنییە دەســـتی لێ هەڵ بگرێت، بەڵکو بەهەموو هێزیەوە تێدەکۆشـــێت تا هیچ کەســـیش مافی ئەوەی نەبێت لەدەرەوەی ئەو بیرکردنەوەیەوە بیر بکاتەوە و قسە لەسەر فۆرمی نوێ و گۆڕانکاریی لە ئیجتیهادەکەی ئەواندا بکات.
بۆیە نەوەی نوێ و عەقڵ مەندانی ســـەردەم، نەك تەنها مافی خۆیان بێت بەڵکو ئەوانیش وەك پێشـــینانیان ئەرکی ســـەرشـــانیشـــیانە  بەپێی خواســـتی هەل و مەرجی ســـەردەمەکەیان عەقڵ و ژیریان بخەنە گەڕ و بە ئیلهام وەرگرتن لەیاسا گشتییەکانی گەردوون و دەقە پیرۆزەکان، ڕێگە چارە و وەڵامی شـــیا و بۆ پرســـەکانی ســـەردەمەکەی خۆیان بدۆزنەوە و شان بەشانی گەشەسەندنە زانستییەکان، گەشە بدەن بە تێگەیشتنی دینی و دونیابینیی خۆیان و خەڵکی ســـەردەمەکەیان لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.
بەهیوای گفتو گۆیەکی ئارام و نەرم و نیان و ئاکام گەلێکی نزیکتر لەواقعی حاڵی ئومەتەوە.

# پرسی نوێکردنەوە
## لە هزری ئیسلامییدا

# دەسپێک

یەکێك لەو پرس و بابەتانەی ۆژانە لە زۆرێك لە ناوەندە فەرمیی و نافەرمییە ئایینیی و ڕۆشنـد ـرییەکانەوە گوێمان لێ دەبێت و لەنووسینی زۆرێك لەنوسەراندا بەرچاومان دەکەوێت، بریتییە لە باس کردن لەبابەتی (نوێکردنەوەی بیر و هزری ئیسلامیی).

زۆرێك لەو بەرێزانەی باس لەم پرس و بابەتە دەکەن، هەرئەوەندەی لەسەر دەڵێن کە پرۆسەی نوێکردنەوەکە بە پێویست و گرنگ دەزانن، بەدەر لەوە، زۆرێک لەو بەرێزانە نەدەتوانن و نەتفاقی ئەوەشیان پێیە ڕوونی بکەنەوە مەبەستیان لەم نوێکردنەوەیە چییە و کامەیە بنەماکانی پرۆسەکە؟

لەسەرێکی تریشەوە ئەوانەی باس لەم پرسە دەکەن، دەبنە دوو دەستەوە:

أ- دەستەیەك کەخەمخۆری ئایینن و دەیانەوێت ئاین و پەیامە ئاسمانیەکە وەك خۆی بخەنە ڕوو و لەڕێی پرۆسەی پێداچونەوە و نوێگەراییەوە لەهز و دونیا بینیی ئایینی خۆیان و هاو بیر و باوەڕەکانیانەوە حەقیقەت و ماهیەتی ئاین بپارێزن و ڕوونی بکەنەوە کە دوا پەیامی ئاسمانی بۆ هەموو سەردەمێك دەس دەدات و لەهەمان کاتیشدا پەیامێکە بۆ هەمووان بەبێ جیاوازیی و نێوانگیر لەنێوان خواوەند و بەندەکانیدا.

ب- دەستەی دووەم لەبنەڕەتەوە نەیاری ئاین (یاخود نەیاری ئەوەن کەبە ئاین پێیان ناسێنراوە) بەمەبەسی لەو ئاینە، پرسەکە دەوروژێنن و دەیانەوێت بەناوی ئەو پرۆسەیەوە خزمەت بەئامانجە شاراوە و هەندێ کات ئاشکراکانیشیان بکەن. بۆیە پێویستە زۆر بەوردیی ئەم دوو ڕەوتە لێك جیا بکرێنەوە، کەیەکەمیان پەسەند و دووەمیان ناپەسەندە.

لەبەرانبەر ئەم دوو دەستەیەشەوە، دەستەی بەرگریکار لەکەلەپور و

مێژووی باوەڕداران هەیە، ئەمانیش سەرسەختانە داکۆکیی لە مێژوو و ڕووداوەکانی و بەرهەمە فیکرییەکانی سەدەکانی ڕابوردوو دەکەن و هیچ چەشنە ڕەخنە گرتنێك لەڕابوردوو یاخود خوێندنەوەیەکی تازە و جیا لەوەی کەباوە و پێشتر کراوە، قەبووڵ ناکەن و پێیان وایە ئەوەی پێویست بێت کراوە و گوتراوە و نوسراوە (رُفِعَتِ الأقلامُ وَجُفَّتِ الصُّحُف)، پیان وایە لەم سەردەمەدا ئەوەی پێویستە لەسەر باوەڕداران، تەنها تەقلیدە و قسە کردن و لێکدانەوەی تازە و ڕەخنەگرتن لەڕیوایەتێك و هەڵێنجانی دیدێکی نوێ لەئاست پرس و پێشهاتە نوێکانی سەردەمدا و.. تاد، بەلادان لەدین دەزانن و دژایەتی کردنیشی بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن، وەك پارێزەرانی دینی خوا..!ئەم دەستە سێیەمە بەداخەوە لەناو هەموو تەوژم و ڕەوتە ئیسلامیەکاندا بەسۆفی و سەلەفی و سیاسیەوە هەیە و، سەرەڕای ناکۆکییان لەگەڵ یەکتر و دژایەتیکردنی یەکتر، لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە. لەم هەل و مەرجە ئاڵۆزەدا قسەکردن لەسەر پرۆسەی نوێکردنەوەی هزر و بیری ئیسلامیی ،هەم زۆر گرنگە و هەمیش زۆر مەترسیدارە، بەڵام ئەستەم نییە و لەسەرێکی تریشەوە زەرورەتە و دەبێ بکرێت.

## ئایا پرسی نوێکرنەوەی بیر و هزری ئیسلامیی پرسێکی نوێیە؟!

بێگومان ئەم پرسە پرسێکی نوێ نیە و لەسەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە، نووسەر و لێکۆڵەر و بیریارانی موسڵمان، خولیای نوێگەرییان کەوتوەتە سەر و کاریشیان بۆ کردوە و لەهەندێ کاتیشدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕیوایەتەدا کەئەبو داود دەیگێڕێتەوە و باس لە نوێکردنەوەی ئایینی دەکات، هەندێکیان نوێکردنەوەشیان بەشەرەف و بەئەرکی ئاییینی زانیوە.

هەندێك لەو بەڕێزانەی کەلەم بارەیەوە هەوڵ و بەرهەمیان هەبووە بریتین لە: حەسـن تورابیی، موسـتەفا زەلمی، موحسـن عبدالحمید، جمال سوڵتان، ئەحمەد بەغدادیی، حەسەن شافعی... تاد. ئەم بەڕێزانە و چەندانی تریش، چەندین نووسـین و کتێبیان نووسـیوە وەک نموونە: تجدید الفكر الاسلامي، أصول الفقه في نسيجه الجديد، بين الاصالة والانحراف، بين الاصـالة والتجديد... تاد. پێشـتریش هەوڵەکانی وەك: ئیبنو تەیمیە، جمال الدین ئەفغانیی، محەممەد عەبدە، حەسـەن بەننا، سـەعیدی کوردیی ناسـراو بە (بَدیعُ الزَّمَان) و چەندانی تریش، بەڕوونی دیارن.

بەڵام کێشـەی گەورە و هاوبەشـی ئەم بەڕێزانە لەوەدا بووە کە زۆرینەیان هەریەکە و بەهۆکارێك، بۆیان نەکراوە ئەوە بڵێن کەپێویسـتە بگوترێت، بەڵکو هەموویان هاتوون بەدەوری میکانیزم و شـێوازەکانی نوێکردنەوەدا خولاونەتەوە، کەمێکیان نەبێت، ئەوانی تریان نەیان توانیوە پێمان بڵێن: لەناو مەنزومەی فیکری ئیسـلامیدا چی و کامە پێویسـتی بە نوێکردنەوە هەیە؟

یەکێك لەو ئیشـکالیەتە گەورانەی کەلەبەردەم ئەو پرسـەدایە، بریتیە لەوەی کە بپرسین و بزانین، پێویستە چی نوێ بکرێتەوە؟

ئەمە سـەرەڕای ئەوەی بیر بەگشتی و بیرو هزری ئیسلامیی بەتایبەتیی، پێویسـتی بەوە هەیە کە بەردەوام نوێ بکرێتەوە، یاخود پێویسـتە خۆی خۆی نوێبکاتـەوە و پرۆسـەیەکی ئۆتۆماتیکیی بەردەوام بێـت، نـەك نوێکردنـەوە یـەکجار بێـت و ئـەرکی دەسـتـەیـەکی دیاریکراو بێـت لەسەردەمێکی دیاریکراودا.

چوونکە هۆکاری سـەرەکیی لەچەق بەسـتن و دواکەوتنی ئوممەی ئیسـلامیدا، بریتیی بوو لەو بیرکردنەوە هەڵە و (فەتوا) نابەجێیەی کەلە

زەین و بیرکردنەوەی باوەڕدارانددا چەسپێنرا کە گوایا دەرگای بزواندنی بیر و ئیجتیهاد داخراوە!
دواتر و پاش تێپەڕبوونی چەندین سەدە، ئەوجا بیریار و زانا دڵسۆزەکان بیریان کەوتەوە کە ئەو (فەتوا) یە خۆی لەخۆیدا گەورەترین جەسارەت و ئیجتهاد بووە کە ئەو بەڕێزانە کردویانە، دواتریش هەندێ بەڕێز بە (ئیشتیها) ناویان بردوە و گوتویانە لەبنەڕەتەوە ئەوە هەر ئیجتیهاد نەبووە.
## مەبەست لە نوێکردنەوەی هزری ئیسلامیی چیە؟
ئایا مەبەست نوێکردنەوەی بیری پێشینانمانە؟ یاخود هێنانە کایە و دارشتنی چەند دیدگا و بنەمایەکی گونجاوە تا بکرێنە سەربەن و لەوێوە هەنگاو هەڵبگیرێت بۆ هێنانەکایەی دونیابینییەکی گونجاو و شیاو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا؟
بێگومان لەم نووسینەدا مەبەست دووەمیانە، تاوەکو ئێمەش بتوانین وە ك پێشینانمان، چۆن ئەوان بۆ سەردەمەکەی خۆیان ژیان و توانیان ئەو گەنجینە فیکرییە گەورەیە بەرهەم بهێنن و وەڵامی خواستەکانی سەردەمەکانی خۆیان بدەنەوە، ئێمەش بتوانین لەئاست ئەو ئەرکەدا بین کەسەردەمەکەمان خستوویەتیە ئەستۆمانەوە و لە فۆرمێکی مۆدێرندا و بەرچاو کردنی حیکمەت و دانایی، خوێندنەوەیەکی تری هاوچرخانە بۆدەقەکان بکەینەوە.
زۆرجار بەهۆی هەڵە تێگەیشتن لەپرسی نوێگەریی و نوێکردنەوە، ناکۆکی و دژ بەریی دەکەوێتە نێوان باڵ وتەوژم و ناوەند و کەسایەتییە موسڵمانەکانەوە.
بۆیە باش وایە قەناعەت بەخۆمان بهێنین کە پرۆسەی نوێکردنەوە مانای وەلا خستنی هەوڵ و بەرهەمی زاناو بیریارانی پێش خۆمان،

یاخود سوکایەتی کردن نییە بەوان، بەڵکو لەڕاستیدا درێژەدانە بەو کارەی کە ئەوان پێشتر دەستیان داوەتێ و کاریان لەسەر کردووە.

بۆ نموونە: شافعیی کە هەڵکەوتەی سەردەمەکەی خۆی بوە و بەهۆی بیرکردنەوەکانیەوە ناچار کراوە لەنێوان مەککە و بەغداد و یەمەن و میســـردا بەردەوام لەجێگۆڕکێدا بێت و بەغداد بەجێبهێڵێت، بەردەوام بەر شـــاڵاوی توندی کاربەدەســـتانی ســـەردەمەکەی کەوتووە، بەڵام لەبەرانبەر ئەو هەموو فشـــارانەدا پڕ بەگەرووی هاواری کردوە و گوتوویەتی: هِمَتِي هِمَةُ المُلوكِ وَنَفسي نَفسُ حُرٍّ تَرى المَذَلةَ كُفراً.

ئێمە کەباس لە نوێکردنەوە یاخود نوێخوازیی لەهزری ئیســـلامیدا دەکەین، پێویســـتە ڕوون بێت مەبەســـتمان ئەوەیە زانایان و کەســـانی شـارەزا لەبوار و کایە زانستیی و فیکرییەکەدا بەچاوی سـەردەم و ژیریی خۆمانەوە بڕوانینە دەقە ئیســـلامیەکان و بەئیلهام گرتن لەپەیامە ئاســـمانیەکە، کە بنەمای گشـــتیی بەڕێوەبردنی ژیانی لەخۆ گرتووە و بەســـود وەرگرتن و بەگەڕ خســـتنی ژیریی خۆمان و لەڕێگەی ناوەندە تەشریعیی و زانستییەکانەوە، وەڵام بۆ خواست و پرس و پرسیارەکانی سەردەمی ئێستامان هەڵێنجێنین.

ئەگەر سـەرنج بدەین زانایان و فەقیهەکانی پێشـینمان، کاتێك ئەحکامی تەفسیلیان لە بناغە و ئسوڵی کولیەوە وەرگرتوە، ئایا ئەمە خۆی لەخۆیدا نوێگەریی و داهێنان نەبووە کردویانە؟ لەهەمانکاتدا ڕچەشـــکێنیش نەبووە بۆدوای خۆیان کەهەر جیلە و بەپێی خواسـیت سـەردەمی خۆی ئەحکام لەو کولیاتە وەرگرێت؟

بەهەمان شـــێوە دەبینین زۆرینەی زۆریان هاوڕا و هاو دەنگ بوون لەئاســـت ئەو ڕاســـتیەدا کە کۆمەڵێك ئایەت و بابەت هەن لە قورئاندا، بواری جێبەجێ کردنیان نەماوە و بەو هۆیەوە کە تایبەتمەندی

سەردەمی نبوەت بوون، یاخود ئەحكامی تایبەت بەماڵ و ژیانی پێغەمبەر و (بَيتُ النُبُوَة) بوون، جارێكی تر دوبارە نابنەوە.
وەك: ئایەتەكانی ١٢-١٣ی سورەتی (المجادلة) و ئایەتی ٤ لەسورەتی (الحجرات) و ئایەتی ٣٢ و ٥٣ لەسورەتی (الاحزاب) و ئایەتی ٨٤ ی سورەتی (النساء) و ئایەتی ٦٥ لەسورەتی (الانفال)... تاد.
نموونەی ئەو بابەتانەش وەك (ئەحكامی كۆیلەكان، سەبایا، جەواریی و كەنیزەك، كوشتنی مورتەد، ئەحكامی تایبەت بە هاوسەرانی پێغەمبەر، چۆنیەتی مامەڵە و قسەكردن لەگەڵ خۆی و خێزانەكانیدا و... تاد)
ئەگەر ئەوان ڕایان وابوبێت، ئەی خێرە ئێستا ئەوانەی ئیدیعای شوێنكەوتنی ئەوان دەكەن، ئەوەندە تورەن كاتێك باس لە هەڵگرتنی شوێن پێی ئەوان دەكرێت؟
بۆیە پێویستە بزانین لەم سەردەمەشدا كەسانێك بەئەركی خۆیانی دەزانن سەرنج بدەنە دەقەكان و حوكمی نوێ و وەڵامی پرسیارەكانی سەردەمەكەی خۆیان وەرگرن.
ئەو بەڕێزانەی كەپێشتر لەم بارەیەوە نووسیویانە و هەوڵیان داوە، زۆرێكیان هەر ئەوەیان گوتوەتەوە كەپێشتر گوتراوە و تەنها كەمێك سیمای قسەكانیان گۆڕیوە و دەسكاریی ڕوخسارییان لەبیر و دونیابینی ئایینیدا كردووە.
بۆیە دەبینین نەتوانراوە ئەو قۆزاخە فیكریە تێپەڕێنن كە مێژوو بەدەوری بیركردنەوەیاندا تەنیویەتی و مۆڵەتیان بەخۆیان نەداوە تا بەدەر لە تێگەیشتن و تێڕوانینەكانی پێشینان، سەرنج لەپەیامی ئاسمان بدەن و خۆیان ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەرگرن.
نموونەی ئەم هەوڵە، وەك ئەوكەسە وایە كە خانوویەكی ببێت و جارێك دەرگا و پەنجەرە و جارێك ئاو و ئاوەڕۆ و جارێكی تر سیستەمی كارەباكەی و جارێك سیمای دەرەوەی خانووەكە نۆژەن بكاتەوە، بەڵام

خانووەکە هەرهەمان پیرەخانووی جارانە و نەگۆڕاوە. بەڵام ئەگەر خاوەنەکەی بوێر بێت دەتوانێت گۆڕانکاریی بەرچاوی تێدا بکات.
لەم نموونەیەدا زەویەکە ئەسڵی ئاینەکەمانە و دیوار و دارووپەردوە کۆنە و تازەکانیش ئیجتیهادات و بۆچونەکانی ئێمەن.
ئێمەش ئەگەر بمانەوێت ئایین لەلادان و بەلاڕێدا بردن بپارێزین و هەردەم زیندو بێت لەناو گۆڕانکارییەکانی ژیاندا، ئەوا دەبێت بەرێزگرتن لەهەوڵی پێشینان و شانازیی کردن بەبەرهەمەکانیانەوە، ئێمەش لەم سەردەمەدا (لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی دان پێدانراوەوە و بەپێی چەن بنەمایەکی گشتیی) وەڵامی خواستەکانی سەردەمەکەمان بدەینەوە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕاستەوخۆ وەك پێشینانمان سەرنج لەدەقە پیرۆزەکان بدەین و ئەحکامی هاوچەرخیان لێ دەربهێنین بۆ بەرێوەبردنی ژیانمان. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە بوێرانە پەنجە بخەینە سەر چەند خاڵێکی گرنگ کە هەوڵ دەدەین لەخوارەوە بەکورتیی بیانخەینە ڕوو:
**یەکەم**: جیاوازیی کردن لەنێوان موحەممەد وەك مرۆڤێکی ئاسایی و موحەممەدی پێغەمبەر و نەبیی و، موحەممەدی ڕەسول و پەیامهێندا (سڵاوی لەسەر) و ڕوونی بکەینەوە کە ئەویش وەك هەرکەسێکی ئاسایی ژیاوە و گەڕاوە و خەوتوە و خواردنی خواردوە و... تاد، هەروەها بۆ کێ نەبیی و پێغەمبەر بووە و بۆ کێ ڕەسول و پەیامهێن بووە و هەیە؟
لێرەوە دەگەینە کۆمەڵە ئاکامێك کەگرنگترینیان بریتین لە:
أ- ئەو ئایەتانەی کە ئاخاوتن و خیتاب لەگەڵ نەبیدا دەکەن و ژمارەیان (٣٠) ئایەتە، جیاوازن لەو ئایەتانەی کە ڕووبە ڕەسول قسە دەکەن و ژمارەیان (٤٩) ئایەتە. بەسەرنجێکی خێرا تێدەگەین کە خیتاب لەگەڵ نەبیدا، شێوازێکی تاکەکەسییە و ژیانی تاکەکەسیی و خێزان و

بازنەیەكی سنوردار دەدوێنێ، بەڵام خیتاب لەگەڵ ڕەسولدا مەودایەكی فراوانتر وگشتیی و دوورمەودا تری هەیە.
بەهەمان شـــێوە وەك مرۆڤیش، وەك یەكێك لەباوەڕداران كۆمەڵێك ڕێنمایی و وەسفی بۆكراوە.
ب- ئەو فەرمودانەی كەوەك نەبیی گوتوونی و لەبازنەی ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەدان و بۆئەو كەسانەی گوتوون كە لەگەڵیدا ژیاون، جیان لەوانەی كەوەك ڕەسول و یەكەم جێبەجێكاری پەیامی ئاسمان گوتوونی و وەك یاسایەک دێنە پێشچاو كە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەكەی دای ڕشتوون.
دواتر دەبینین ژمارەیەكی زۆر لەقسەی ئاسایش وەك مرۆڤ و گفتوگۆی لەگەڵ ماڵ و خێزان و دەوروبەر و كەسە دوورو نزیكەكانیشیدا تۆمار كراون و دەماو دەم گەشتونەتە ئێمە، كەگەیشتنیان یان نەگەیەشتنیان هیچ لە قیەم وبەها ئاینیەكان ناگۆڕێت.
ج- وەك نەبی لەگەڵ هۆز و نزیكەكانیدا و بۆ ئەو دەمە ژیاوە و وەك ڕەسولیش پەیامی ئاسمانی گەیاندوە و یەكەم جێبەجێكردنی بۆ كردوە.
**دووەم**: پۆلێن كردنی ئایەتەكانی قورئان بۆ:
أ- ئایاتی ئەحكام كەحوكمی ئەبەدییان تێدایە و بەپێی هەل و مەرج دەكرێت گۆڕانكاریی لە جێبەجێ كردنیاندا بكرێت، وەك جێنشـــینان كردوویانە.
ب- ئایاتی ئاسار و ئەخبار و قیسەس كە بۆ بەرچاو ڕۆشنیی و پەند و عیبرەت لێوەرگرتن و دڵدانەوە و دامەزراندنی دڵ و دەروونی پێغەمبەر هاتوون: (وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُـلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ) هود/١٢٠.
ج- دان نان بەو ڕاستیەدا كە پەیامی ئاسمانی و یەكەم جێبەجێ كردنی لەناو كۆمەڵگەی مەدینە و دورگەی عەرەبیدا بووە و بەپێی دەقەكانی قورئان، دواكەوتووترین بەشـــی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی بوون و لەوێوە

زۆرێك لەداب و نەریت و چەمكی خێڵەكیی عەرەبیی بەبۆن و بەرامەی تۆڵەسەندنەوە و ڕق و كینە و قینەوە، تێكەڵ بەو كەلەپوورە ئیسلامییە بوون كەئێستا لەبەردەستی ئێمەدایە و هەوڵدەدرێت لێمان بكرێت بەدین.

**سێیەم**: مادام بیر و هزری ئیسلامیی سەرچاوە لەدەقە پیرۆزەكانەوە دەگرێت، پێویستە بەلۆژیكی سەردەم و ژیریی و چاوی سەری خۆمانەوە ئەو دەقانە بخوێنینەوە، نەك بەهی چەند بەرێزێك كەپترلە هەزار و سێسەد ساڵ لەمەوبەر و لەئاوا ژینگەیەكدا ژیاون.

**چوارەم**: خۆڕاهێنان بۆ دەرباز كردنی عەقڵی خۆمان لەهەژموونی ئەو كەلەپورەی كەلەخاڵی پێشوودا باسمان كرد و ئازاد كردنی ژیریی و مێشكی خۆمان، تاله توانامان‌دا ببێت، تازە بیر بكەینەوە و تازە بەرهەم بهێنین. بۆ نموونە: لانیكەم پێداچوونەوە بە ئسوڵ فیقهدا و گۆڕانكاریی كردن لەچەند بنەمایەكدا كە لەزەین و بیركردنەوەماندا خەریكە بلێم: لەئایەت سام و هەیبەتی زیاتریان هەیە بۆ نموونە: (لا إجتهاد في النَّص) و (العبرة بعموم اللفظ لابخصوص السبب) كەلەڕاستیدا یان بابڵین: لەم سەردەمەدا، دەكرێت ڕێك پێچەوانەی ئەم بنەمایانە ڕاست بێت، چوونكە ئەگەر ئیجتیهاد و بیر بزواندن لە دەقی پیرۆز و ئایەتەكانی قورئاندا نەكەین، ئەی لە چیدا بیكەین؟ لەقسەی فیقهزانەكانی هەزار و سێسەد ساڵ لەمەوپێشدا؟!

بەڵكو دەكرێت پێچەوانەكەی ڕاس بێت و بڵێین: (لاإجتهاد إلاَّ في النَّص) بەواتایەكی تر، هەرچی دەق و نەص نەبێت ئێمە بیری خۆمانی تێدا ماندوو ناكەین و بیر بزواندن و ئیجتیهاد، تەنها لە نەص و دەقی ئاياتدا دەكرێت. هەروەها لەمەسەلەی (عموم و خصوص) ە كەشدا، درووست لەم سەردەمەدا پێچەوانەكەی ڕاستە و دەكرێت بیگۆڕین بۆ: (العبرةُ بخصوصِ السَبَبِ لا بِعمومِ اللَّفظ) چوونكە زۆرێك لەزانایان هاوڕان كە

ئایەتەکانی ئەحکام بۆ هەتاهەتایی دابەزیون، لەم بارەیەشەوە بنەما مان هەیە کەدەڵێ: (ثَباتُ اللَّفظِ وحَرَكةُ المُحتَوى).

**پێنجەم**: هەوڵ بدەین لە هەڵێنجانی دونیا بینیماندا، ڕەچاوی ژینگەی تایبەتی خۆمان بکەین و بیرمان بێت کە ئێمە لەکۆمەڵگەیەکداین پێی دەگوترێت کۆمەڵگەی کوردستانیی و لەسەدەی بیست و یەکەمی زاینییدا دەژین. لەوێوە دەکرێت دونیا بینیی و ئەحکامی تایبەت بەخۆمان و سەردەم و کۆمەڵگە و نەوەکانی دوارِژمان بەرهەم بهێنین و شەرم نەکەین و نەشترسین لەکەس. چوونکە گەل و نەتەوە و تەنانەت وڵاتەکانی دەوروبەریشمان ئەوەیان کردووە و چەندین مەوسوعەی فیقهیی تایبەت بەخۆیانیان نووسیوە و ناویان ناوە: (الموسوعة الفقهية الكويتية و المصرية و الازهرية... الخ) و لەوەش زیاتر هەندێکیان سۆز و هەستی گەلانی تریشیان بەناوی ئایینەوە بۆ پرسە نەتەوەییەکانیان ڕاکێشاوە و بەردەوام بەکاریان دەهێنن لەبەرژەوەندیی خۆیان و پرسە سیاسیەکانیاندا، خۆ ئەگەر ئێمە نامانەوێ بەو شێوە خراپە ئایینەکەمان بەکار بهێنین، دەیخۆ دەتوانین بەباری باشەدا بەکاری بهێنین.

## پرۆسەی نوێگەریی و هەوڵەکانی سەردەم

بێگومان وەك گوتمان تائەو ڕۆژەی مرۆڤایەتیی لەژیاندایە، عەقڵ و ژیریشی لەگەشە سەندنی بەردەوامدایە و ڕۆژ بەڕۆژ (كلماتُ الله) لە گەردووندا دەدۆزێنەوە و لەخزمەتی مرۆڤایەتیی و تەنانەت گەردوونیشدا ڕامیان دەهێنێ.

جابۆیە تێڕوانینی درووستیش بۆ پەیامی ئاسمان، ئەوەیە کە ئامادەیی تێدایە و بەردەوام هیدایەت و ڕێنمونیی عەقڵ و ژیریی مرۆڤ دەکات بۆ دۆزینەوەی گەنجینە و کانزا و بەهرە و هێزە شاراوەکانی ناو بونەوەر. ئەمەش بەوە دەکرێت کە مرۆڤ بەسوود وەرگرتن لە نیعمەتە گەورەکەی خواوەند (ژیریی) بەردەوام لە تێڕاماندا بێت بۆ ئەو پەیامە و

هیدایەتی لێ وەربگرێت، نەك ئەو مافە تاپۆ بکرێت بۆ چەند کەسانێك لەسەردەمێکی دیاریکراودا و کەسانێکیش ئەو مافە قۆرخ بکەن بۆ خۆیان و تێگەیشتنەکانی خۆیان باناوی ئاوانەوە بە زۆر بسەپێنن بەسەر بیری خەڵکدا و مێشك و زەینی ئەوانی تر سڕ بکەن و لەو ڕووەوە لەکاری بخەن. لەم ڕوانگەیەوە نەك هەموو کەس مافی هەیە، بەڵکو ئەرکی هەموو کەسە (واتە: ئەوانەی مەبەستیانە و تفاقی پێویستیان پێیە) هەستن بە تێڕامان و تێفکران لە بنەماکانی بیری ئیسلامیی و سەرچاوە سەرەکیەکەی و لەوێوە تیۆری فکریی تازە بەرهەم بهێنن لەبارەی جۆری دونیابینیی موسڵمانان و باوەڕداران و پەیڕوانی شەریعەتەکەی محەممەدەوە (سڵاوی لەسەر). بەڵام بەداخەوە لەبری ئەم ڕەوشەی کە باسکرا لەم سەردەمەدا زۆرێك لەو بەرێزانەی کە دامەزراوە ئاینیەکانیان بەدەستەوەیە لەباتی ئەوەی زەمینە بۆ کەسانی لێهاتوو ساز بکەن، پێچەوانەکەی پەیڕەو دەکەن و تۆمەتی ناڕەوا دەدەنە پاڵ بیریارە بوێر و لێهاتووەکان و بەناوی پابەندیەوە، شانازی بەچەق بەستنی ئوممەتەوە دەکەن و هەر چەشنە بزواندنێکی ژیریی و نوێگەرییەك بەلادان تۆمەت بار دەکەن!

# لەبارەی کەلەپوور و کەلەپووری ئیسلامیی و نوێکردنەوەی هزری ئایینییەوە [1]

**پ/ بەو پێیەی مژوڵی بواری هزری ئیسلامیت، چۆن دەڕوانیتە چەمکی کەلەپوور بەگشتیی و کەلەپووری ئیسلامیی بەتایبەتی؟ پێویستبونیان بۆ سەردەمی نوێ لەچیدایە؟ ئایا ئەگەر بەپیرۆزیش سەیر نەکرێن، پێویستە موسڵمانان پێوەی پابەند بن؟**

+ تێڕوانینی بەندە بۆ کەلەپوور بەگشتیی و کەلەپووری ئیسلامیی بەتایبەتی، لەڕوانگەی تایبەتی خۆمەوە (بۆ مێژوو و ڕابوردووی مرۆڤایەتیی بەگشتیی و ڕابوردووی خۆمانەوە وەك ئوممەی محەممەدیی بەتایبەتی) سەرچاوە دەگرێت.

بەو پێیەش کە مێژوو جێگەی بایەخە بۆ هەر گەل و نەتەوە و ئوممەتێك، کەلەپوریش بەهەموو بوارەکانیەوە، بەشێکی بەرجەستەی مێژوو و ڕابوردووی هەر گەل و نەتەوە و ئوممەتێکە، لەم هەڵسەنگاندنەشەوە بۆ کەلەپوور، خوێندنەوەی منیش ڕوون دەبێتەوە کە بریتیە لە: بەڕێزەوە سەیر کردنی و پارێزگاریی لێکردنی و دانانی وەك بەشێك لەشانازیەکانی ڕابوردووی هەر گەلێك.

سەبارەت بە پێویست بوونی کەلەپووریش، دەڵێم: پاراستنی پێویستە نەك پەرستنی، ئەمەش مانا و مەدلولی خۆی هەیە بۆ کەلەپوور بەگشتیی، نەك تەنها بۆ کەلەپوری ئیسلامیی یان چەند کتێبێکی فیقهو تەفسیر.

[1] دەقی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیی نووسەرە لەگەڵ گۆڤاری پەیامی ڕاستیی، ژمارە ١١٢، ساڵی ٢٠١٩، دیدارەکە لەلایەن بەڕێز (حسێن ئەدهەم) ە وە سازکراوە.

مەبەستم ئەوەیە بۆ دەوڵەمەند کردنی کەلەپوور و مێژوی مرۆڤایەتیی، پێویستە هەموان سەروەتی کەلەپوری خۆیان بپارێزن، چ وەك نەتەوە، یان گەل، یان ئایین و ئوممە، یان تەنانەت تیرە و هۆزەکانیش.
دوپاتی دەکەمەوە کە (پاراستن) نەك (پەرستن)، مەبەست لەم دەربڕینەش ئەوەیە کە: نابێت ژیریی ئێسات او ژیانی سەردەممان قەتیس کەین لەڕابوردوودا و مێژوو ڕابگرین یان بمانەوێت دوبارەی بکەینەوە.
هیچ شتێك پیرۆز نیە بێجگە لە گیانی مرۆڤ و دەقە ئاسمانیەکان، کەواتە: هەرچیش پیرۆز نەبوو، پابەند بوون پێیەوە واجب نیە، بەڵام بۆیە دەڵێین: پێویستە کەلەپوور بپارێزین بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بگەڕێینەوە بۆلای و پەندیشی لێ وەربگرین، تەنانەت لەو بەشەی دابەزێنراوی بەجێ و پەیامە ئاسمانیەکاندا، کاتێك باس لەبەسەرهاتی گەلانی پێشوو، یان یەکێك لەپێغەمبەران، بەخەتمی مەرتەبەت و بەسەرهاتەکانی خۆی و هاوەڵانیشەوە، دەکات، لەکۆتاییدا دەفەرموێت: (إن في ذلك لعبرة لأُولي الأبصار) واتە: لەمەدا پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسە بەئاگا و خاوەن ژیرییەکان و پێویستە بەسەرنجەوە لەم بەسەرهاتانە بڕوانن.

**پ/ ئایا گەڕانەوە بۆ کەلەپوور و سەیرکردنی وەك سەرچاوەیەکی مەعریفیی، کەنار خستنی ئاوەز نیە؟ گەر لەگەڵم هاوڕایت، چۆن ڕۆڵی عەقڵ دەگێڕیتەوە بۆ شەن و کەوکردنی تێکستی دینیی؟**

+ لەوانەیە لەمەدا زۆر هاوڕات نەبم، چوونکە هەموو گەڕانەوەیەك بۆ کەلەپوور و سەرچاوە نوسراو و تەنانەت دەماودەمەکانیش، مانای کەنار خستنی ئاوەز و فام و ژیریی مرۆڤ نیە، بەڵکو دەکرێت بۆ پشتڕاسکردنەوەی هەواڵێك، یان دیکۆمێنتکردن و تەوسیق کردنی

مەعلومەیەك، یان وەك پێشـــتر گوتمان لانیکەم بۆ پەند وەرگرتنیش بێت.
کاتێك گەڕانەوە بۆ کەلەپوور مەترسی هەیە، مرڤ چاو لەسەردەمەکەی خۆی بپۆشێت و بگەڕێتەوە ناو مێژوو و لەوێ بژی، یان ژیریی خۆی سڕ بکات و بیەوێت بەقسە و نووسین و ژیریی و بڕیاری کەسانێکی تر ژیانی ئەمڕۆی بەڕێ بکات، پێشـــینانمان ســـەدان ســـاڵ لەمەو پێش و لەکۆمەڵگەیەکدا ژیاون، کەئاســـتی مەعریفیی و هەل و مەرجی ژیان تیایاندا لەهەموو ڕوویەکەوە جیاواز بووە لەسەردەمی ئەمڕۆ.
سـەبارەت بەڕۆڵی عەقڵ و ژیریش لە شـەن و کەوی دەقی دینیدا: نازانم بەدیاریکراویی مەبەســـتت چییە لە وشـــەی (تێکســـتی دینیی)؟ گەر مەبەستت پێی دەقە ئاسمانیەکان و ڕێنومایە درووست و کرداریەکانی پێغەمبەر بێت، ئەوە هاوڕاتم، بەڵام بەدەر لەوە، من هیچ شـــتێك یان نووسین و ئیجتیهادی هیچ کەسێك، بەدەقی دینیی نازانم.
ئێستە وا دادەنێم بەڕێزیشت هەر مەبەستت لەوشەی (تێکستی دینیی) پەیام و دەقە ئاسمانیەکانە و پێشم وایە هەر ئەوەت مەبەستە:
لەبنەڕەتەوە خواوەند پەیامی بۆ ژیریی مرۆڤ ناردوە و هەرکەسیش لەو نیعمەتە بێبەش بێت، هیچ تەکلیفێکی ئاینیی لەسەر نییە، خواوەند زۆر بەڕوونیی ئەوەی لە دواپەیامیدا ڕۆشـــن کردوەتەوە و لە (٤٩) جێگەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە: ئەم پەیامەی ئاراستەی ژیریی و عەقڵی مرۆڤ کردوە و دەپرسـێت: ئایا ژیریتان ناخەنەگەڕ؟ (أفلا تعقلون، لعلکم تعقلون، لعلهم یعقلون، إن کنتم تعقلون... الخ)
بەم پێیە ڕوون دەبێتەوە لەبنەڕەتدا تێگەیشـتن لەدەق و تێکسـتی دینی، ئەرك و ڕۆڵی عەقڵ و ژیریی تاک بەتاکی مرۆڤەکانە، نەك ئەرکی هیچی تر، کەواتە: گێڕانەوەی ناوێت، مەگەر لەحاڵەتێکدا کە ڕێگیریی بکرێت لەبەگەڕخســـتنی ژیریی (کەبەداخەوە لێرە و لەوێ و ناڕاســـتەو خۆ و بەبیانووی جیاوازەوە و هەندێ جاریش ڕاســـتەوخۆ بانگەشـــە بۆ ســـڕ

کردنی ژیریی دەکرێت، گوایا ئەوەی بێت بەخەیاڵی مرۆڤدا، پێشـــینان بیریان لێکردوەتەوە و چارەسـەریشیان بۆ داناوە.! ئیتر هیچ پێویست بە وردکردنەوە و بیرکردنەوە ناکات، یان دەگوترێت شـــوێن کەوتنی عەقڵ سەرگەردانیی لەدوایە!).

کەواتە: دەبێت ئێمەش لەم سـەردەمەدا ژیریمان بخەینە گەڕ و بەچاوی خۆمانەوە بڕوانینە ســـەردەمەکەمان و بەژیریی خۆشـــمان وەڵام بۆ خواستەکانی سەردەم بدۆزینەوە.

ئەم پرۆســـەیە وەك پێشـــینانی ئێمە کردوویانە، پێویســـتە ئێمەش و نەوەکانی دوای ئێمەش درێژەی پێ بدەین، چوونکە هەر گەل نەتەوە و ئوممەتێك کار بەژیریی خۆی نەکات و لەئاســـتی ســـەردەمەکەیدا بیرنەکاتەوە، خۆی بڕیاری کۆیلایەتیی و مردنی خۆی دەدات و خەیریەت بوونی لەدەس دەدات و جڵەوی ژیانی دەداتە دەســـت غەیری خۆی، تا ئەو لەباتی ئەمیش بیر بکاتەوە.

**پ/ هەمیشـــە لەدیدگا و بۆ چونەکانتدا جەخت لەســـەر نوێکردنەوەی هزری دینیی دەکەیتەوە، ئایا بەبێ وازهێنان لە کەلەپوری ئیســـلامیی، دەتوانرێت چاکســـازیی لە هزری دینیدا بکرێت، ئەگەر بەتاکەکەس نەکرێت و کاری بەکۆییش بێت، وەك بیرمەندی پاکستانی (فەزلورەحمان) پێی وایە، بەو پێیەی مرۆڤی ســـەردەمی نوێ، بیری فراوان و ئاوەزی کراوەترە و لەئێستادا پێویستی بەپەیام هێن نییە؟**

+ چاکســـازیی بەردەوام و نوێگەریی لەهزردا، خۆی ئامانجی دینە و خواســـتی بەردەوامی پەیامە ئاســـمانیەکانە و خواوەند ڕەخنەی گرتووە لەوانەی کە چەقدەبەستن لەنەریتی باوانیاندا و دەرگا بەڕووی کرانەوە و نوێخوازییدا دادەخەن، وەك دەفەرموێت: (وإذا قيل لهم تعالوا الى ما أنزل الله والى الرسول رأيت المنافقين يصدّون عنك صدودا) النساء/١٦. (وإذا قيل لهم

إتبعوا ما أنزل الله قالوا بل نتّبع ما ألفينا عليه آباءنا أولو كان آباؤهم لايعقلون شيئاً ولايهتدون) البقرة/١٧٠.

بێگومان نوێگەرییش کاتێك نوێگەرییە و مانای هاوچەرخایەتیی وەردەگرێت، کە بتوانێت ڕابوردوو تێبپەڕێنێت و بە ژیریی و ئاستی مەعریفیی سەردەمەوە بڕوانێتە پرسەکانی هەلومەرجی ژیانی ئەمڕۆ و بەزمان و لۆژیکی سەردەم وەڵامیان بداتەوە، ئەگەر وانەبێت و بۆ هەر پرسێك قسەی تازە و دیدگا و دونیابینی هاوچەرخ نەخەینە ڕوو، هەر بڵێین: فڵانە ئیمام و فیسارە پیاو چاك (٧٠٠ـ٨٠٠) ساڵ لەمەو پێش وای گوتووە، یان بەپێی فڵانە مەزهەب وەڵامی ئەو باسە ئاوایە و، چەندین ڕای جیاواز و هەندێجار دژ بەیەکیش بخەینەڕوو، ئیدیی هیچ مانایەك بۆ نوێگەریی نامێنێتەوە.

بەڵکو جەوهەری نوێگەریی ئەوەیەکە، وەك پێشینان بوێرانە قسەیان بۆسەردەمەکەیان و بەپێی ئاستی مەعریفی کۆمەڵگەکانیان کردووە، ئێمەش قسەی تازە و گونجاو بخەینەڕوو بۆ پرسەکانی سەردەمەکەمان.

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو زاتەدا و پێم وایە ئێستا ئاستی مەعریفیی مرۆڤ بەهیدایەتی خواوەند، لە ئاستێکدایە خۆی دەتوانێت بەئیلهام وەرگرتن لەدەقە ئاسمانییەکان، یاسای گونجاو دابڕێژێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا.

بنەمای خەتمی نبوەتیش هەر ئەمەمان پێدەڵێت، بەڵام بەداخەوە هەندێ بەرێز خۆیان لەگێلی دەدەن و ڕازیی دەبن کە خۆیان ڕادەستی مێژوو و نوسراوەکانی چەندین سەدە لەمەو بەر بکەن و لەوێشەوە و لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی چیرۆك و بەسەرهاتەکانی سەردەمانی ڕابوردووەوە، ئەو هەموو نەهامەتییە بهێنن بەسەر مرۆڤایەتیدا.

**پ/ ئایا کەلەپوور بۆ ماوەییە و کەلەپوری ئیسلامیش لەو چوار چێوەیەدایە کە هەندێك لەموسڵمانان لە ڕەوڕەوەی مێژوودان و بە ئێستایشەوە پێوەی پابەندن، ئەگەر وایە ئایا پێویست دەکات لەسەردەمی**

**ئەمڕۆدا پشـــت بە کەلەپوور ببەســـترێت و موســـڵمانان بگەڕێنەوە بۆ کەلەپووری ڕابوردوو؟**

+ بەڵێ بەدڵنیاییەوە بێجگە لە بەشـە موحکەمەکەی قورئان، هەمووی بە کەلەپوور دێتە ئەژمار و باس لە ســـەردەمێکی جیا لەم ســـەردەمە دەکات و دەچێتە خانەی (پاراستنەوە نەك پەرستن).

بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە بەهەڵە نەگاتە خوێنەر، بەپێویســـتی دەزانم بڵێم: مەبەســـت لێرەدا ئەوەیە: زۆرێك لە ئایەت و بابەتەکانی قورئان، پەیوەندییان بەهەلومەرجی ئەودەم و تایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمەوە هەبووە وەك: ئادابی ماڵی نبوەت و چۆنیەتیی هەڵســـوکەوت لەگەڵ پێغەمبەر خۆیدا و هەواڵی جەنگ و ڕوبەڕوو بوونەوەکانی لەگەڵ نەیارانیداو... تاد.

ئەمانە و هاوشـــێوەکانیان لەچوار چێوەی چیرۆکە قورئانییەکاندا دەمێننەوە، وەك چیرۆك و بەســـەرهاتەکانی پەیام هێنانی پێشـــوو و گەلانی پێشتر، تەنها پەند و عیبرەتیان لێ وەردەگیرێت نەك ئەحکام.

بەڵام قورئان بەگشتیی ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە، خوێندنی پاداشتە بۆ خوێنەرەکەی.

ئەو بەڕێزانەش کەنایەنەوێت دان بەم ڕاستیەدا بنێن، پێویستە وەهۆش خۆیان بێن و بزانن ئەوەی ئەو بەڕێزانە و لەو ســەردەمانەدا نووســیان، لەجێگەی یاســاســازیی ئەم ســەردەمەدایە و بەواتایەکی تر بڵێین: ئەو کتێبە فیقهیانە زۆربەیان لەســەر ڕاســپاردەی دەســەڵاتی ســوڵتانەکانی ســـەردەمی خۆیان و بەمەبەســـتی بەڕێوە بردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانە نووسراونەتەوە (ڕاسپاردنی ئیمام مالك لەلایەن سوڵتانی عەباسییەوە بۆ نووسنەوەی کتێبی ـ موطأ... بەنموونە) نەك بەمەبەستی دانانی دینێکی هەتا هەتایی بۆ مرۆڤایەتیی.

هەموو یاسـایەکیش گەر نەشـگۆڕڕێت، لانیکەم زووزوو پێویسـتی بە هەموار کردنەوە دەبێت.
کەواتە کورتەی وەڵامەکەمان دەبێتە ئەوەی کە: نەخێر لە پرۆسـەی هزرسازیی سەردەمماندا، هیچ پێویست بە گەڕانەوە بۆ کەلەپوور ناکات.

**پ/ بۆ ئەوەی کەلەپوری ئیسلامیی وەلا بنرێت و کار بە تێکست بکرێت، میکانیزمی بوژاندنـەوەی هزری دینی بـە چ ڕێکار و شـێوازێکە، چ چارەسەرێکت لایە؟**

+ دیسـانەوە دەگەڕێمەوە و دووپاتی دەکەمەوە کە کارکردن بەژیریی مرۆڤ و بیرکردنەوەی هاوچەرخ، پرۆسـەیەکی سـەربەخۆیە و هاوتا و یەکسـان نییە بەوەلانان یان سـوکایەتیی کردن بە کەلەپوور، واتە: دوو بابەتی سەربەخۆن، بەڵام بەداخەوە بەزۆر کراونەتە هاوملی یەکتر.
بەواتایەکی تر، مەرج نیە مرۆڤایەتیی هەمیشـە پابەندی کەلەپوور و مێژوی بێت، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە و ئەسڵ وایە مرۆڤ هەمیشە عـەقڵکراوە و ئـازاد و نوێخواز و هـاوچـەرخ بێـت و پێبـەپێ لـەگـەڵ سـەردەمدا بڕوات، هەر گەلێکیش بتوانێت پێشـی سـەردەمەکەی خۆی بکەوێت، باشـترە تا دوا بکەوێت، بەڵام ژیان لەناوجەرگەی سـەردەمدا ئەسڵە.
ئێسـتا هەموو بەناو ئوممەی محەممەدیی و گەلانی موسڵمان، گرفتاری ئەوەین کە ناتوانین لەسـەردەمدا بژین و هەر خەون بەڕابوردوویەکی لەدەسچووەوە دەبینین، کەوەك ڕۆژی ڕووناك دیارە ناگەڕێتەوە.
لەدیدی منەوە باشـترین میکانیزم و ڕێگاچارەی گونجاو بۆ هەڵگرتنی ئەو هەنگاوە چارەنووس سازە و دەرباز بوون لەم قەیرانەی کە ئێسـتا پێوەی گرفتارین، ئـەوەیـە: سـەرەتـا بتوانین لـەیـەك تێبگـەین کـە هیچکام لەجەمسـەرەکانی کایە دووسـەرەکە، دژی یەکتر نین و لۆژیك پێمان

دەڵێت: خەم خواردنی ژیانی خەڵك ئەسڵە، تا خۆخەریك كردن بەمەرگیانەوە.

بەواتایەكی تر باش وایە بیر لەوە بكەینەوە چۆن بژین (ژیان بەواتا فراوانەكەی)، نەك هەر بیر لەوە بكەینەوە چۆن بمرین.

دواتر هەوڵ بدەین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی دین كە خواوەندە، نەك زەید و عەمر.

جارێك لەنووسینێكمدا نووسیبوم: بەداخەوە لەسەردەمێك داین گەر مرۆڤ بڵێت: لااله الا الله، پێی دەڵێن: تۆ كافری.

ڕێك مەبەستم ئەمەبوو كەئێستا گوتم، واتە: دەبێت عەقڵمەندانی ئەم ئوممەتە، بتوانن ژیریی و لۆژیكیان ئازاد بكەن لەهەژموونی چەند كەسێك یان سەردەمێكی دیاریكراو، بزانن وەك چۆن ئەوان بەندەی بوێری خواوەند بوون، هەریەكە لەئێمەش بەهەمان شێوە بەندەی هەمان خواوەندین و تا دونیا هەیە كەس بریكاری خواوەند نییە بەسەر بەندەكانی تریەوە و هەركەس و لایەن و سەردەمێكیش ئەو لافە لێبدات، ئەوە درۆ هەڵبەستنێكی ئاشكرایە بەدەم خواوەندەوە و نابێت لێی قەبوڵ بكرێت.

گەر توانیمان لەڕێگەی دەزگاو دامەزراوە فەرهەنگیی و ئاییینی و دەوڵەتیەكانەوە ئەم دوو خاڵەی سەرەوە بكەینە بنەمای تێڕوانینمان بۆ كەلەپور و تێكستی پیرۆز، دواتر دەتوانین هەنگاوی سێیەم هەڵگرین كەبریتیی دەبێت لە:

بەیاساكردنی ڕێنماییە گشتیەكانی پەیامی ئاسمانیی و پەیڕەو كردنیان لەژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵگە موسڵمان نشینەكاندا، بۆ كاروباری وردەكاریی ژیان و ئەحواڵی شەخسیی و باری كەسییەتییش، پشت بە نەریتی باو و(عرف) لەكۆمەڵگەكاندا ببەستین، یان هەموار كردنەوەی ڕای مەزهەبەكان و موتوربە كردنیان بە پێشهاتە سەردەمیەكان و سازگار

کردنەوەیان لەگەڵ گیانی تێکست و دەقە پیرۆزەکاندا، ئەمەش بەرەچاوکردنی تایبەتمەندیی و وادار نەکردنی کەمینە ئایینیەکان بەو چوار چێوەیەوە و دانانی رێنمایی تایبەت و پێویست بۆیان، بەپێی شەریعەتێك کە زۆرینەیان باوەڕ و پابەندییان هەیە پێیەوە.

**پ/ ئایا سایکۆلۆجیەتی تاکی موسڵمانە وا سۆزداریانە مامەڵە لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیدا دەکات و بەپیرۆزی دەزانێت، یان دەوڵەمەندیی کەلەپورە، وا موسڵمانان خۆیان بە ئاتاجی دەزانن و بە سەختیی شوێنی دەکەون، تەنانەت سەردەمێك ناوی منداڵ و مزگەوتەکانیشیان بە ناوی پیاوچاکانەوە دەکرد؟ یان بە پێچەوانەوە نەبوونی هۆشیاریی پێویست و دەرنەکەوتنی نوێخواز و پرۆسەی نوێکردنەوەی تێکسی دینییە؟**

+ لەڕاستیدا گەر بمانەوێت بەویژدانەوە قسە بکەین هەردووکیانە، واتە: هەم کەلەپوور دەوڵمەندە و سام و هەیبەت و هەیمەنەی هەیە بەسەر بیرکردنەوەی موسڵماندا و هەم تاکی موسڵمانیش سۆزدارە، قسەیەکی عەلی شەریعەتیی هەیە دەڵێت: هەرکات بیروڕایەکم بۆ بهاتایە و لەکتێبێکی کەلەپووردا نەبوایە سامم لێدەنیشت.

سەرنج بدە هێندە بەنەزانیی و دەمار گیریەوە، کەسایەتیەکانی ناو مێژوو و ڕاوبۆچونەکانیان و کەلەپوور بەگشتیی، پیرۆز کراون لای خەڵك، ئەگەر پیاوێکی بوێری وەك شەریعەتی سامی لێ بنیشێت، ئاخۆ کەسێکی ئاسایی و نەخوێندەوار، چەن خۆی بەتاوانبار بزانێت ئەگەر لەدەرەوەی بیرکردنەوەی ئەوانەوە بیر بکاتەوە؟

تالەم دواییانەوە خەڵك فێر بوو بڵێت: ئەوان پیاو بون و ئێمەش پیاو.

هەرچەندە ئەو مەقولەیە بەداخەوە تادرەنگانێك بێجگە لەقسەیەك هیچی تر نەبوو، تا دواتر کار بەڕادەیەك گەشت ڕەوانشاد م.ناسری سوبحانیی لەباسێکدا بوێریی کردوو گوتی: ئەگەر شافعی لێرە بوایە لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکرد، تا بزانەم ئەم قسەیەی لەکوێوە هێناوە!

ئێستا بەهۆی هەڵە خستنە ڕووی بۆچونەکانی سەلەفەوە و بێئاکام مانەوەی هەوڵی سەپاندنی هەژمونی کەلەپوور بەسەر عەقڵی خەڵکدا، کە لەبنەڕەتدا ئەوان بۆ ئێستایان نەگوتوە و نەنووسیوە، خەریکە بڵێم: هاوکێشەکە پێچەوانە بوەتەوە و هەموو قسەیەکی ناو کەلەپوور لەلایەن دەستەبژێری ڕۆشنبیرییەوە لێپرسینەوەی لەسەرە، من لێرەوە دەسخۆشیی لەو ئاراستە درووستە دەکەم و ئەو حاڵەتە بە نیشانەی بەسەرچوونی سەردەمی سڕکردنی عەقڵ و مژدەی بەئاگاهاتنەوەی ئوممەی محەممەدیی دەزانم.

**پ/ ئایا ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی نییە لە برەودان بە کەلەپووری ئیسلامیدا؟**

+ بێگومان ئایدۆلۆژیا و سیاسەت ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا، بەم پرسەشەوە، چوونکە کەم نین ئەوانەی لەسایەی ئەم کەلەپورە و بەدین کردنیدا، وەك وەکیل و نوێنەری خواوەند خۆیان سەپاندووە بەسەر بەندەکانی خوادا و ڕۆژانە بەرنامە و پلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی ئەو پێگە و خوان و (خوایەتییەیان) لەکیس نەچێت.

**پ/ ڕایەك بەپشت بەستن بە توێژینەوەیەك پێیوایە دەرکەوتنی نوێخواز لە هەر سەد ساڵێکدا، کە فەرموودەیشی لەسەرە، بنەمایەکی لۆژیکیی نییە، ناتوانرێت بەدیاریکراویی سەدە و ساڵێك بۆ دەرکەوتنی نوێخواز دیاریی بکرێت، تا نوێخواز دەربکەوێت، ئیمامی شەوکانیش ڕای وایە، بەڵکو پێویستە لەقۆناغێکدا کە دەشێ زۆر یان کەم بخایەنێت و بەسرووشتی قۆناغەکە کەسەکە بێتە بوون و بوونی دەرکەوێت، بەدەربڕینە هیگڵیەکە، ئەوسا نوێخوازێك دەربکەوێت، ڕات لەوبارەیەوە چییە؟**

+ بەتەواوەتیی هاوڕای ئەو بۆچونەم و لەگەڵ هەموار کردنەوەی بەردەوامدام بۆ هەموو یاسا و ڕێنومایەك چ ئایینی بێت، یان نائایینی، یان تەنانەت زانستیش، چوونکە لەهەموو بوارەکانی زانستدا، ساڵانە

یاخود لەکاتی پێویســـتدا نوێکردنەوە یان لانیکەم هەموار کردنەوە دەکرێت و ئەزمونەکان ڕای تازە دەهێننە بوونەوە.
سەبارەت بە ئایینیش، هەر خۆی زنجیرەی پێغەمبەران و ڕەوانەکردنیان و نەسخکردن و هەموار کردنەوەی شەریعەتەکانیان بە یەکتر و بەدوای یەکتردا، بەڵگەیەکی ڕوونە لەســەر گەشــەی ئاســتی مەعریفیی مرۆڤ، کەلەژیانێکی ســـەرەتایی نانیشـــتەجێ و کێونشـــین و گیاخۆرەوە، گەشتووەتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ کە دەتوانێت ئەوە بکات کە پێویستیەتی و پێویستە بکرێت.
دیسان ئەم باسەش دەمان باتەوە ناو باسی چەق بەستن لە ڕابوردوودا، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە: پێویســـتە مرۆڤ لەهەر ســـەردەمێکدا ژیا، بۆ سەردەمەکەی خۆی بژیی و عەقڵی دەستەجەمعیی هاوچەرخ زاڵ بێت بەســەر ژیاندا، نەك ژیریی و بەرهەمی مەعریفیی کەسـانێك کەئێســتە لەژیاندا نەماون بکرێنە حاکم و یاســادانەر و ســێبەری خوا بەســەر خەڵکەوە، کەئەگەر ئێستە ئەو کەسانە بێنەوە ناو ژیانی ئەمڕۆ، بێگومان ئەوان پرسـیار لەئێمە دەکەن لەبارەی هەزاران پرســی تازەوە، کەئەوان بەخەویش خەیاڵیان بەلایدا نەچووە.

**پ/ بەو پێیەی هزری دینی تێگەیشتنە لە تێکست و هەڵگۆزینی یاسایە لەنیگا، هزری ئایینیش لێکدانەوەی تەفســیری مرۆییە بۆ دین، وەك بیرمەندی ئێرانی شەبستەری و ڕووناکبیری کورد ڕێبوار سیوەیلیش پێیان وایە، پێویســتە کار لەســەر کامیان بکرێت و چۆن پەرە بە هزری دینیی بدرێت؟**

+ بەدڵنیاییەوە هزری دینیی تێگەیشـــتنە لەدەقی دینیی، بەڕێزیشـــت جوانت داڕشتووە کە دەڵێیت: هەڵگۆزینی یاسایە لە نیگا.

لێرەدا و لەوەڵامی ئەم پرســیارە جوانەدا، دەمەوێت باســێك لەدین و چییەتی دین بکەم و جیاکارییەك بکەم لەنێوان دیندا وەك (دین)، لەگەڵ شەریعەتدا.

هەرچەندە لەڕووی زمانەوانییەوە بە یاسا پێناســە کراوە، بەڵام: ئەوەی من لێی تێبگەم دین، ئەو پەیوەندییە ڕۆحیەیە کەهەر مرۆڤێك بۆ خۆی و لەو ڕێگەیەوە ڕوودەکاتە خوای خۆی و دەکەوێتە ڕاز و نیاز لەگەڵ خوای خۆیدا، دواتر ئەو کەســە چۆن لە خواوەند تێگەیشــت، ئەو تێگەیشــتنەی دەبێتە هزری دینیی بۆ ئەو، بۆ کۆمەڵگە و ژیریی دەســتە جەمعیش هەروایە.

بەڵام شــەریعەت بریتییە لەهەموو ئەو ڕێنمایی و یاســاو بڕیارانەی کە پەیامی پەیامهێنەکە یا شــەرعی موشــەریعەکە یان یاســای وڵات و کۆمەڵگەکە لەخۆیان دەگرێت.

کەواتە: دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پێویستە کار لەسەر دووەمیان بکرێت، واتە: لێکدانەوە و تێگەیشــتنە مرۆییەکە بۆ دەق و تێکســتە پیرۆزەکان، چوونکە ڕاسـتە تێکسـتەکان لەڕووکار و دارشـتن و بونیادی زمانەوانییدا گۆڕانییـان بـەســـەردا نـایـەت، بـەڵام واتـا و دەلالاتی نـاوئـاخن و موحتەواکانیان لەگۆڕان و جوڵەی بەردەوامدان، وەك چۆن خواوەند دەفەرموێت:(وفوقَ کُلِّ ذي عِلمٍ عَلیم).

بەڵگەی ئەم ڕاســتیەش ئەو ســەدان ئایەتەیە کەبەردەوام مرۆڤایەتیی لەڕێگەی داهێنانی زانســتییەوە پەی بەواتاکانیان دەبات، یان بەڕێنمایی ئایەتێك ڕێی لە داهێنانێکی زانستیی و یاسایەکی گەردوونی دەکەوێت.

هەر لـەم بارەیەوە بەپێویســتی دەزانم ئەوەش بڵێم کە لـەناو دەق و تێکســتە ئاســمانیەکاندا تەنها ئەوبەشــەیان هی ئەوەیە کەیاســای ســەردەمیان لێ هەڵگۆزرێت کە بەیاســا ئەبەدیەکان یان ڕاســپاردە و وەســیەتەکان ناو دەبرێن، لەدرێژایی مێژوودا هەرســەردەمە و بەپێی

ئاســتی مەعریفیی خۆی، مرۆڤایەتیی لێیان ســوود مەند دەبێت، وەك بەڕێزت ناوت ناوە (هەڵگۆزینی یاسا لەنیگا).

**پ/ ئایا نەبوونی پرۆژەی نوێخواز و تیژی بیرمەند و هەڵوێستی رۆشنبیرانی ئیسلامییە، کەلتوور تێکەڵ بە کەلەپوور و بەشێك لە تێکستی دینی کراوە، تەنانەت بووەتە بەشێك لە خودی دین و هەندێك زانای ئایینیش دەکەونە ئەو هەڵیەوە و بە پیرۆز سەیری ئەو حاڵەتە دەکەن، گەر وایە چۆن چارەسەر بکرێت و جیا بکرێتەوە؟**

+ دەسخۆش بەڕاستی حاڵەتەکەت جوان وێنا کردوە و پرسیارێکی ڕۆح سوکت لێ دەرهێناوە.

بۆیە منیش بەکورتیی دەڵێم: پرۆژەی هاوچەرخ زانای بوێر و ڕۆشبیری لێهاتوی هەن و دەسبەکاریشن، ئامادەی پێشکەش کردنی دەرخستەی جێگرەوە و تەرحی بەدیلیشن، بەڵام لەبەر کەڵەکە بوونی مێژوو و پشتیوانیی دەسەڵات و زۆریی ژمارەی ئەو کەس و دەست ودامەزراوانەی کە بەهۆی تێپەڕبوونی مێژووەوە بوونەتە دەمڕاسی خەڵك و هەم بەهۆی داکۆکییشیانەوە لەپێناو بەرژەوەندییە مادیی و دەسکەوتە دونیاییەکانیان، جارێ دەنگی ئەوان زاڵترە بەسەر پرۆژەی هۆشیارکردنەوە و نوێخوازیەکەدا.

لای بەڕێزت و زۆرێك لەخوێنەرانیش ڕوونە کە نزیکەی نیو سەدەیە نووسەر و بیرمەند و ڕۆشنفکرانی ئوممە، کەوتونەتەخۆ و دەیان و سەدان کتێب و بابەتیان لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆری وەك: (الأصالَةُ والمُعاصَرَة، تجديدُ الفِكر الإسلامي، مشروع القِراءَةِ المُعاصِرة للتنزيل الحكيم، أُصولُ الفِقه في نَسيجِه الجَديد... الخ) یان نووسیون و لە دەیان ناوەندی زانستیی و کۆنگرەی جیهانیی و هەرێمایەتیی و کەناڵی میدیایی و ئەلەکترونییەوە، ئەم باسە خراوەتە بەر گفتوگۆ و هەنگاوی باشیشی بڕیوە، تاکە ڕێگر و ئاستەنگی بەردەم گەشەسەندن و بەئاکام

گەیشتنیشی، تەنها: هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندیی ئەو دەزگا و لایەن و کەسانەیە کە هەریەکە و بەناوێکی فریودەرەوە، لەسایەی غەفڵەتی خەڵکەوە بازاڕی خۆیان گەرم دەکەن و فرعەون ئاسا بەخەڵکە داماوەکە دەڵێن: (إني أخاف أن يُبَدِّل دينَكُم أو أن يُظهرَ في الأرضِ الفَسَاد) غافر/٢٦.

دواتر هۆکاری لاوازی تەوژمە نوێخوازەکەیە کەناتوانێت لەڕێگەی پەرلەمان و دامەزراوەی فەرمیی و جێمتمانەی خەڵکەوە هەوڵ و هەنگاو و پرۆژەکانی بچەسپێنێت و بیانکاتە یاسا، تالەوێوە دەسەڵاتی جێبەجێکار وادار بکات بە جێبەجێ کردنیان.

**پ/ بەدرێژایی مێژوو تێگەیشتنی باو و نەریتیانەڕوانین بۆ دین زاڵ بووە بەسەر تێزی هزرمەندان و فەیلەسوفاندا، تەنانەت ڕوبەڕووی ڕەخنە و هەڕەشە و کوشتنیش بوونەتەوە، چۆن ڕا و دیدی درووستی دەستەبژێر زاڵ دەکرێت بەسەر ئەو ڕەوتە گشتییە و بیرکردنەوەی ڕەشە خەڵکدا؟**

وابزانم لەوەڵامی پرسیاری پێشودا وەڵامی بەشێك لەم پرسیارەشم دایەوە، ماوەتەوە بڵێم: هاوڕاتم لەوەدا کە هەمیشە ڕای ڕەشۆکیی و باو، زاڵ بووە بەسەر ڕای نوخبە و دەستە بژێردا، تەنانەت ئەم خوێندنەوەیە بۆ پێغەمبەرانیش ڕاست دێتەوە و ئەوانیش هەمیشە خۆیان و بیروڕا و پەیامەکانیشیان بە نامۆیی و غەریبی ماونەتەوە و ژیاون، بەڵام هۆکار هەر ئەوە بووە کەپێشتر باسمان کرد: دەسەڵات و لایەنی سوود مەند و بێئاگایی زۆرینەی خەڵك.

بەڵام دواجار من گەشبینم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەهەوڵی دڵسۆزانی وەك بەڕێزتان و هۆشیاریی زۆربەی ئایین پەروەران و پێشەنگان و مامۆستایانی دڵسۆزی ئاینیەوە، ئەم پرۆسەیە هەنگاوی باشی ناوە و ئایندەشی گەشاوە دەبینم.

لەکۆتایدا سوپاستان دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان پێبەخشیم

## ئیبراهیم میکه عەلی

✍لەدایك بووی ساڵی ( ١٩٦٧) ی گوندی (گوڵپ) ی سەربە ناحیەی (بیارە) ی هەورامانە.

✍خێزاندارو باوکی (٨) منداڵە، چوار کچ و چوار کوڕ.

✍بڕوانامەی زانستیی و بەکالوریوسی هەیە لە بواری زانستە شەرعیەکاندا و خوێندکاری ماستەرە لە کۆمەڵناسیدا.

✍تەمەنێکە سەرقاڵی خوێندنەوە و نوسین و وەرگێڕانە، لە بواری هزری ئسلامیدا، ئێستاش مژوڵ و سەرقاڵی توێژینەوە و نووسین و وەرگێڕانە لە هزری ئایینیدا.

✍خۆی بەدوور دەگرێت لە دەمارگیریی و قەناعەتی تەواوی هەیە، وەك چۆن ئەو ئازادە، ئەوانی تریش ئازادن لە بیرکردنەوە و دەربڕینیاندا، بەرێز گرتن لە حەریمی بەرانبەر.

✍خاوەنی دونیا بینیی و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەتی و زیاتر لە (٢٠) بەرهەمی چاپکراوی گەورە و بچوکە لەنووسین و وەرگێڕان.